50

# دەربارەی

# وەزیفەی گشتی

وەڵام و ڕوونکردنەوەی پەنجا پرسیار و بابەتی تایبەت بە وەزیفەی گشتی

لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان و بنەما یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییەکاندا


مافپەروەر

عەبدولقادر سالح عەبدول

دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی




# دەربارەی
# وەزیفەی گشتی

وەڵام و روونکردنەوەیە بۆ پەنجا پرس و بابەتی تایبەت بە وەزیفەی گشتی
لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و بنەما یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییەکاندا

**( کتێبی سێهەم)**


**مافپەروەر**

**عەبدولقادر سالح عەبدول**

**دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی**



**سلێمانی ٢٠١٩**

# بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

====================

- ناوی کتێب : دەربارەی وەزیفەی گشتی

- نووسەر: عەبدولقادر سالح عەبدول

- چاپ: چاپی یەکەم

- چاپخانە: چاپخانەی یاد

- تیراژ: ٥٠٠ دانە

- ساڵ: ٢٠١٩

- ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٢٦) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە .

بەسوپاسێکی زۆرەوە

ئەم پەرتووکە لەسەر ئەرکی پارێزگای هەلەبجە چاپکراوە

مافی لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێشەکی

سوپاس بۆ خوای میهری مەزن  کە تەمەن و توانای پێبەخشیم تا بەرگی سێهەمی پەرتوکی (دەربارەی وەزیفەی گشتی ) تەواو بکەم، کە بەهەمان شێوە وەڵام و روونکردنەوەیە دەربارەی پەنجا بابەت و پرسی تایبەت بە وەزیفەی گشتییە ، ئەم بەرگە و هەردوو بەرگەکەی پێشووش خوێندنەوە و شرۆڤەی بابەتە کارگێریی و یاساییەکانی بواری وەزیفەی گشتییە لە روانگەی قەزای کارگێڕیی ولە چوارچێوەی فەتواو بڕیارەکانی ئەنجومەنی دەولەی عێراقی و دادگای باڵای کارگێڕی و ئەنجومەنی شورای هەرێم ودەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، بەو مانایەی ئێمە وەک رەوتی کاری نووسین و شرۆڤکاریمان هەمیشە لە روانگەی بۆچوون و لێکدانەوەی قەزای کارگێڕییەوە تاوتوێی دەقی یاسا و رێنماییەکانی تایبەت بە وەزیفەی گشتی دەکەین و بواری جێبەجێکردنەکانیان دەخەینەڕوو کە رەنگە لە هەندێک دۆخدا یەکانگیر نەیەتەوە لەگەل ئەو عورفە ئیدارییەی پێشتر پەیرەوکراوە و وەک بابەتێکی نوێی بێتە پێش چاو و بە ئاسانی قبوڵ نەکرێت، بەڵام ئێمە بڕوامان بەراستی ئەم ئاراستەیە هەیە چونکە دواتر لە حاڵەتی دروستبوونی هەر ناکۆکی و لێکدانەوەیەکی جیاواز دەربارەی ئەو دەقە یاساییانەی بواری وەزیفەی گشتییان رێکخستووە، ئەوا قەزای کارگێڕیی سەنگی مەحەکە بۆ ساغ کردنەوەی بابەتەکە و پێشکەشکردنی لێکدانەوەی دروست لەو بارەیەوە ، بۆیە ئێمە لەم پەرتوکە و سەرجەم پەرتووکەکانی دیکەشمان کە دەربارەی وەزیفەی گشتی نووسیومانەوە لەم روانگەیەوە کارمان کردووە و بۆچوون و بریار و لێکدانەوە و فەتواکانی ئەنجومەنی

دەولە و ئەنجومەنی شورای هەرێم و قەزای کارگێڕیی هەردوو لامان بە سەنگی مەحەک داناوە بۆ راستی و دروستی بۆچوون و لێکدانەوەکان .

لەم بەرگەشدا پەنجا پرس و بابەتی دیکەی کارگێڕیمان خستۆتەروو، کە تایبەت بەو کێشە و گرفت و پرسانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان رووبەرووی ئیدارە و فەرمانبەرانی کارگێڕیی و یاسایی دەبێتەوە ، بەو هێوای توانیبێتمان خزمەتێکمان پێشکەش کردبێت.

لە کۆتاییدا جێگەی خۆیەتی سوپاس و پێزانیم دووپات بکەمەوە بۆ زۆر بەرێزجەنابی مامۆستا (ئازاد تۆفیق) پارێزگاری هەڵەبجە، کە جەنابیان رەزامەندیان دا لەسەر چاپکردنی ئەم بەرگەی پەرتووکەکەمان لەسەر ئەرکی پارێزگای هەڵەبجەی خۆشەویست، هیوای تەندروستی و سەلامەتی بۆ دەخوازم، هەروەک سووپاس و پێزانیم دووپاتدەکەمەوە بۆ تەواوی ئەو هاورێ خۆشەویستانەی لەم بوارەدا هاوکارییان کردین و هەوڵی سەرخستنی کارەکەیان دا..

لەگەڵ دووپاتکردنەوەی رێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو لایەک.

**مافپەروەر**

**عەبدولقادر سالح عەبدول**

**دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی**

**١٦/تشرینی دووەمی ٢٠١٩**

# نـــــاوەرۆک


| ز | ناوەرۆک | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | کاتێك ئیدارە بڕیاری سزادان لە فەرمانبەر دەشارێتەوە و وێنەی بڕیارەکەی ناداتێ؟ | ١ |
| ٢ | ناردنی راپۆرتەکانی دیوای چاودێری دارایی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەریان و چەند سەرنجێکی قانونی. | ٣ |
| ٣ | سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لە لێکۆڵینەوەی سزایی | ٦ |
| ٤ | ئایا رێگە پێدراوە پاش پەسەندکردنی کۆنووسی لێکۆڵینەوە، دووبارە لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لە هەمان دۆسیە بکرێتەوە ؟ | ٨ |
| ٥ | خۆگرتنەوەی (امتناع) فەرمانبەر لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی | ١١ |
| ٦ | فەرمانبەر لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی مەحکومە بەچی؟ | ١٤ |
| ٧ | سەبارەت بەسەرمووچە و پێوەری هەڵسەگاندنی فەرمانبەرو سوپاس وپێزانین | ١٦ |
| ٨ | ماوەی پۆستی پلە تایبەت(سەرۆکی زانکۆ یان راگری کۆلیژیان پەیمانگا بە نمونە) | ١٩ |
| ٩ | گەرهاتوو خانمە فەرمانبەر لە ماوەی مۆڵەتی خوێندندا دووگیان بوو پێویستی بە مۆلەتی لە دایکبوون و دایکایەتی بوو چی بکات؟ | ٢٢ |
| ١٠ | ئایا دەکرێت فەرمانبەر سوپاس و پێزانین ئاراستەی خۆی بکات؟ | ٢٤ |
| ١١ | ئایا پێدانی دەسەڵاتی سوپاس وپێزانین لە لایەن وەزیرەوە بەشبەش دەکرێت؟ | ٢٧ |
| ١٢ | دواخستنی جێبەجێکردنی ئاسەواری سوپاس و پێزانین لەلایەن ئیدارەوە | ٣٢ |
| ١٣ | ئەنجومەنی پارێزگاکان و چاودێری مەشروعیەت (رقابة المشروعیة) | ٣٥ |
| ١٤ | ئایا راگری کۆلیژ یان پەیمانگا دەسەڵاتی بەرزەفتەکاریی هەیە؟ | ٣٨ |
| ١٥ | هەواڵەکردنی مامۆستا بۆ خانەنشینی و ئەژمارکردنی پاداشت و مووچەی پشووی هاوینە | ٤١ |
| ١٦ | جارێکی دیکە دەربارەی رۆڵی ئەندامی داواکاری گشتی لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیدا. | ٤٣ |
| ١٧ | رێگەپێدراوە فەرمانبەرلەیەك کاتدا فەرمانبەری هەمیشەیی وگرێبەست بێت؟ | ٤٦ |
| ١٨ | ئایا لیژنەی لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی هەیە حوکمەکانی یاسای لێبوردنی گشتی جێبەجێ بکات بەسەر فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە ؟ | ٤٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | دەربارەی مۆڵەتی دایکایەتی | ٥٢ |
| ٢٠ | مافی خانەنشینی و لێکدانەوەی وەزارەتی دارایی | ٥٥ |
| ٢١ | ئایا ئەوانەی وەزیفەیەکی پلە تایبەت بەڕێوەدەبەن ملکەچ دەبن بۆ ماوەی ئەزمونی؟ | ٥٨ |
| ٢٢ | ڕێسا گشتییەکانی بەڕێوەربردنی پۆست بە وەکالەت. | ٦١ |
| ٢٣ | ئایا فەرمانبەر دەتوانێت مۆڵەتی نەخۆشی بپچڕێنێ و دەستبەکارببێتەوە؟ | ٦٤ |
| ٢٤ | ڕاگرتن (توقیف) و بەندکردن (حبس) و زیندانی کردنی (سجن) فەرمانبەرن و تەکییفی یاسایی لەلایەن ئیدارەوە | ٦٦ |
| ٢٥ | ئایا ئەو سوپاس و پێزانینەی کە پارێزگار ئاراستەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆی دەکات ئاسەواری یاسایی دەخاتەوە؟ | ٦٩ |
| ٢٦ | تەکییفی دابرانی فەرمانبەر لە وەزیفە | ٧١ |
| ٢٧ | غیابوونی فەرمانبەر ئاسەوار و لێکەوتە یاساییەکانی | ٧٣ |
| ٢٨ | حوکمی غیاب و تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕۆژانی پشوو | ٧٥ |
| ٢٩ | کێ سزای فەرمانبەرانی پلە تایبەت دەدات؟ | ٧٧ |
| ٣٠ | ئایا دەستکەوتنی کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەلایەن فەرمانبەری سزادراوەوە سەرپێچی بەرزەفتکارییە؟ | ٧٩ |
| ٣١ | ئەژمارکردنی ڕاژەی دوای تەمەنی یاسایی خانەنشینی. | ٨٢ |
| ٣٢ | خانەنشین بوونی نائاسایی و خەرجکردنی مووچەی خانەنشینی | ٨٥ |
| ٣٣ | چۆن مامەڵە لەگەل فەرمانبەرێکی قەرزار بکەین کە خانەنشین دەبێت؟ | ٨٨ |
| ٣٤ | فەرمانبەری فەسڵکراو چۆن دەگەڕێتەوە سەر وەزیفە؟ | ٩١ |
| ٣٥ | کورتەیەك دەربارەی ئەحکامەکانی تەنسیب. | ٩٥ |
| ٣٦ | پوختەیەك لەسەر بوونی دەسەلات یان تایبەتمەندی (الأختصاص) لە ئەنجامدانی کاری یاساییدا | ٩٨ |
| ٣٧ | ئیشکالیەتە یاساییەکانی تاوانی ئابڕوبەر و عەزلکردنی فەرمانبەر | ١٠١ |
| ٣٨ | لە کاتی وتەدان لە بنکەی پۆلیس یان دادگای تایبەتمەند ، فەرمانبەری یاسایی سوێندەدریت؟ | ١٠٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٩ | بۆ فەرمانبەرێك كە لەبەر هەر هۆیەك كۆتایی بە راژەكەی هاتبێت دامەزراندن (التعیین) باشە یاخود دووبارە دامەزراندنەوە(اعادە التعیین) | ١٠٨ |
| ٤٠ | فەرمانبەری گرێبەست و چۆنیەتی سزادانی | ١١٠ |
| ٤١ | ماوەی خزمەتی فەرمانبەری گرێبەست بۆ چ مەبەستێك ئەژمار دەكرێت؟ | ١١٣ |
| ٤٢ | سەبارەت بە مۆڵەتی نەخۆشی فەرمانبەران | ١١٧ |
| ٤٣ | ماوەی یاسایی بۆ دەستبەكاربوونەوەی فەرمانبەری راگیراو و فەسلكراو | ١٢٠ |
| ٤٤ | مەرجە شكلییەكانی سزادانی فەرمانبەر | ١٢٣ |
| ٤٥ | گرفتەكانی دەسەلات (الاختصاص) لە سزادانی فەرمانبەردا. | ١٢٧ |
| ٤٦ | ئایا بەرێوەبەری ناحیە دەرماڵەی مەترسی یاسایی دەیگرێتەوە ؟ | ١٣٠ |
| ٤٧ | ئایا بڕوانامەی خوێندن بە شایەت دەسەلمێنرێت؟ | ١٣٢ |
| ٤٨ | دەربارەی پاساوی بەجێ (العذر المشروع) بۆ دابڕانی فەرمانبەر لە وەزیفە. | ١٣٤ |
| ٤٩ | میكانیزمی دابەزاندنی دەسەلات لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە | ١٣٨ |
| ٥٠ | دەربارەی ئەژماركردنی بڕوانامەی بەدەستهاتوو لە ماوەی مۆڵەتی هاوڕێیەتیدا | ١٤٠ |
| ٥١ | سەرچاوەكان | ١٤٣ |

# (١)

## کاتێك ئیداره بڕیاری سزادان له فه‌رمانبه‌ر ده‌شارێته‌وه و وێنه‌ی بڕیاره‌که‌ی ناداتێ؟

لەهەندێك لەدائیرەکاندا ، ئیدارە بەدەر لە یاسا سزای فەرمانبەر دەدات و تەنانەت ئامادەش نیە کە وێنەیەك لە بریاری سزادانەکە بدات بەو فەرمانبەرەی کە سزای داوە و تەنها بە زارەکی بریارەکەی پێرادەگەیەنێت، لێرەدا دەپرسین تا چەند ئەم کارە یاساییە و تا چەند لەبەرژەوەندی ئیدارەیە یان فەرمانبەرەکەیە؟

بێگومان هەموو کارێك کە ئیدارە دەیکات دەبێت کاری یاسایی بێت و پاڵپشت بێت بەبەڵگەیەکی قانونی ، بەپێچەوانەوە ئەوا کارەکەی بە نایاسایی دادەنرێت و قابیلی هەڵوەشاندنەوە و تەنانەت ئەگەر لەو بەرەنجامەوە فەرمانبەرەکە زەرەرمەندبوویت ئەوا دەتوانێت لەرێگەی دادگای تایبەتمەندەوە داوای قەرەبوو لە ئیدارە بکات.

هەروەها کاتێك فەرمانبەر سزا دەدرێت، پێویستە بە گوێرەی ئەو بنەماو رێککارانەبێت کە یاسای تایبەتمەند دایناوە، رێگەپێدراو نییە کە ئیدارە بەدەر لە یاسای تایەبتمەند سزای فەرمانبەر بدات، کاتێکیش کە سزای دا، ئەوا پێویستە دەسەلاتی کارگێڕیی فەرمانبەرەکە بانگ بکات و بە وردی بڕیاری سزادانەکەی بۆ روون بکاتەوە و هەروەها بە شێوەی نوسراوی تەبلیغی فەرمانبەرەکە بکات بە بریاری سزادانەکە لەگەل روونکردنەوەی مافی فەرمانبەرەکە لە چۆنیەتی پێشکەشکردنی دادخوازی (تظلم) و تانەدان لە بریاری سزادانەکە و لەم کاتەشدا دەبێت دەسەلاتی ئیداری تەواوی رێوشوێنەکان بۆ فەرمانبەرەکە روون بکاتەوە هەروەك مادەی (١٠/ چوارەم) لە رێنمایی رەفتاریی پیشەیی بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ ی دەستەدەستپاکی هەرێمدا هاتووە، خۆ گەرهاتوو ئیدارە بەپێچەوانەوە

کاری کرد، ئەوا لێرەدا چەند ئاسەوارێك لە دژی بەرژەوەندی ئیدارە دەکەوێتەوە:

**یەکەم:** ماوەی تانەلێدان لەبەردەم فەرمانبەرەکە لە بریاری سزادانەکەی بە کراوەیی دەهێلێتەوە تا ئەو کاتەی کە تەبلیغ دەبێت بە بریاری سزاکە ئیتر بە تەبلیغ بوونی فەرمی بێت یاخود بە عیلمی یەقینی. تەنانەت ئەگەر چەندین ساڵیشی بەسەردا تێپەڕی بێت چونکە ئەرکی سەلماندنی پێراگەیاندنی بریاری سزادان لە ئەستۆی ئیدارەیە و دەبیت لەبەردەم قەزا بەرواری پێراگەیاندنەکە بسەلمێنێ.

**دووەم:** ئیدارە بە شاردنەوە و پێرا نەگەیاندنی بریاری سزادانەکە، سەرپێچی یاسای کردووە بەتایبەت ئەحکامی ماددەی (١٥)ی یاسای بەرزەفتەکردن و هەروەها ماددەی (١٠/ چوارەم) لە رێنمایی رەفتاری پیشەیی بۆ فەرمانبەران ، کە ئەمەش ئیدارە و فەرمانبەری تایبەتمەند دەخاتە بەردەم لێپێچینەوەی یاساییەوە.

**سێهەم:** لەبەرەنجامی ئەم کارەی ئیدارەوە ، گەربێتو فەرمانبەرەکە زەرەرمەندبوبیت ئەوا دەتوانێت بە داوای قەرەبوو بگەرێتەوە سەر دائیرەکەی.

بۆیە باشتر وایە و ئەرکی وەزیفی و قانونی سەرشانی فەرمانبەری تایبەتمەند و ئیدارەیە کە لە حالەتی دەرکردنی سزای فەرمانبەر، ئەوا بەشێوەی نوسراو فەرمانبەرەکە لە بریاری سزادانەکە ئاگادار بکرێتەوە و تەواوی رێوشوێنەکانی پێشکەشکردنی دادخوازی و هەروەها رێککارەکانی دیکەی تانەدانی بۆ روون بکرێتەوە.

# (٢)

## ناردنی راپۆرتەکانی دیوای چاودێری دارایی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەریان و چەند سەرنجێکی قانونی

زۆرجار ئەوەمان بیستووە یان بینیومانە کە لەسەر بنەمای راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر وەزارەتێك یان بەرێوەبەرایەتییەکی دیاریکراو پێکهاتووە ، بێگومان فەرمانی لیژنەکەش لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە ، لێرەدا و بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئەم بابەتە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو هەموو جۆرە لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە و پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دراوە بە وەزیری تایبەتمەند لە چوارچێوەیی وەزارەتەکەیدا بۆ ئەم مەبەستەش یاسادانەر دەستەواژەی وەزیری تایبەتمەندی (الوزیر المختص) بەکارهێناوە ، ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستییە کە رێگە پێدراو نییە لە دەرەوەی وەزارەت، دەسەلاتێکی دیکە لیژنەی لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە و سزای فەرمانبەرانی وەزارەتێکی دیاریکراو بدات لەبەر رۆشنایی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٤/دووەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە گرتنەبەری رێککاری یاسایی دەرهەق بە فەرمانبەران گرێدراوە بە فەرمانبەرانی سەر بەئەنجومەنی وەزیران و تەنها لە یەك حاڵەتدا ئەنجومەنی وەزیران (نەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) دەسەلاتی سەپاندنی سزای بەرزەفتکاری هەیە بەسەر فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی دیکەدا، کە لە ئەحکامی ماددەی (١٢/دووەم) ی یاساکەدا

هاتووه بۆ ئەو حاڵەتەی گەرهاتوو لە میانەی لێکۆڵینەوەوە بۆ وەزیر دەرکەوت کە ئەو فەرمانبەرەی پۆستی بەرێوەبەری گشتی و بەرەو سەری پڕکردبووەوە پێشنیاری سزایەکی بۆ کرابوو کە توندتر بوو لە سزاکانی (سەرنج راکێشان و ئاگادارکردنەوە ـ الانذار ـ و موچە برین) ، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە بابەتەکە بخاتە بەردەستی ئەنجومەنی وەزیران و پێشنیاریش لە خۆی بگرێت بەسەپاندنی ئەو سزایانەی کە لەم یاسایەدا دەقی لەسەر هاتووە.. ئەمەش تاکە بەدەرکردنە لەسەر دەسەلاتەکانی وەزیری تایبەتمەند بۆ سەپاندنی سزاکانی هاتوو لە ماددەی (٨)ی یاساکە بەسەر سەرجەم فەرمانبەرانی وەزارەتەکەیدا.

**سێهەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٦/ سێهەم ، چوارەم ، پێنجەم) لە یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، سەرۆکی دیوانی لە کاتی بەدواداچوون کارکردن لەسەر راپۆرتی دەستەکاندا، دەسەلاتی پابەندکردنی وەزارەتی تایبەتمەندی هەیە بەپێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر فەرمانبەرەکانی کە سەرپێچییان ئەنجام داوە یان (تضمین) کردنی فەرمانبەرەکانی یان گرتنە بەری رێککاریی یاسایی لە دادگا لە دژیان ، واتە لێرەدا یاساکە رێگەی نەداوە لەرێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە رێککارەکانی بگرێتە بەر، بەڵکو بابەتەکەی گەراندۆتەوە بۆ وەزارەتی تایبەتمەند نەك ئەنجومەنی وەزیران.

**چوارەم:** لە هیچ یەك لە ماددەکانی یاسای دیوانی چاودێری داراییدا ، یاساکە بە دەقێکی راشکاوانە ئاماژەی بەوە نەداوە کە راپۆرتەکانی دیوان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بەمەبەستی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر وەزارەتەکان و تەنها ئەوەی لەم بارەیەوە هاتووە ئەوەیە کە لە ئەحکامی ماددەی (نۆیەم)ی یاساکەدا هاتووە کە دیوان راپۆرتەکانی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکات بەمەبەستی خستنەرووی تێبینییەکانی خۆی لەسەر بارودۆخی دارایی و

کارگێڕیی و ئابووری وەزارتەکان لەگەڵ خستنە رووی کورتەیەك لە کاروچالاکییەکانی دەستەکە یان هەر بابەتێکی گرنگی دیکە کە لە بواری چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی کارگێڕیی و ئابووری و دارایی بێتە پێشەوە ، واتە لێرەدا مەبەستەکە بە دەقی یاسا دیاریکراوە. لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە و لەبەر رۆشنایی هەردوو یاسایی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و هەروەها یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٠٨ و لە روانگەی پاراستنی (مبدا المرؤسية) ریزبەندی هەرەمی و دروست نەبوونی فرە مەرجەعیەت لە لێپرسینەوەی فەرمانبەراندا ، برواماں وایە کە ناردنی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بنەمای پێشنیاری دەستەکانی چاودێری بەمەبەستی پێکهێنانی لیژنە لەبارەیانەوە لەسەر وەزارەتەکانی دیکە بنەمای یاسایی نییە و لەرووی یاساییەوە لەکەدار دەبێت بە لەکەی نەبوونی تایبەتمەندی (عيب عدم الإختصاص).

## (٣)
## سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لە لێکۆڵینەوەی سزایی

هەندێکجار رەنگە فەرمانبەر سەرپێچییەك ئەنجامبدات کە لە یەك کاتدا سەرپێچی بەرزەفتەکاری و هەروەها سەرپێچی سزایی دروست دەکات، بۆ نمونە وەك تاوانی بەرتیلخۆری یان ساختەکردن ، لەم کاتەدا رەنگە ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئایا دائیرەی فەرمانبەرەکە پێویستە لێکۆڵینەوە لە بابەتە رابگرێت تا دۆسیە سزاییەکە لە دادگا یەکلایی دەبێتەوە یان بەردەوام بێت لەسەر لێکۆڵینەوە کارگێڕییەکەی و لەسەر ئەو بنەمایەش سزای بەرزەفتەکاری بسەپێنێ بەسەر فەرمانبەرەکەدا ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، یاسادانەر لە ئەحکامی ماددەی (٢٣) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو، وەڵامی کۆتایی و بنبڕی بەم پرسیارە داوەتەوە کە هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند و بێتاوان دەرچوونی یان ئازادکرانی لە پای ئەو دۆسیەی پێی هەواڵەی دادگا کراوە، نابێتە رێگر لەبەردەم سەپاندنی یەکێك لەو سزایانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە، بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە لە خوارەوە روونکردنەوەی پێویستە دەخەینەڕوو :

گەرهاتوو فەرمانبەرێك تۆمەتبار کرا بەوەی کە دیاری یان قەرزێك یاخود بەخششێك یان کەڵك و سوودێکی لە موراجعێك وەرگرتووە، لەم بارەیەشەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لێکۆڵینەوەی تەواوی لە دۆسیەکە کرد و سەلمێنرا بۆ لیژنەکە کە ئەو کارەی فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە دەکەوێتە ژێر تەکییفی یاسای ئەحکامی ماددەی (٥/ یانزەیەم) لە یاسای بەرزفتەکردن و تەواوی پایەکانی سەرپێچی بەرزەفتکاری تێدا بەدیهاتووە ، ئەوا لەم کاتەدا دەسەڵاتی کارگێڕیی

دەستی کراوەیە لە سەپاندنی سزای گونجاو بەسەر فەرمانبەرەکەدا بێ ئەوەی چاوەڕێی یەکلابوونەوەی تەکییفە سزاییەکە بکات بۆ کاری فەرمانبەرەکە لەلایەن دادگای سزاییەوە کە ئەمەش جێبەجێکردنێکی تەواوی ئەحکامی ماددەی (٢٣)ی یاساکەیە کە لە سەرەوە دەقەکەیمان هێنا و ئەنجامی لێکۆڵینەوە سزاییەکە تەنانەت ئەگەر بەبێتاوان دەرچوونی فەرمانبەرەکەش بێت لەرووی سزاییەوە ، هیچ شوێنەوارێك لەسەر سزا بەرزەفتەکارییەکە ناخاتەوە و فەرمانبەرەکە سزا بەرزەفتەکارییەکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، چونکە ئەو سزا بەرزەفتەکارییەی سەپێنراوە بەسەر فەرمانبەرەکەدا لە تەواوی رووەکانی کارەکە و تەکییفەکەی و سروشتەکەی و لێکۆڵینەوەکەیەوە ملکەچە بۆ یاسای بەرزەفتەکردن و تەواو سەربەخۆیە لە تاوانە سزاییەکە و تەکییفەکەی و سروشتەکەی و لێکۆڵینەوەکەیەوە .هەروەك لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێڕیی لە عیراق لە بڕیاری ژمارە (٦٨٠/ قەزای فەرمانبەران/پێداچوونەوە /٢٠١٤ لە ٢٠١٦/٣/١٧) جەختی لەسەر کردۆتەوە [١].

لەسەر ئەم بنەمایەش رێگە پێدراو نییە کە هیچ یەك لەو دوو لێکۆڵینەوە لەسەر یەکتر رابگیرێن بە مەبەستی یەکلا بوونەوەی لایەکیان بۆ یەکلابونەوەی لایەکەی دیکەیان وەك زۆر جار ئەم بابەتە لە دادگا سزاییەکانی هەرێمدا بەرچاو دەکەوێت.

---

[١] قرارات مجلس الدولة و فتاواه لعام٢٠١٦ ،ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٧، ص٣٨١.

## (٤)

## ئایا ڕێگە پێدراوە پاش پەسەندکردنی کۆنووسی لێکۆڵینەوە، دووبارە لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لە هەمان دۆسیە بکرێتەوە ؟

هەندێکجار ئەو پرسیار دەکرێت کە ئایا ڕێگەپێدراوە دووبارە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەیەك بکرێتەوە کە پێشتر لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کراوە و کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە پەسەندکراوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە لە ڕوانگەی تۆمارکردنی چەند سەرنجێکی یاساییەوە ، وەڵام و ڕوونکردنەوە دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** لە عێراقدا قەزای کارگێڕیی لە چەندین بڕیاریدا کۆدەنگە لەسەر ئەوەی کە ڕێگە پێدراو نییە بەهیچ شێوەیەك دووبارە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەیەك بکرێتەوە کە پێشتر لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە و کۆنووسی لێکۆڵینەوەکە پەسەند کراوە ، مەگەر بێتوو بەڵگەیەکی نوێ دەرکەوتبێت کە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە سەر لەبەری بگۆڕێت، هەروەك ئەنجومەنی دەولەی عێراق ( ئەنجومەنی شورای دەولەت) و دادگای باڵای کارگێڕی لە بڕیارەکانی ژمارە (٣١ / ٢٠٠٦ لە ٢٠٠٦/٥/٣) و بڕیاری ژمارە (٩٩/بەرزەفتکاری/پێداچوونەوە/٢٠١٢ لە ٢٠١٢/٥/١٠ )و بڕیاری ژمارە (١١٢٣ قەزای فەرمانبەران /پێداچوونەوە /٢٠١٤ لە ٢٠١٥/٣/١٢) و چەندین بڕیاری دیکەدا جەختیان لەسەر کردۆتەوە.

**دووەم:** گەرهاتوو فەرمانبەری سزا دراوە لە ماوەی یاساییدا دادخوازی (تظلم) پێشکەشکرد بەو لایەنەی کە سزاکەی دابوو، ئەوا ئەو لایەنە دەتوانێت لە ماوەی یاساییدا و پاڵپشت بەئەحکامی ماددەی (١٥) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی سزای فەرمانبەرەکە سووك بکات یاخود هەڵیبوەشێنێتەوە یان تەسدیقی بکات، بەلام ڕێگە پێدراو نییە کە سزاکەی بۆ توندتر بکات، لەبەر ئەوەی دەقی ماددەکە ڕێگەی داوە بە سووکردنی سزاکە یان هەڵوەشاندنەوە لەبەر

ڕۆشنایی ئەو پاساو و بەڵگانەی کە فەرمانبەرە سزادراوەکە دەیخاتە بەردەستی ئەو لایەنەی کە سزای داوە نەك توندتر کردنی سزاکە ، هەروەك بنەمای یاسایی (لایضار الطاعن بطعنه) جەختی لەسەر کردۆتەوە. لەسەر ئەم بنەمایش لە قۆناغی پێشکەشکردنی دادخوازیدا ڕێگە پێدراوە سزای فەرمانبەر سووك بکرێت یان هەلبوەشێتەوە بەدەر لە دووبارە لێکۆڵینەوە کردن، مەگەر بێتوو بەلگە پێشکەشکراوەکان سەرلەبەری ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە بگۆڕن.

**سێهەم:** لەپاش کۆتایی هاتنی ماوەی دادخوازی و ماوەی وەڵامدانەوەی لایەنی تایبەتمەند بە سەپاندنی سزاکە بەسەر فەرمانبەردا، ئەوا جگە لەو بەدەرکرنەی لای سەرەوە کە تایبەتە بە دەرکەوتنی بەڵگەیەك کە سەر لەبەری ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەی دەگۆری، ئیتر بابەتەکە لە دەستی دەسەلاتی کارگێڕیی دەردەچێت و دەچێتە چوارچێوەی دەسەلاتی دادوەری بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە مەشروعیەتی بڕیاری سزادانەکە لە بنەڕەتەوە ، مەگەر بێتوو لەو ماوەیەدا دەسەلاتی کارگێڕی خۆی هەستابێت بە سووککردنی سزاکە یان هەڵوەشاندنەوەی کە لەم کاتەشدا دەسەلاتی کارگێڕیی دەخاتە بەردەم ئەو پرسیارەوە کە بۆچی لە ماوەی یاساییدا سزاکەی سووك نەکردووە یان هەڵی نەوەشاندۆتەوە ئێستا هەڵیدەوەشێنێتەوە کە بابەتەکە گەیشتۆتە بەردەم قەزای تایبەتمەند ئەوکات ئەو هەنگاوە هەڵدەگرێت؟

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە ، ڕێگە پێدراو نییە کە دووبارە لێکۆڵینەوە لە دۆسەیەکدا بکرێتەوە کە پێشتر لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کرابێت و کۆنووسەکەی لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە پەسەندکرابێت، چونکە دووبارە لێکۆڵینەوە کردنەوە لە دۆسیەکە دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی قەزای کارگێڕییەوە و ئەم قەزایە لە مەشروعیەتی بریاری سزادانەکە و کۆی کارەکانی لێکۆڵینەوەکە دەڕوانێت و لەسەر ئەم

بنەمایەش بریار لە سزاکە دەدات بە هەڵوەشاندنەوە یان سووککردنی سزاکە یان پەسەندکردنی سزاکە و ڕەتکردنەوەی داوای فەرمانبەرە سزادراوەکە، بەڵام گەرهاتوو دەسەڵاتی کارگێڕیی بێ هەبوونی بەڵگەیەك کە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەی دەگۆڕی هەستا بە دووبارە لێکۆڵینەوەکردن، ئەوا بەبڕوای ئێمە تەجاوزی کردۆتە سەر تایبەتمەندی دەسەڵاتی قەزایی کە پاش پەسندکردنی کۆنووسی لێکۆڵینەوە تاکە لایەنی تایبەتمەندە بە دووبارە لێکۆڵینەوەکردن لە وردەکاری دۆسیەکە.

## (٥)

## خۆگرتنەوەی (امتناع) فەرمانبەر لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی

هەندێکجار فەرمانبەر بە پاساوی جیاواز خۆی دەگرێتەوە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە وەزیفییەی کە خراوەتە ئەستۆی یاخود ئەو ئەرکەی کە بەرێوەبەرەکەی داوای لێکردووە تا ئەنجامی بدات، کە ئەمەش بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤) بەندەکانی ( یەکەم و دووەم و دوانزەیەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ سەرپێچی بەرزەفتکاری دەخاتەوە و فەرمانبەرەکە شایستەی سزادان دەبێت بەگوێرەی حوکمەکانی یاساکە ، لەم بارەیەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** وەك ئاماژەمان پێدا بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤/ یەکەم و دووەم و دوانزیەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران، خۆگرتنەوەی فەرمانبەر لە ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفییەکانی سەرشانی بەسەرپێچی بەرزەفتەکاری دانراوە ، لەم بارەیەشەوە دادگای باڵای کارگێڕیی لە عێراق لە بڕیاری ژمارە (٢٨٦/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچونەوە /٢٠١٤ لە ٢٣/٩/٢٠١٥) بڕیارێکی سزادانی فەرمانبەرێکی پەسەندکردووە کە خۆی گرتۆتەوە لە ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفییەکانی سەرشانی بۆ ماوەی یەك ڕۆژ، کە سزاکە بریتی بووە لە (کەمکردنەوەی مووچە ـ انقاص الراتب ـ ) بۆ ماوەی یەك ساڵ لە کاتێکدا ئەم سزایە بە یەکیك لە سزا قورسەکان دادەنرێت کە دەسەپێنرێت بەسەر فەرمانبەردا.لەم بەرەنجامەشەوە فەرمانبەرەکە سەرەرای کەمکردنەوەی مووچەکەی بۆ ماوەی یەك سال، دوو ساڵیش پلەبەرزکردنەوەی دوادەکەوێت .

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحکامی مادەی (٣٦٤) لە یاسای سزادانی عێراقی ، خۆگرتنەوەی فەرمانبەر لە ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفییەکانی بە تاوان

دانراوە گەرهاتوو بوو بە هۆی پەکخستنی ئەو مرفەقە گشتییە یاخود زیانی بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیاند کە بەم هۆیەشەوە فەرمانبەر هەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت و گەرهاتوو فەرمانبەرەکە تۆتەکەی بەسەردا ساغ بوویەوە ئەوا دادگا سزای دەدات.

**سێهەم:** گەرهاتوو خۆگرتنەوەی فەرمانبەرەکە زیانی گەیاندبوو بە ماڵ و سامانی گشتی ئەوا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣٤٠) لە یاسای سزادانی عێراقی، دەبێت ئەو زیانەش ببژێرێتەوە سەرەرای ئەو سزایانەی کە لە یاساکەدا هاتووە وەك سزای بەندکردن و غەرامەکردن.

**چوارەم:** هەندێکجار وەك ئاماژەمان پێدا گەرهاتوو خۆگرتنەوەکە لە چوارچێوەی سزای بەرزەفتەکاریدا چارەسەرکراو و سزای فەرمانبەرەکە درا،گەر زیانی لەبەرژەوەندی گشتی دابوو، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرە سەرپێچیکارەکە (تضمین) دەکرێت بەو برەی زیانی پێداوە لەبەرژەوەندی گشتی.

**پینجەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر فەرمانێکی پێکرا لەسەروو خۆیەوە بە ئەنجامدانی ئەرکێکی وەزیفی، بەلام فەرمانەکە سەرپێچی یاسا بوو، لەم کاتەدا پێویستە فەرمانبەرەکە بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤/سێهەم) لە یاسای بەرزەفتەکردن روونکردنەوە بدات بە بەرپرسەکەی و ئاگاداری بکاتەوە کە ئەو فەرمانەی پێیکراوە بەپێی یاسا سەرپێچییە، گەرهاتوو بەرپرسەکە مکور بوو لەسەر فەرمانەکەی خۆی و بۆی نووسی دەبێت ئەنجامی بدات، ئەوا لێرەدا فەرمانبەرەکە پابەندە بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە وەزیفییەی، بەلام باشتر وایە وێنەیەك لەو روونکردنەوەیە و پەراوێزی بەرپرسەکەی کە پێش ئەنجامدانی ئەرکەکەی بەرزی کردۆتەوە بۆ بەرپرسەکەی لای خۆی بپارێزێت.

لەبەرەنجامی ئەوەی لای سەرەوە دەردەکەوێت کە خۆگرتنەوەی فەرمانبەر لە ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفییەکانی سەرشانی کارێکی

مەترسیدارە و فەرمانبەر دەبێت بەوریاییەوە مامەڵە لەگەل ئەم بابەتە بکات، چونکە پەیوەندی فەرمانبەر و دائیرەکەی پەیوەندی (تنظیمی)یە نەك گرێبەستیی و فەرمانبەر رێگە پێدراو نیيە بە ئارەزوو و ویستی خۆی کارەکانی سەرشانی راپەڕێنێ.

## (٦)

## فەرمانبەر لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی مەحکومە بەچی؟

کاتێك هاوڵاتییەکی سادە لە وەزیفەیەکی گشتی دادەمەزرێت، ئەوا لەم کاتەدا ، ئەو هاولاتییە پێگەیەکی یاسایی وەردەگرێت دابڕاو لە زاتی خۆی ، پێگە یاساییەکە کە بڕوانامەکەی و ناونیشانە وەزیفییەکەی پێی دەبەخشێت پێویستە بەو جۆرەی لێ بکات کە تاکە پێوەری بریتی بێت لە بابەتی بوونی ئەو کارانەی دێنە بەردەستی لەرووی ئەنجامدان و ئەنجام نەدانیەوە بە چاوپۆشیکردن لە ویستی و ئارەزووی زاتی خۆی یان ئەوانەی وەك موراجیع دێنە بەردەمی بۆ رایی کردنی کارەکانیان ، ئەمەش وا دەخوازێت لە فەرمانبەرەکە لەسەر دوو ئاستی گرنگ پابەندی دوو بازنە بێت لە یاسا و ڕێساکانی کارکردن و بەپێی حوکمەکانی یاسا و ڕێساو ڕێنماییەکان مامەڵەکانی بەردەستی رایی بکات کە لە خوارەوە روونکردنەوەیان لە بارەوە دەدەین:

**یەکەم:** فەرمانبەر پێویستە شارەزایی تەواوی هەبێت دەربارەی ئەو یاسا و ڕێسا و ڕێنماییانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕێکخستنی پابەندییەکانی سەرشانی و ئەو بەرپرسیارێتییانە کە لێی دەکەوێتەوە ، بەو مانایەی کە فەرمانبەر دەبێت ئاگاداری ئەوەبێت کاتێك کە واژۆ لەسەر مامەڵەیەك دەکات و رایی دەکات یاخود مامەڵەیەك رایی ناکات دەبێت پاڵپشت بە یاسای و ڕێنمایی تایبەتمەند ئەو کارە بکات و بە هیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە کە زاتیەتی خۆی یان ئیجتیهادی شەخسی خۆی بەکاربهێنێ لەم بوارەدا، چونکەوەزیفەی گشتی کۆی جومگەکانی بە یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی تانوپۆی چنراوە و ڕێگە پێدراونییە فەرمانبەر ئیجتیهاد بکات لە بەرێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیدا، بەپێچەوانەوە رووبەری بەرپرسیارێتی بەرزەفتکاری و تەنانەت سزاییش دەبێتەوە.

**دووەم:** فەرمانبەر پێویستە لەسەری شارەزایی و زانیاری تەواوی هەبێت بەو یاسا و ڕێنماییانەی بواری پسپۆرییەکەی ڕێکخستووە، بۆ نمونە فەرمانبەری ژمێریاری دەبێت بە وردی ئاگاداری ڕێنماییەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای بوجەی گشتی بێت یان مووچەی فەرمانبەران و لە هەمانکاتدا ئاگاداری هەر جۆرە هەڵوەشاندنەوە یاخود هەموار کردنەوەیەکی ئەو یاسا و ڕێنماییانە بێت و بەردەوام دواین یاسا و ڕێنمایی دەرچوو لە بارەی پسپۆرییەکەی لەبەردەستیدا هەبیت و رۆژانە بۆی بگەڕێتەوە ، بە هەمان شێوەش فەرمانبەرانی کارگێری و یاسایی و هونەری هەریەکەیان بە گوێرەی پسپۆری و تایەبتمەندی کارەکەیان. لەسەر بنەمای هەردوو خالی لای سەرەوە ئەوا پێویستە فەرمانبەر لە روانگەی بابەتی بوونەوە کارەکانی راپەڕێنی و بە هیچ شێوەیەك نابێت حەز و پێخۆشبوون یان رەق و تۆلە سەندنەوەکانی تەحەکومی پێوە بکەن بۆ رایی کردنی ئەو مامەڵا نەی دێنە بەردەستی ، چونکە دواجار ئەم فەرمانبەری گشتییە و لە مرفەقی گشتیدا وزیفەیەکی گشتی رادەپەڕێنی نەك کارێکی شەخسی و تایبەتی ، بەپێچەوانەوە فەرمانبەر دووچاری لێپرسینەوە دەبێتەوە .هەر بۆیە کاتێك مامەڵەیەك رایی دەکات دەبێت بەڵگە و سەنەدی یاسایی هەبێت بۆ ئەو رایی کردنە و لە نێو هامش و پەراوێزەکانیدا جێگەیان بکاتەوە و ئاماژەیان پێ بکات، لە هەمانکاتیشدا بۆ ئەو مامەڵانەی کە دێنە بەردەستی و راییی ناکرێن بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەتمەندی ئەو بوارە روونکردنەوە بدات کە لەبەر ئەم هۆکارە یان ئەو پاساوە مامەڵەی هاولاتییەکە رایی ناکرێت، نەك بە میزاج و ئارەزووی شەخسی خۆی.

## (٧)
## سەبارەت بەسەرمووچە و پێوەری هەڵسەگاندنی فەرمانبەر و سوپاس وپێزانین

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ سەرمووچە بە فەرمانبەر دەدرێت لە کاتی تەواوکردنی ساڵێك لە خزمەتی وەزیفی .
لەسەر ئەم بنەمایەش فەرمانبەر بەشێوەی خۆبەخۆیی (تلقائی) لەگەل تەواوکردنی ساڵێك لە خزمەتی وەزیفی ، لەلایەن فەرمانگەکەیەوە سەرمووچەی پێدەدرێت، لەم بارەیەوە و لە خوارەوە چەند سەرنج و روونکردنەوەیەکی یاسایی دەخەینەڕوو:
**یەکەم:** پێویستە فەرمانبەر لە ماوەی ساڵەکەدا بە تەواوی لە وەزیفەدا بوویێت و هیچ جۆرە دابڕانێك یاخود مۆڵەتێکی بێ مووچەی نەبێت، چونکە گەرهاتوو غیاباتی هەبوو یان مۆلەتی بێ مووچەی هەبوو ئەوا بە قەدەر رۆژەکانی مۆلەتی بێ مووچە یان غیاباتەکەی، بەرواری شایستەبوونی بە سەرمووچەکەی دوادەکەوێت.
**دووەم:** دەکرێت فەرمانبەر لەبەرەنجامی پێدانی سوپاس و پێزانینەوە سەرمووچەکەی پێشبکەوێت بەقەدەر ژمارەی ئەو سوپاس و پێزانینەی ئاراستەی دەکرێت بەمەرجێك لە سێ سوپاس و پێزانین زیاتر نەبێت لە ماوەی سالەکەدا.
**سێهەم:** بۆ مەبەستی ئەژمارکردنی سوپاس و پێزانین، لە ئەحکامی ماددەی (٢١)ی یاسای بەرزەفتەکردنی دەستەواژەی یەك ساڵ (السنة الواحدة) هاتووە، کە مەبەست پێی ساڵی نێوان سەرمووچەکانە نەك (ساڵی تەقویمی) هەروەك لەلایەن خۆیانەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم لە خاڵی (٣) رێنمایی ژمارە (١٨)ی سالی ٢٠١٦ و هەروەها وەزارەتی

دارایی عێراق له نوسراوی ژماره (٨٩٤٠٤ له ١١/ ١١/ ٢٠١٢) دووپاتیان کردۆتەوه . گەرهاتوو فەرمانبەر زیاتر له (٣) سوپاس و پێزانین هەبوو له نێوان دوو سەرمووچەدا ، ئەوا سوود له (٣) سوپاسیان وەردەگریت و ئەوانی دیکەیان سوودی لێ وەرناگرێت.

**چوارەم**: ئەژمارکردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەر بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوەیە.

**پێنجەم:** ئاسەواری سزادانی فەرمانبەر بە سزا بەرزەفتکارییەکانی هاتوو له ئەحکامی ماددەی (٨)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژماره ١٤ی سالی ١٩٩١ لەسەر پلەبەرزکردنەوه (الترفیع) جێبەجێدەبێت نەک لەسەر سەرمووچە، لەم بارەیەشەوه ئەنجومەنی شورای هەرێم له بریاری ژماره (١/ ٢٠١٩ له ٧/ ٣/ ٢٠١٩ ) و ئەنجومەنی شورای دەولەی عێراق له بریارەکانی ژماره (٣٥ / ٢٠١٥ له ٢٢/ ٣/ ٢٠١٥) و (٣٤/ ٢٠٠٩ له ١٨/ ٥/ ٥٠٠٩) دوپاتیان کردۆتەوه که جێبەجێکردنی سزا بەرزەفتەکارییەکان لەسەر پلەبەرزکردنەوه جێبەجێ دەبێت نەك لەسەر سەرمووچە مەگەربێتوو به گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٩)ی یاسای مووچە ، فەرمانبەرەکە پلەبەرزکردنەوەی نەمابێت یان رێگرییەکی یاسایی هەبێت.. لەسەر ئەم بنەمایەش سەرمووچەی فەرمانبەر به هۆی سزادانیەوه دواناکەوێت.

**شەشەم:** سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی فەرمانبەر بەمەبەستی بریاردان له پێدانی سەرمووچەکەی، پێشتر بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (پێنج) له یاسای راژەی شارستانی ژماره(٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و بەپێی رێنمایی ژماره (١٦)ی ساڵی ١٩٦٠ی وەزارەتی دارایی لەرێگەی فۆرمێکی هەڵسەنگاندنەوه بریار له پێدانی سەرمووچەی فەرمانبەرەکە دەدرا و خۆگە هاتوو لەو هەڵسەنگاندنەکەدا فەرمانبەرەکە لاواز بوایە ئەوا سەرمووچەکەی دوادەکەوت، بەلام لەپاش دەرچوونی یاسای ژماره

(٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ و بە گوێرەی حوکمەکانی مادەی (٢٠)ی یاساکە ، هەریەك لە ماددەی (پێنج)ی یاسای راژەی شارستانی و رێنمایی جێبەجێکردنەکەی هەڵوەشاوەتەوە هەروەك لە لایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لەبریارەکانی ژمارە (٦٣ / ٢٠١٥ لە ٤٣/ ٦/ ٢٠١٥) و (٨١/ ٢٠١٨ لە ٥/ ٨/ ٢٠١٨) دووپاتی کردۆتەوە کە پێدانی سەرمووچە بە فەرمانبەر لە پاش تەواوکردنی ساڵێك لە وەزیفە گرێنەدراوە بە هەڵسەنگاندنی فەرمانبەرەکە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە دەردەکەوێت کە سەرمووچە سالانە بێ هەبونی داواکاری نوسراوی فەرمانبەر و هەلسەنگاندنی فەرمانبەر و پاش تەواوکردنی سالێک لە خزمەتی وەزیفی دەدرێت بەفەرمانبەر ، بە گوێرەی سوپاس و پێزانین و مۆلەتی بێ مووچە و غیاباتەوە سەرمووچەی فەرمانبەر پێشدەکەویت یان دوادەکەوێت.

## (٨)

## ماوەی پۆستی پلەتایبەت (سەرۆکی زانکۆ یان راگری کۆلیژ یان پەیمانگا بە نمونە).

لە کاتی دانانی هەندێك پۆستی پلە تایبەت، یاسادانەر لە یاسای تایبەتمەندا، ماوەیەکی زەمەنی دەستنیشان دەکات بۆ بەرێوەبردنی ئەو پۆستە لەلایەن ئەو فەرمانبەرەوە کە لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەکە ، بە حوکمی قانون ، دەسەلاتەکانی ئەو فەرمانبەرە کۆتایی دێت و دەگەرێتەوە بۆ پێگە ئاساییەکەی خۆی ، لە خوارەوە بەچەند خاڵێك لەم بارەیەوە روونکردنەوە دەدەین:

**یەکەم:** لەم جۆرە پۆستانەدا یاسادانەر بە دەقی راشکاوانە ماوەی بەرێوەبردنی پۆستەکەی لەلایەن فەرمانبەرەکەوە دەستنیشان کردووە، بۆ نمونە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (نۆیەم) و ماددەی (چواردەیەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، ماوەی بەرێوەبردنی پۆستی سەرۆکی زانکۆ یان راگری کۆلیژ یان پەیمانگا بریتییە لە (چوار) ساڵ و بە کۆتایی هاتنی ماوەی چوار ساڵەکە، ئەوا فەرەمانبەرەکە ماوەی دەسەلاتەکەی وەك سەرۆکی زانکۆ یاخود راگر کۆتایی پێدێت و دەگەرێتەوە بۆ وەزیفەکەی پێشووی.

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەکانی ئاماژە پێکراو، گەرهاتوو ماوە دیاریکراوەکە کۆتایی هات، ئەوا سەرۆکی زانکۆ یان راگر بە حوکمی قانون لە پۆستەکەی نامێنێ و لە دەرەوەی ماوەی ئەو چوار ساڵە گەرهاتوو هەر کارێکی یاسایی (ئیتر گرێبەست واژۆ بکات یان بریاری کارگێڕیی دەربکات) ئەوا کارەکانی لەکەدار (معیب) دەبن بە لەکەی نەبوونی دەسەلات.

**سێهەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (نۆیەم) دەکرێت ماوەی بەرێوەبردنی پۆستی سەرۆکی زانکۆ بۆ یەکجار درێژ بکرێتەوە، کە لەم کاتەدا پێویستە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی یەکەم، لایەنی تایبەتمەند بریاری دابێت بە درێژکردنەوەی ماوەی دووەمی سەرۆکی زانکۆ، چونکە یاسادانەر دەستەواژەی درێژکردنەوەی هێناوە و رێگەپێدراو نیە کە دابرانی تێبکەوێت، هەروەک رێگەپێدراو نیە دواتر بەمەبەستی چارەسەکردنی نەبوونی دەسەلات لە ماوەی دابرانەکەدا، دەسەلات بە ئاسەواری رابردوو(اثر رجعی) بدرێت بەو سەرۆک زانکۆیە.

**چوارەم:** لەپاش کۆتایی هاتنی ماوەی بەرێوەبردنی پۆستەکە، دەرکردنی فەرمانی بەخشین لەلایەن وەزارەتەوە بۆ ئەو سەرۆکی زانکۆیە یا راگرەکە بە بریارێکی ئاشکراکار دەردەچێت و پێویستی بە گرتنەبەری ئەو شکلیەتە یاساییە نیە کە پێشتر سەرۆکی زانکۆی یان راگری پێ دامەزراوە و بەڵکو فەرمانبەرەکە بە حوکمی قانون کۆتایی بە دەسەلاتەکەی دێت.

**پێنجەم:** گەرهاتوو پێش کۆتایی هاتنی ماوەی دەسەلاتپێدانەکە وەك لە ئەحکامی ماددەکانی (نۆیەم) و (چواردەەم)ی وەزارەتی خوێندانی بالادا هاتووە، گەرهاتوو وەزارەتی خوێندنی بالا بریاری بەخشینی سەرۆکی زانکۆ یان راگری دا، ئەوا بریارەکە لەکەدارە بە لەکەی نەبوونی دەسەلات و بەڵکو ئەم دەسەلاتە لە تایبەتمەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ماوەی دیاریکراو بۆ بەرێوەبردنی پۆستی سەرۆکی زانکۆ یان راگر بەپێی یاسا دیاریکراوە و رێگە پێدراو نییە کە جگە لەو ماوەیەی کە لە یاساکەدا هاتووە، دەسەلاتی جێبەجێکردن ماوەیەکی دیکە دیاری بکات لە بریارەکانیدا جگە لەو حالەتە نەبیت کە تایبەتە بە پۆستی سەرۆکی زانکۆ

که یارای درێژکردنەوەیە بۆ ماوەی چوار سالی دیکە و تەنها بۆ یەکجار، چونکە ئەم جۆرە ماوانە لە نیزامی گشتین و رێگە پێدراو نییە کە رەچاونەکرێن. لە هەمان کاتدا ئەوەی لە پێشەوە باسکرا جێبەجێدەبێت بەسەر هەر پۆستێکی دیکەدا کە بە یاسا ماوەکەی دیاریکراوبێت یان لە بریاری دانانەکەیدا ماوەکەی دیاریکراوبووبێت.

## (٩)

## گەرهاتوو خانمە فەرمانبەر لە ماوەی مۆڵەتی خوێندندا دووگیان بوو پێویستی بە مۆلەتی لە دایکبوون و دایکایەتی بوو چی بکات؟

هەندێکجار روویداوە کاتێك خانمە فەرمانبەرێك مۆڵەتی خوێندن وەردەگرێت بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ماوەی مۆڵەتەکەیدا دووگیانی روودەدات و پێویستی بەوە هەیە کە مۆڵەتی لە دایکبون و دایکایەتی وەربگرێت، بەلام بەهۆی نەبوونی شارەزایی یاسایی و کارگێڕیی خانمە فەرمانبەرەکە دووچاری گرفت دەبێتەوە لە مامەڵەکردن لەگەل ئەم حاڵەتەدا و ئەگەری هەیە زیان بەخوێندن و تەنانەت کارە وەزیفیەکەیشی بگەیەنێت و لە زۆر ماف و ئیمتیاز بێبەش ببێت ، بۆیە لە خوارەوە لەم بارەیەوە روونکردنەوەی یاسایی دەخەینەڕوو:

لەبەر ئەوەی کە مۆڵەتی دووگیانی و لە دایکبوون و دایکایەتی بەگوێرەی یاسا و بریارە تەشریعیەکان رێکخراوە و یاسادانەر مافی داوە بەخانمە فەرمانبەر لەم جۆرە حاڵەتانەدا سوود لەو مۆڵەتانە وەربگرێت کە بۆ ئەو مەبەستانە تەرخانکراوە و هەروەها لەبەر ئەوەیشی کە مۆڵەتی خوێندن وەك مافێکی یاسایی دراوە بە فەرمانبەر بۆ بەدەستهێنانی ئەو بروانامەی کە گرێبەستی لەسەرکردووە لە ماوەی دیاریکراودا بەدەستی بهێنیَ و لەبەر ئەوەیشی کە رێگە پێدراو نییە مەبەستی (غرض) مۆڵەتێك بۆ مەبەستی مۆڵەتێکی دیکە بەکاربهێنرێت و لەم جۆرە حاڵەتانەشدا مەبەستی مۆڵەتەکان تێکەڵ دەبن و گرفتی یاسایی و ئاسەواری یاسایی دەخەنەوە و لە هەمانکاتدا لەبەر ئەوەی کارێکی مەحاڵ دەبێت کە خانمە فەرمانبەر لە یەك کاتدا بتوانێت مەبەستەکانی مۆلەتی لە دایکبوون و دایکایەتی لەگەل مەبەستەکانی مۆڵەتی خوێندن کۆبکاتەوە و بەم هۆیەشەوە بێگومان زیان لە مەبەستەکانی هەردوو مۆڵەتەکە دەکەوێت ، لەبەر ئەوە لەم جۆرە حالەتانەدا خانمە فەرمانبەر بۆ چارەسەر کردنی

دۆخەکەی مافی خۆیەتی پاڵپشت بە ئەحکامی بڕگەی یەکەم لە بڕیاری ژمارە (٣٣٨)ی ساڵی ١٩٨٧ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەلوەشاوە) داوای دواخستنی (تأجيل) خوێندنەکەی بکات بۆ ماوەی دوو ساڵ ئیتر بەسەر یەکەوە بێت یان بە جیاجیا بەمەبەستی دەستبەکاربوونەوەی لە وەزیفەکەی و راگرتنی مۆلەتی خوێندنەکەی و سوود وەرگرتن لە مۆڵەتی دووگیانی و لە دایکبوون و دایکایەتی و دواتر بگەرێتەوە بۆ خوێندنەکەی و پاشماوەی خوێندنەکەی و مۆڵەتی خوێندنەکەی تەواو بکات[٢].

---

[٢] د. عادل مصدق طالب، الوسيط في الخدمة المدنية، الجزء الأول، ط١، منشورات دارالسنهوري، بغداد، ٢٠١٥، ص٥٧٥.

## (١٠)
## ئایا دەكرێت فەرمانبەر سوپاس و پێزانین ئاراستەی خۆی بكات؟

لە هەرێمی كوردستان جۆرێك لە عورفی هەڵە پەیدابووە كە بەرێوەبەرێكی گشتی یان هەر دەسەلاتپێدراوێك بە ئاراستەكردنی سوپاس و پێزانین بڕیار دەدات بە ئاراستەكردنی سوپاس و پێزانین بۆ كۆی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتییەكەی یان فەرمانبەرانی ژێر دەسەڵاتی و لەم كاتەشدا ئاسەواری سوپاس و پێزانینەكە ئەژماردەكرێت بۆ گشت فەرمانبەران و تەنانەت بۆ بەرێوەبەرەگشتیەكە یان فەرمانبەری دەسەلاتپێدراو بە ئاراستەكردنی سوپاس و پێزانینەكە كە لە بنەرەتدا سوپاس و پێزانینەكەی ئاراستەكردووە، پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە كە ئایا دەكرێت لەم جۆرە حاڵەتانەدا ئاسەواری سوپاس و پێزانینەكە بۆ خودی بەرێوەبەرەگشتیەكە یان دەسەلاتپێدراو بە ئاراستەكردنی سوپاس و پێزانینەكەش ئەژمار بكرێت؟ لەم بارەیەوە لە خوارەوە چەند سەرنجێك تۆمار دەكەین:

**یەكەم:** ئاراستەكردنی ئەم جۆرە سوپاس و پێزانینە بەم شێوەیە لە یاسادا هیچ پاڵپشت و سەنەدێكی قانونی نییە و لەگەل كرۆك و حیكمەتی سوپاس و پێزانیندا ناگونجێت كە لە ئەحكامی ماددەی (٢١)ی یاساكەدا هاتووە، چونكە سوپاس و پێزانین كاتێك ئاراستەی فەرمانبەر دەكرێت كە كارێكی نایاب و جیاواز لە هاوپیشەكانی ئەنجام دابێت، بە پێچەوانەوە رێگە پێدراو نییە كە بە هۆكاری باش ئەنجامدانی ئەركەكانی سەرشانیان و پابەندبوونیان بە دەوام بە شێوەی دڵسۆزانە سوپاس و پێزانین ئاراستەی فەرمانبەر بكرێت، چونكە ئەم هۆكارانە لە ئەركەكانی سەرشانی فەرمانبەرن و لە ئەسڵدا دەبێت پێوەی پابەندبێت.

**دووەم:** دەكرێت ژمارەیەكی دیاریكراو فەرمانبەر هەستابن بە ئەنجامدانی ئەركێك لە دەرەوەی ئەركە یاساییەكانی وەزیفەكەیان و كارێكی نایابی دەستەجەمیان پێكەوە ئەنجام دابێت و لەم كاتەدا سوپاس و پێزانینان ئاراستە بكرێت، بەلام نەك ئاراستەكردنی سوپاس و پێزانین وەك ئەوەی لە خاڵی یەكەمدا روونمان كردووە كە ئاراستەی فەرمانبەری دڵسۆزو كەمتەرخەم و هەمووجۆرە فەرمانبەرێك دەكرێت ((تەنانەت لە هەندێك دائیرە بۆ فەرمانبەری مۆڵەت پێدراویش ئەژماركراوە بە هەموو جۆرە مۆلەتەكانەوە )).

**سێهەم**: لە ماددەی (٢١/یەكەم)ی یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتیدا هاتووە كە :" گەرهاتوو فەرمانبەر سوپاس و پێزانینی ئاراستەكرا لەلایەن سەرۆكایەتی یاخود ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر یان ئەو فەرمانبەرەی كە وەزیر دەسەڵاتی پێداوە...."" كە لێرەدا یاساكە بەروونی پێمان دەڵێت كە سوپاس و پێزانین وەك ئەوەی كرۆك و حیكمەتی یاساكە هێناویەتی دەبێت لەلایەنێكی باڵاوە ئاراستەی فەرمانبەر بكرێت نەك لەلایەن خودی فەرمانبەر خۆیەوە.

**چوارەم:** وەزیفەی گشتی مەحكومە بە بنەمای (مبدأ المرؤسیة) واتە بوونی ریزبەندییەكی قوچەكی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە ئیدارەدا كە لوتكەكەی بە وەزیری تایبەتمەند دەستپێدەكات دواتر سەرۆكی فەرمانگە تا دەگاتە خوارەوە هەروەك ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بریاری ژمارە (٢٠١٦/٩٨ لە ٢٠١٦/٧/٩) [٣] دووپاتیكردۆتەوە، كە یاسای بەرزەفتەكاری لەرووی سزادانەوە تەواو ملكەچە بۆ ئەم بنەمایە و بەبروای ئێمەش حوكمەكانی سوپاس و پێزانینیش ملكەچە بە هەمان شێوە بۆ ئەم بنەمایە، بەو شێوەیەی

---

[٣] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام٢٠١٦، ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٧، ص٢٢٣.

که دەبێت لایەنێکی باڵا و تایبەتمەند و خاوەن دەسەلات سوپاس و پێزانین ئاراستەی فەرمانبەرانی ژێردەستی خۆی بکات، کاتێك که کارێکی نایاب ئەنجام دەدەن.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە ، ئەو جۆرە سوپاس و پێزانینەی که بێ هەبوونی پاساوی یاسایی و بەو شێوە عورفییەی که پەیرەو دەکرێت پاڵپشت و سەنەدی یاسایی و نییە و هەروەها بە هیچ شێوەیەك رێگە پێدراو نییە کە بەرێوەبەرێکی گشتی یان هەر دەسەلاتپێدراوێك بە ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین ، بریاربدات بە ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆخۆی ، چونکە هەڵسەنگاندنی فەرمانبەر دەبێت لەلایەنێکی باڵاو بەرپرسەوە بکرێت بە جۆرێك که دەربکەوێت شایستەی سوپاس و پێزانینە.

## (١١)
## ئایا پێدانی دەسەڵاتی سوپاس و پێزانین لە لایەن وەزیرەوە بەش بەش (تجزئة) دەکرێت؟

ڕەنگە رووبدات یان رووی دابێت کە دەسەلاتی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین لەلایەن وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بدرێت بە فەرمانبەر (ئیتر بریکاری وەزارەت بێت یان بەڕێوەبەری گشتی یان هەر فەرمانبەرێکی دیکە کە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دەسەڵاتەکەی پێدابێت) بەلام دەسەلاتی خستنەوەی ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکە لە دەسەڵاتی خودی وەزیر خۆیدا بێت، واتە لێرەدا پرۆسێسی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەکە دەکرێتە بەشێکی سەربەخۆ و خستنەوە و ئەژمارکردنی ئاسەوارەکەیشی دەکرێتە بەشێکی دیکەی سەربەخۆ و لە نێوان دوو لایەندا ئەنجام دەدرێت، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا ئەم بەش بەشکردنە (تجزئة) هیچ بنەمایەکی یاسایی هەیە؟ هەروەك لە هەندێك دامودەزگای هەرێمدا حاڵەتی لەم جۆرە روویداوە و ئەنجامدەدرێت، بۆ وەلامدانەوەی ئەم بابەتە لە خوارەوە وەڵام و سەرنجی یاسایی خۆمان تۆمار دەکەین ؟

**یەکەم:** بەگەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (٢١یەکەم) لە یاسای بەرزەفتەکردن سوپاس و پێزانین بە پێچەوانەی ئەحکامی مادەکانی (١٠/یەکەم) و (١١/دووەم) (١٧/دووەم) و (٢٤) تایبەت بە پێکهێنانی لیژنە لێکۆڵینەوە و سەپاندنی سزا بەرزەفتەکارییەکان ودەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر و هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند کە یاساکە راستەوخۆ دەسەلاتەکەی داوە بە وەزیر و سەرۆکی فەرمانگە (بریکاری وەزارەت و ئەوەی لە پلەی بریکاری وەزارەتدایە و پێکهاتەیەکی کارگێڕیی بەڕێوەدەبات و بەڕێوەبەری گشتی ) بەلام لە بابەتی سوپاس و

پێزانیندا دەسەلاتەکەی بە دیاریکراوی (حصرا) تەنها داوە بە وەزیر و ئەم دەسەلاتەی راستەوخۆ نەداوە بە سەرۆکی فەرمانگە ، واتە لەم کاتەدا هەریەك لە بریکاری وەزارەت و ئەوەی پلەکەی بریکاری وەزارەتە و پێکهاتەیەکی کارگێڕیی بەرێوە دەبات وەك سەرۆکی زانکۆکان یان پارێزگارەکان و بەرێوەبەری گشتی راستەوخۆ دەسەلاتی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین لە یاساکەوە وەرناگرن و دەبێت وەزیر دەسەلاتەکەیان بداتێ.

**دووەم:** بەگەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (٢١/یەکەم) لە یاسای بەرزفتەکردن، یاسادانەر دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە :"گەرهاتوو فەرمانبەر سوپاس و پێزانینی ئاراستەکرا لەلایەن سەرۆکایەتی یاخود ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر یان ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیر دەسەڵاتی پێداوە و فەرمانبەرەکەش سزا نەدرابوو یان سزا درابوو بەڵام ئاسەواری سزاکە تەواوبوو بوو لەسەر فەرمانبەرەکە، ئەوا بۆ هەر سوپاس و پێزانینێك یەك مانگ پێشخستن دەدرێت بە فەرمانبەر..

لێرەدا یاسادانەر لەگەل ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەکە لەو لایەنەوە کە ناویان هاتووە راستەوخۆ دووپاتی کەوتنەوەی ئاسەوارەکەی کردۆتەوە کە بریتییە لە پێدانی پێشخستن بە فەرمانبەرەکە بێ ئەوەی گرێی بدات بە شکلیەت و رێککارێکی دیکەوە و خستنەوەی ئاسەوارەکەی راستەوخۆ گرێداوە بە یاساکەوە ، واتە بە حوکمی یاسا ئاسەوارەکە دەکەوێتەوە تەنها بە ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەکە لەو لایەنانەی ئاماژەمان پێدا، واتە لێرەدا پرۆسێسەکە تەنها یەك پرۆسێسە و بەش بەش نەکراوە ، کە هەمان ئەم حالەتەش پەیرەو دەکرێت بەسەر بڕگەی دووەمی ماددەی (٢١) تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی سزا بەرزەفتکارییەکان یان کەمکردنەوەی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە.

**سێهەم:** کاتێك کە فەرمانبەری دەسەڵاتپێدراو لەلایەن وەزیری تایبەتمەند و بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/دووەم) بڕیاری سزادان دەسەپێنێ بەسەر فەرمانبەری سەرپێچیکاردا بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردن لە چوارچێوەی ئەو سزایانەی کە یاساکە دەسەلاتی سەپاندنی پێداوە ، ئەوا جێبەجێکردنی ئاسەوارەکانی سزاکە لەسەر فەرمانبەرەسەرپێچیکارەکە راناوەستێتەوە لەسەر رەزامەندی وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە کە دەسەلاتی سەپاندنی سزاکەی داوە بەو فەرمانبەرە بە گوێرەی ماددەی (١/دووەم) لە یاساکە ، لەسەر ئەم بنەمایەش بەهەمان شێوە خستنەوەی ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکە راناوەستێ لەسەر گەرانەوە بۆ وەرگرتنی رەزامەندی وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت ، چونکە لە هەردوو حاڵەتەکە کەوتنەوەی ئاسەوارەکە بە حوکمی یاسا دەبێت .

**چوارەم:** لەلایەن خۆیەوە مەجلیسی دەولەی عێراقی لەبڕیاری ژمارە (٢٠١٥/٦٧ لە٢٠١٥/٧/٦) [٤]دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە جێبەجێکردنی ئاسەواری سوپاس و پێزانین سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی سزای بەرزەفتەکاری یان کەمکردنەوەی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە یان پێدانی پێشخستن پێویست بەوە گەرانەوە ناکات بۆ رەزامەندی ئەو لایەنەی سوپاس و پێزانینەکەی ئاراستەکردووە، چونکە کەوتنەوەی ئاسەوارەکە سەرچاوەی لە دەقی یاساکەوە وەرگرتووە نەك ویست و ئیرادەی ئەو لایەنەی سوپاس و پێزانینەکەی ئاراستەکردووە ، بەو مانایەی کە رێگە پێدراو نییە کاتێك کە فەرمانبەرێك سوپاس و پێزانینی ئاراستەکرا لەلایەن وەزیر یان ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیر دەسەلاتی پێداوە ، بۆ خستنەوەی

---

[٤] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام٢٠١٥، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٦ ص١٣٧.

ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکە پێویست بکات بگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی و بڕیاری وەزیر یان ئەو فەرمانبەرەی وەزیر دەسەڵاتی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینی پێداوە، بەڵکو ئاسەوارەکە بە دەقی یاسا لەگەڵ ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەکەدا ڕاستەوخۆ بە حوکمی یاسا دەکەوێتەوە.

**پێنجەم:**جێبەجێکردنی ئاسەواری سوپاس و پێزانین بەحوکمی یاسا دەبێت، بەو مانایەی کە لێرەدا دەسەڵاتی کارگێڕیی دەسەڵاتی کۆت و بەندکراوە و تەنانەت ئەگەر بریاری خستنەوەی ئاسەوارەکەش دەربکات (ئیتر بە پێدانی پێشخستن بێت یان هەڵوەشاندنەوەی سزای بەرزەفتەکاری بێت یان بە کەمکردنەوەی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە بێت)، ئەوا بەبریارێکی ئاشکراکار (کاشف) دادەنرێت نەك دروستکار (منشأ) و کە لەم کاتەدا ئیدارە دەسەڵاتی کۆتوبەندکراوە (مقیدة) و گەرهاتوو خۆی گرتەوە (امتناع) لە جێبەجێکردنی ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکە سەرپێچی یاساکەی کردووە و بەبریارێکی کارگێڕیی نەرێنێ (سلبی) دادەنرێت کە کۆمەڵێك ئەنجام دەخاتەوە:

١ -تانەدان لەم جۆرە بڕیارانە لەبەردەم قەزای تایبەتمەندا ، ملکەچ نییە بۆ ماوەی (تانە دان ـ میعاد الطعن) وەك ئەوەی لە ئەحکامی ماددەی (پەنجاو نۆیەم/٣)ی یاسای ڕاژەی شارستانیدا هاتووە. واتە هەر کات فەرمانبەر ویستی دەتوانێت تانە لە بریاری نەرێنی دائیرەکەی بدات.

٢ -ئەنجامی تانەی فەرمانبەر لە بەردەم دادگای تایبەتمەند لە بڕیاری نەرێنێ دائیرەکەی کە بریتییە لە خۆگرتنەوە لە جێبەجێنەکردنی ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکە هەمیشە لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکە کۆتایی دێت.

٣ -ئەگەر فەرمانبەر لەبەرەنجامی خۆگرتنەوەی دائیرەکەیەوە لە جێبەجێکردنی ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکە زەرەمەندبوو بوو ئەوا مافی هەیە داوای قەرەبووکردنەوە تۆمار بکات لەسەر دائیرەکەی.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ئاماژەمان پێدا، دەردەکەوێت کە بریاری سوپاس و پێزانین بە یەك پرۆسێس جێبەجێدەکرێت و لەگەل ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەکە لەلایەنی تایبەتمەندەوە، ئەوا راستەوخۆ بەحوکمی یاسا ئاسەوارەکە دەخاتەوە بێ ئەوەی پێویست بە هیچ جۆرە شکلیەت و رێککارێکی دیکە بکات و رێگە پێدراو نییە کە ئەم دەسەلاتە بەش بەش بکرێت چونکە ئەم بەش بەشکردنە لەگەل حیکمەت و کرۆکی یاساکە و ماددەی ئاماژە پێکراو و دابەزاندنی دەسەلاتەکاندا ناگونجێت و دروست نییە و ئاسەواری دروست ناخاتەوە.

## (١٢)

## دواخستنی جێبەجێکردنی ئاسەواری سوپاس و پێزانین لەلایەن ئیدارەوە

هەندێکجار سوپاس و پێزانین ئاراستەی فەرمانبەر دەکرێت، بەلام دەسەڵاتی کارگێڕیی بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست، کار بە ئاسەوارەکانی سوپاس و پێزانینەکە ناکات و پشتگوێی دەخات و رەنگە فەرمانبەرەکە دوای ساڵێك یان زیاتر پێی بزانێت، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا سوپاس و پێزانین لە چ رێکەوتێکەوە ئاسەوار دەخاتەوە لەو کاتەوەی کە دەسەلاتی کارگێڕیی کاری پێدەکات یان لەو کاتەی کە سوپاس و پێزانینەکە دەرچووە؟

هەرچەند یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران لە دەقی ماددەی (٢١) دا نەچووەتە ناو ئەم وردەکارییەوە ، بەڵام بە گەرانەوە بۆ جێبەجێکردنە قەزاییەکان و حوکمەکانی قەزای کارگێڕیی بۆمان دەردەکەوێت کە قەزای کارگێڕیی پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاسەواری سوپاس و پێزانین ئیتر چ بۆ مەبەستی پێشخستن بێت بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢١/یەکەم) یان بۆ مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی سزا بەرزەفتکارییەکانی (سەرنج راکێشان و بە ئاگاهێنانەوە ) یاخود کەمکردنەوەی مانگەکانی دواکەوتنی پلەبەرزکردنەوە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢١/دووەم)، ئەوا لەبەرواری دەرچوونی سوپاس و پێزانینەکەوە ئەژمار دەکرێت نەك لەو بەروارەی کە دەسەڵاتی کارگێڕیی ئەژماری دەکات، لەم بارەیەشەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەولەت لە عێراق لەبڕیاری ژمارە (٦١٢/ بەرزەفتەکردن / پێداچوونەوە /٢٠١٢ لە ٢٢ / ١١ / ٢٠١٢ دووپاتیکردۆتەوە کە ئاسەواری کەوتوو لەبەرەنجامی ئاراستەکردنی نوسراوی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەر لەبەرورای دەرچوونی نوسراوەکەوە دەبێت و فەرمانبەرەکە لەو بەروارەوە شایستەی

ئاسەوارەکانی نوسراوی سوپاس و پێزانین دەبێت، هەروەها دادگای ناوبراو جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەژمارنەکردنی نوسراوی سوپاس و پێزانین لەلایەن دەسەلاتی کارگێڕییەوە لەبەرواری شایستەبوونەوە بە هەڵەیەکی کارگێڕیی دادەنرێت و فەرمانبەر نابێت باجی ئەو هەڵەیە بدات ، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئەو ئەژمارنەکردنە بێ ویژدانییە بەرامبەر بەوهەول و تێکۆشانەی فەرمانبەرەکە بە خەرجی داوە لە خزمەتی کاری کارگێڕیدا..

لەبەر رۆشنایی ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا دەتوانین بڵێین:

**یەکەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر سوپاس و پێزانینی ئاراستەکرا و شایستەی پێشخستن دەبوو پێی بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢١/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتەکردن، ئەوا تەنانەت ئەگەر ساڵێك یان زیاتریشی بەسەردا تێپەڕی فەرمانبەرەکە مافی هەیە ئاسەواری سوپاسەکەی بۆ ئەژمار بکرێت لەبەرواری دەرچوونی نوسراوی سوپاس و پێزانینەکەوە ئیتر چ بۆ مەبەستی سەرمووچە بێت یان پلەبەرزکردنەوە.

**دووەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر سوپاس و پێزانینی ئاراستەکرا و بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢١/دووەم) ئاسەواری سوپاسەکە دەیگرتەوە ئیتر بە هەلوەشاندنەوەی سزای بەرزەفتەکاری بێت یان کەمکردنەوە مانگەکانی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە ، ئەوا شایستە دەبیت بە ئاسەوارەکانی سوپاسەکە لەبەرواری دەرچوونی نوسراوەکەوە تەنانەت ئەگەر چەند ساڵێکیش تێپەری بێت بەسەریدا، فەرمانبەرەکە مافی هەیە بۆی ئەژمار بکرێت .

**سێهەم:** خستنەوەی ئاسەواری سوپاس و پێزانین لە بەرەنجامی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەر بە حوکمی یاسا دەبێت واتە لەگەل ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەکە دەمو دەست ئاسەوارەکە دەکەوێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش رێگە پێدراو نییە کە دائیرەی

فەرمانبەرەکە خۆی بگرێتەوە لە جێبەجێکردنی ئاسەوارەکە بەو پاساوەی کە فەرمانبەرەکە سەرپێچی کردووە و نەخستنەوەی ئاسەواری سوپاسەکە وەك سزایەك لە دژی فەرمانبەرەکە بەکاربهێنێ، کە لێرەدا دەسەڵاتی کارگێڕیی هەستاوە بە بەداهێنانی سزایەك کە لە یاساکەدا نەهاتووە، چونکە ئەگەر تەنانەت لەو ماوەیەشدا فەرمانبەر سەرپێچی کردبوو ئەوا ئیدارە دەستی کراوەیە بە پێی یاسا ڕێوشوێن بەرامبەر فەرمانبەرەکە بگرێتە بەر و سزای بدات، بەلام بۆی نییە کە ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکەی بۆ ئەژمار نەکات وەك سزادان بەو پاساوەی کە سەرپێچی کردووە، چونکە ئەوە دووبابەتی لە یەکتر جیاوازن.

## (١٣)
## ئەنجومەنی پارێزگاکان و چاودێری مەشروعیەت (رقابة المشروعية)

لە پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەستبەکاربوونیان و متمانە بەخشین بە بەرێوەبەری گشتی بەرێوەبەرایەتییەکان و یەکە ئیداریە خۆجێیەکان، لەبەرەنجامی مومارەسەی کاری ئیداری ئەو دامەزراوانەوە لە گرتنەبەری رێککاریی ئیداری بەرامبەر فەرمانبەرانیان یان دەرکردنی هەر بڕیارێکی دیکەی کارگێڕیی بەرامبەر بە فەرمانبەرەکانیان، لە بەرامبەردا هەندێك لەو فەرمانبەرانە پەنادەهێنن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە بری پەنا بردنە بەر قەزای تایبەتمەند و لەم کاتەشدا لەلایەن لیژنەی تایبەتی ئەنجومەنەوە بە دواداچوون و هەندێکجاریش لێکۆڵینەوە لە راستی و دروستی ئەو بریارانە دەکرێت کە دەرهەق بەو فەرمانبەرانە دەرچوون، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم کارە لە تایبەتمەندی ئەنجومەنی پارێزگاکانە و تا چەند لەرووی یاساییەوە ئاسەوار دەخاتەوە و کارپێکراوە ، لێرەدا مەبەستمان زیاتر (بریارە تاکەکەس یەکان ـ القرارات الفردیە). لە خوارەوە بە چەند خاڵێك سەرنجی یاسایی خۆمان تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** چاودێریکردنی مەشروعیەت (رقابة المشروعية) لە تایبەتمەندێتی دەسەلاتی دادوەریی تایبەتمەندە و تەنها ئەو لایەنە دەتوانێت هەستێ بە مومارەسەکردنی ئەم دەسەلاتە بەگوێرەی ئەوەی یاسای تایبەتمەند دەقی لەسەرهێناوە، نەك دامودەزگاکانی دیکە دەسەلاتی یاسادانان یان جێبەجێکردن.

**دووەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و هەروەها ئەحکامی ماددەی (بیست و یەکەم) لە یاسای ئەنجومەنی

شورای هەرێم ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ رێگاکان و رێککارەکانی تایبەت بە تانەدان لە بریاری سزادانی فەرمانبەر لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە بە وردی روونکراوەتەوە و دوای رەتکردنەوەی دادخوازی (تظلم) ی فەرمانبەر لە هەلوەشاندنەوەی سزاکە لەلایەن ئەو لایەنەی کە سزای داوە، هەردوو یاسای ناوبراو تایبەتمەندی تێروانینی بابەتەکەیان داوە بە قەزای کارگێرِیی کە بریتییە لە (دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم) و لەم کاتەدا رێگە پێدراو نییە جگە لە دەستەی ناوبراو هیچ لایەنێکی دیکە هەستێ بە مومارەسەکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەم دەسەلاتەیە و دەبێت فەرمانبەر پەیرەوی رێککارەکانی هاتوو بکات بە پێی ئەحکامی ماددەی (١٥) یاسای بەرزەفتەکردن نەك پەنا بباتە بەردەم بەرێزان ئەنجومەنی پارێزگاکان.

**سێهەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (پەنجاو نۆیەم/٣) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و هەروەها ئەحکامی ماددەی (بیستەم) لە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم ، لە حالەتی دەرچوونی هەر بریارێك دەرهەق بە فەرمانبەر (جگە لە بریاری سزادان کە لە خالی دووەی لای سەرەوە رونمان کردەوە ) ئەوا پێویستە فەرمانبەر راستەوخۆ پەنا بباتە بەر دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم بێ ئەوەی پێویست بە پێشکەشکردنی دادخوازی (تظلم ) بکات ، نەك فەرمانبەرەکە پەنا ببات بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان تا لەلایەن خۆیانەوە ئەنجومەنی تایبەتمەند بریارەکەی بۆ هەڵوەشێنێتەوە.

**چوارەم:** بریاری سزادانی فەرمانبەر یاخود هەر بریارێکی دیکەی کارگێرِیی کە لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی دەرچوویێت یان یاسا هاوپێوەندەکانی ئەوا تەنها ئەو لایەنەی بریارەکەی دەرکردووە تایبەتمەندە بە هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە نەك لایەنێکی دیکە

وەك وەزارەت یان ئەنجومەنی پارێزگاكان و دەبێت فەرمانبەر بە وردی ئاگاداری ئەم بابەتە بێت.

**پێنجەم:** بە گوێرەی ئەو تەجروبانەی پیشتر لەم بارەیەوە رویانداوە بەشێک ئەو فەرمانبەرانەی کە پەنایان بردووە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاكان، دواجار ماوەی (تانەدان ـ میعاد الطعن) یان لە دەست چووە و بەم هۆیەشەوە نەیانتوانیوە پەنا ببەنە بەر دەسەلاتی دادوەریی تایبەتمەند بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو بریارە کارگێرییانەی کە دەرهەقیان دەرکراوە، یاخود پەنایان بردووە بەڵام لەرووی شکلییەوە تانەکانیان رەتکراوەتەوە.

**شەشەم:** باشتر وایە لەم جۆرە حالەتانەدا ئەنجومەنە بەرێزەکان گەرهاتوو هەر فەرمانبەرێك لەم روانگەیەوە هانای بۆ هێنان ، ئەوا رێنمونی بکەن کە بە گوێرەی یاسای تایبهتمەند و لە ماوەی یاسایی خۆیدا پەنا بباتە بەردەم دەسەلاتی دادوەری تایبەتمەند بۆ ئەوەی بریاری کۆتایی لە رووی مەشروعیەتەوە لەو بریارەی دائیرەی فەرمانبەرەکە بدات.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە خرایە روو، ئەنجومەنی پارێزگاكان دەسەلاتی چاودێری مەشروعیەت (رقابة المشروعية) یان نییە لە چوارچێوەی بریارە تاکەکەسیەکاندا، لەبەر ئەوەی یاسا ئەو تایبەتمەندییەی داوە بە دەسەلاتی دادوەریی و گەر هەر هەنگاوێك لەم بارەیەوە لەلایەن ئەنجومەنە بەرێزەکانەوە هەڵبگیرێت پاڵپشتی یاسایی نابێت بە تەجاوزکردن بۆ سەر دەسەلاتی دادوەریی تایبەتمەند دادەنرێت و ئاسەواری یاسایی ناخاتەوە.

## (١٤)

## ئايا راگری كۆلیژ یان پەیمانگا دەسەڵاتی بەرزەفتەكاریی هەیە؟

زۆر جار ئەو پرسیارە دەكرێت كە ئایا راگری كۆلیژەكان لە چوارچێوەی زانكۆیەیەكدا یان راگری پەیمانگا سەربەخۆكان دەسەلاتی پێكهێنانی لیژنەی لێكۆڵینەوە و سزادانی فەرمانبەران و ئەو دەسەلاتانەی دیكەیان هەیە كە لە یاسای بەرزەفتەكردندا هاتووە سەبارەت بە گرتنە بەری رێككارە یاساییەكان دەرهەق بە فەرمانبەرانی كۆلیژ یان پەیمانگاكانیان ؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە لە خوارەوە بە چەند خاڵێك روونكردنەوەی یاسایی لەم بارەیەوە تۆمار دەكەین:

**یەكەم:** بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١٤/ یەكەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێم ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠٠٨ و هەروەها ماددەی (٢٢) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٨٨ راگری كۆلیژ یان پەیمانگا بە پلەی بەرێوەبەری گشتی دادەمەزرێن.

**دووەم:** بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١/دووەم) لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەولەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و لە پێناسەی سەرۆكی فەرمانگە دەستەواژەی بەرێوەی بەرێوەبەری گشتی هاتووە كە بە حوكمی یاسا دەسەلاتەكانی سەپاندنی سزای بەرزەفتەكاری و گرتنەبەری رێككارەیاساییەكان بە گوێرەی یاسای ناوبراو دەرهەق بە فەرمانبەران وەردەگرێت.

**سێهەم:** بەگەرانەوە بۆ بۆچوونە فیقهییەكان لە شرۆڤەی یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەولەت و كەرتی گشتی، دكتۆر (غازی فیصل مهدی) لە كتێبی شرۆڤەی حوكمەكانی یاسای ناوبراو لاپەرە (٤) و پاڵپشت بە دەقی ماددەی (٢٢) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی بالای عێراق كە هەمان دەقی ماددەی (١٤/ یەكەم) ی یاسای خوێندنی بالای

هەرێمە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە راگری کۆلیژ یان پەیمانگا بە حوکمی یاسا دەسەلاتی بەرزەفتەکاری هاتوو لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران وەردەگرێت، بەهەمان شێوەش لەلایەن خۆیەوە دکتۆر (مصدق عادل طالب) لە کتێبی شرۆڤەی یاسای راژەی زانکۆیی و لە لاپەرەکانی (٣٤٦ ، ٣٤٩) بە روونی جەختی لەوە کردۆتەوە کە راگری کۆلیژ یان پەیمانگا دەسەلاتە بەرزەفتەکارییەکان بە حوکمی یاسا وەردەگرن.

**چوارەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥/دووەم/٢)ی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم و لە دەسەلاتە کارگێڕی و داراییەکانی راگردا هاتووە کە دەسەلاتی رەزامەندی نیشاندانی هەیە لەسەر پێشنیاریی ئەو لیژنانەی کە لە سەر ئاستی کۆلیژەکە یان پەیمانگاکە پێکدەهێنرێت. کە لێرەدا لیژنەکان بە رەها (مطلق) هاتووە.

**پێنجەم:** بە پێچەوانەی دەقی ماددەی (نۆزدەیەم/حەوتەم) لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٠٩ کە دەسەلاتی وەرگرتنی رێککاری کارگێڕیی و یاسایی دەرهەق بە فەرمانبەرانی کارگێڕییە خۆجێییەکان لەسەر ئاستی پارێزگای تەنها داوە بە پارێزگار کە لەم کاتەدا قایمقامەکان کە بە پلەی بەرێوەبەری گشتی دامەزراون ناتوانن ئەو دەسەلاتە مومارەسە بکەن لەبەر ئەوەی وەك باسمان کرد ئەو دەسەلاتە بە تەنها دراوە بە پارێزگار ، ئەوا لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمدا دەقێکی لەم شێوەیە نەهاتووە کە دەسەلاتی بەرزەفتەکاری تەنها لە دەستی سەرۆکی زانکۆدا دانابێت و بەم هۆیەشەوە راگرەکان نەتوانن مومارەسەی ئەو دەسەلاتە بەرزەفتەکارییانە بکەن کە بە حوکمی یاسا وەریان گرتووە راستەوخۆ لە یاساکەوە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە و بە رەچاوکردنی ئەوەی کە راگری کۆلیژ یان پەیمانگا بە پلەی بەرێوەبەری گشتی دادەمەزرێت و

هیچ دەقێکی یاسایی لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمدا نەهاتووە کە ڕێگری بکات لە ڕاگرەکان تا مومارەسەی دەسەڵاتە بەرزەفتەکارییەکان بکەن بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردن، بۆیە بڕوامان وایە کە ڕاگری کۆلێژەکان یان پەیمانگاکان هەمان دەسەڵاتی سەرۆکی فەرمانگەیان هەیە کە لە حوکمەکانی یاسای بەرزفتەکردندا هاتووە تایبەت بە گرتنەبەری ڕێککارە یاساییەکان دەرهەق بە فەرمانبەرانی کۆلێژ یان پەیمانگاکانیان.

## (١٥)

## هەواڵەکردنی مامۆستا بۆ خانەنشینی و ئەژمارکردنی پاداشت و مووچەی پشووی هاوینە

بەگوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٠ ی وەزارەتی دارایی و ئابووری، مامۆستای هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی شایستەی مووچەی پشووی هاوینە دەبێت (٢) مانگ بە مووچەوە لەگەل پاداشتی خانەنشینی بۆ ماوەیەك کە لە (١٨٠) ڕۆژتێپەڕ نەکات ،بەلام سەرپەرشتیاران (مشرف) ئەوا شایستەی خەرجکردنی مووچەی کۆکراوە دەبن کە لە (١٨٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات ، سەبارەت بەم ڕێنماییە و ریشەی ئەم مافە و دارشتنی ڕێنماییەکە لە خوارەوە چەند سەرنجێك تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** ریشەی مافەکانی مامۆستا لە خەرجکردنی مووچەی پشووی هاوینە دەگەرێتەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (٤٥) برگەی (٢) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و ریشەی پاداشتی خانەنشینیەکەش دەگەرێتەوە بۆ بریاری ژمارە (٤٦٤)ی سالی ١٩٨٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەلوەشاوە) کە دواتر بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پەرلەمانی عێراقی هەلوەشاوەتەوە و دەقی یاسای ناوبراو جێگەی گرۆتەوە.

**دووەم:** ریشەی مافی وەرگرتنی مووچەی مۆڵەتی کۆکراوەی سەرپەرشتیاران کە لە برگەی دووەمی ڕێنماییەکەی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمدا هاتووە دەگەرێتەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (٤٣) لە یاسای راژەی شارستانی و لەم کاتەشدا پێویستە سەرپەرشتیارەکان سیفەتی فەرمانبەری ئاسایی وەربگرن سەبارەت بەدەوامکردن و نابێت پشووی هاوینە وەربگرن و دەبێت مۆلەتەکانیان بۆ کەڵەکە ببێت، واتە گەرهاتوو سەرپەرشتیارێك لە کاتی خانەنشینبووندا مۆلەتی کۆکراوەی نەبوو یان کەمتر لە ١٨٠ ڕۆژی هەبوو ئەوا مووچەی (١٨٠) ڕۆژەکەی پێ نادرێت کە دەکاتە شەش مانگ و ئەو (١٨٠) ڕۆژە بە ماوەی (٥)

ساڵ کۆدەبێتەوە بەلکو بە قەدە بری مۆلەتەکە کۆکراوەکە مووچەی بۆ خەرجدەکرێت، واتە مەرجە ئەگەر سەرپەرشتیارێك بیەویت شایستەی مووچەی مۆلەتی کۆکراوە ببێت بۆ ماوەی (١٨٠) رۆژ ـ شەش مانگ) ئەوا دەبێت پێنج سال وەك فەرمانبەری ئاسایی دەوام بکات و هیچ مۆڵەتێکی ئاسایی وەرنەگرێت لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا.
سێهەم: لەرووی دارشتن و دەلالەتەوە رێنمایەکە چەند هەڵەیەکی تێدایە کە لە خوارەوە دەستنیشانی دەکەین:
١ -بە گوێرەی خاڵی (٥) لە رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٦٠ وەزارەتی دارایی عێراق بۆ خەرجکردنی مووچەی مۆڵەتی کەڵەکەبوو و پشووی هاوینە ، دەبێت مۆلەت و پشووەکە بە رۆژ حساب بکرێت نەك بە مانگ ، چونکە رەنگە مامۆستایەك لە (٢٥/ ٧ ) دا خانەنشین بکرێت نەك لە (١/ ٧) بە هۆی ئەوەی بەرواری لە دایکبونەکەی (٢٥ / ٧) بووە کە لەم کاتەدا دەبێت پشووەکەی بە رۆژ بۆ ئەژمار بکرێت، بەلام رێنماییەکەی وەزارەتی دارایی هەرێم پشووەکەی بە مانگ حساب کردووە، کە ئەمەش لەگەل سروشتی ئەژمارکردنی مووچەی مۆلەتی پشووی هاوینە و مۆلەتی کۆکراوە یەك ناگرێتەوە .
٢ -بە هەمان شێوە رێنماییەکەی وەزارەتی دارایی هەرێم پاداشتی خانەنشینی مامۆستای بە رۆژ حساب کردووە لە کاتێکدا یاسادانەر بە (مانگ) حسابی کردووە هەروەك لە دەقی بریاری ژمارە (٤٦٤) و یاسای ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠١٢ بەدەق هاتووە کە بە مانگ حساب دەکرێت، چونکە پاداشتەکە بەبری مووچەی (شەش) مانگە و گەر فەرمانبەرەکە شایستەی بوو ئەوا شەش مانگەکەی بۆ خەرجدەکرێت ، بەو مانایەی کە بری پاداشتەکە وەك مووچەی مۆلەتی کەلەکەبوو یان پشووی هاوینە نییە کە بە رۆژ حساب بکرێت لەبەر ئەوەی رەنگە کەم و زیاد بکات ، بری پاداشتەکە جێگیرە و کەمو زیاد نەکات.

## (١٦)

## جارێكی دیكه دەربارەی ڕۆڵی ئەندامی داواكاری گشتی له لیژنەكانی لێكۆڵینەوەی كارگێڕیدا.

سەرەرای ئەو مشتومڕە فیقهییەی كه هەیە دەربارەی ئامادەیی ئەندامانی داواكاری گشتی له نێو لیژنەكانی لێكۆڵینەوەی كارگێڕیی لەرووی شكلییەوە و بەراوردكردنی بە سروشتی حوكمەكانی یاسای بەرزەفتكردن، بەپێویستی دەزانین له خوارەوە چەند سەرنجێكی تایبەت تر تۆمار بكەین بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندكردنی ئەم ڕۆڵە و بەرجەستەكردنی پێگەی ئەندامی داواكاری گشتی لەم بوارەدا:

**یەكەم:** بەبروای ئێمە ئەندامی داواكاری گشتی له كاتی ئامادەبوونی له لیژنەكانی لێكۆڵینەوەی كارگێڕیدا زیاتر ڕۆڵی چاودێری مەشروعیەت دەبینێت، چونكه له بنەرەتدا ئەندامی لیژنەكه نییه و بەرپرسیارێتی ناكەوێته ئەستۆ، لەم سۆنگەیەشەوە پێویست دەكات ئەندامی داواكاری گشتی زانیاری و شارەزایی زۆر باشی هەبێت بە وردەكاری حوكمەكانی یاسای بەرزەفتەكردن و یاسای راژەی شارستانی و مووچە و میلاكات و ئەو یاسایانەی دیكه كه كەرتی وەزیفەی گشتییان رێكخستووە ، چونكه لاوازی ئەندامی داواكاری گشتی لەم بوارەدا رۆڵ و پێگەی لاواز دەكات له ئەنجامدانی چاودێری مەشروعیەت و رەنگە كۆمەڵێك رێككار و هەروەها پێشكەشكردنی پێشنیاری بەسەردا تێپەڕێ كه دروست و گونجاو نەبێت لەگەڵ ئەو یاسایانەی ئاماژمان پێدا.

**دووەم:** بەبروای ئێمە دەبێت ئەندامی داواكاری گشتی هەر له فەرمانی كارگێڕیی پێكهێنانی لیژنەی لێكۆڵینەوەكەوە چاودێری كارەكان بكات و دڵنیا ببێتەوە لەوەی كه ئەوەی فەرمانی پێكهێنانی لیژنەكەی داوە دەسەلاتی یاسایی هەیە بۆ پێكهێنانی لیژنەكه ، چونكه گەربێتوو ئەوەی لیژنەكەی پێكهێنابوو دەسەلاتی نەبوو، ئەواسەرجەم ئەو بریارانەی كه

لەبەرەنجامی کاری لیژنەکە دەرچووە لەکەدار دەبێت بە لەکەی نەبوونی دەسەلات. بێگومانئەمەش لەرووی مەعنەوییەوە لەسەر ئەو ئەندامەی داواکاری گشتی دەکەوێت کە چاودێری لیژنەکەی کردووە.

**سێهەم:** ئەندامی داواکاری گشتی دەکرێت لە میانەی رەوتی لێکۆڵینەوەی لیژنەکەوە سەرنج و زانیارییەکانی خۆی بخاتە روو بۆ ئەندامانی لیژنەکە و لە کوێدا کەموکورتی و نەشارەزاییان هەبوو بۆیان تەکمیلە بکات، نەك خۆی هەستێ بە ئەنجامدانی کاروبارەکانی لیژنەکە و رای خۆی بسەپێنێ و بریاری تیا بدات، چونکە ئەو ئەندامی لیژنەکە نییە، خۆگەر بۆی دەرکەوت کە لیژنەکە سەرپێچی کردووە دەتوانێت رێگەیان لێ بگرێت و راستیان بکاتەوە بەلام ناکرێت خۆی لە بری لیژنەکە پێشنیارەکانی بنوسێت و بریار بدات و تەجاوزی سنووری کاری خۆی بکات، چونکە ئەمە لەلایەك پشتگوێ خستنی رۆڵی فەرمانبەری یاسایی ناو لیژنەکەیە و لەلایەکی دیکەش تێپەراندنی دەسەلاتی خۆیەتی لە چاودێری کردنی مەشروعیەت.

**چوارەم:** ئەندامی داواکاری گشتی لەبری پڕکردنەوەی کەموکورتی لیژنەکە و ئەنجامدانی کارەکان لەلایەن خۆیەوە لە بری لیژنەکە، گەر بۆی دەرکەوت کە ئەندامانی لیژنەکە یاخود فەرمانبەری یاسایی لیژنەکە لە ئاستی پێویستدا نین ئەوا دەتوانێت داوای گۆڕین هەلوەشاندنەوەی لیژنەکە بکات لەو لایەنەی کە پێکیهێناوە بەو پاساوە یاساییە کە ئەندامانی لیژنەکە خاوەن شارەزایی (ذوي الخبرة) نین، ئەمەش پالپشت بەو مەرجە شکلییەی کە لە ئەحکامی ماددەی (١٠/یەکەم) هاتووە پێش ئەوەی لەلایەن قەزای تایبەتمەندەوە بریارەکانی دەرچوو لەسەر بنەمای پێشنیارەکانی ئەو لیژنەیە هەڵبوەشێتەوە بەم هۆیەوە .

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە خرانەروو ، بۆمان دەردەکەوێت کە هەتا ئەندامی داواکاری گشتی شارەزا و خاوەن

زانیاری بێت لە بواری یاساکانی وەزیفەی گشتی و قەزای کارگێڕیی ئەوا کاروباری لیژنەکە تۆکمەتر و دروستتردەبێت و مەترسی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو بریارانە کەمتر دەبێتەوە کە لەبەرەنجامی پێشنیارەکانی لیژنەکەوە دەردەچن ، بەپێچەوانەوە گەرهاتوو لەو بوارانەدا ئەندامەکەی داواکاری گشتی لە ئاستی پێویستدا نەبێت ئەوا بێگومان دواتر لەسەر کاروبارەکانی لیژنەکە رەنگدەداتەوە ، چونکە بەپێی ئەو بە دواداچوونانەی کە ئەنجامانداوە دەرکەوتووە کە لیژنەکان بە گشتی و فەرمانبەرانی یاسایی ناو لیژنەکان پشت بە ئەندامی داواکاری گشتی دەبەستن و لەبەر پێگە و شکۆی ئەندامی داواکاری گشتی رەنگە تەنانەت گفتوگۆی را و بۆچونەکانی ئەندامی داواکاری گشتی نەکەن و راستەوخۆ جێبەجێیان بکەن، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەین کە ئەندامانی داواکاری گشتی لەم بوارەدا هەوڵی زۆر بە خەرجبدەن و زیاتر شارەزایی و زانیاری ورد لە حوکمی یاساکانی تایبەت بە وەزیفەی گشتی وەربگرن .. هەروەها پێشنیار دەکەین کە لەلایەن فەرمانگەکانی داواکاری گشتییەوە هەوڵبدرێت چەند ئەندامێکی داواکاری گشتی بۆ ئەم بوارە تەرخان بکرێن کە خاوەن شارەزایی باش بن و ئاڵوگۆریان پێ نەکرێت بۆ ئەوەی بە تەواوی پسپۆری تەواو وەربگرن و بتوانن رۆڵی دیاری کراوی خۆیان بەسەرکەوتوانە بگێڕن و پارێزگاری لە جێبەجێکردنی یاسا و پێگەی داواکاری گشتی بکەن لەم بوارەدا.

## (١٧)

## ئايا ڕێگە پێدراوە فەرمانبەر لە یەك کاتدا فەرمانبەری هەمیشەیی و گرێبەستیش بێت؟

ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان لە فەتوای ژمارە (٢٦ لە ٢٤/١٢/٢٠١٢) کە لەسەر داواکاری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پێشکەشی کردووە، ئاماژەی بەوەداوە کە ڕێگری نیە لەوەی فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گرێبەست کاربکەن لە دەوامی ئێوارانی زانکۆکە گەرهاتوو وەزیر یان ئەوەی وەزیر دەسەلاتی پێدەدات ڕەزامەندی نیشان دا لەسەر ئەو جۆرە کارکردنەکە ، بەبروای ئێمە ئەم فەتوایە لە چەندرووییەکەوە سەرنجی یاسایی هەڵدەگرێت کە لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

**یەکەم:** ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان لە فەتوای ئاماژە پێکراودا تەنها لەسەر ئەحکامی ماددەی (شەش)لەیاسای بەرزەفتکردن وەستاوە وەك پاساوی یاسایی بۆ فەتواکەی کە لەو ماددەیەدا ئاماژە بەو بەدەرکراوانە کراوە کە فەرمانبەر دەتوانێت لەدەرەوەی دەوامی فەرمی خۆی کار بکات بۆ بەرژەوەندی خۆی یان لایەنێکی دیکە، کە بەبروای ئێمە دەبوا ئاماژە بە ئەحکامی ماددەی (٥/یەکەم) ی هەمان یاسا و هەروەها ماددەی (پەنجاو سێهەم)ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٢٤بکرایە .

**دووەم:** ئەو ماددەیەی کەئەنجومەنی شورای هەرێم پشتی پێبەستووە تایبەت بەکارکردنی فەرمانبەرە لە دەرەوەی دەوامی خۆی بۆ بەرژەوەندی خۆی یان لایەنێکی دیکە و بەبروای ئێمە ئەم بابەتە تایبەت نییە بە کارکردنی فەرمانبەر لە دەوامێکی وەزیفی وەك دەوامی ئێواران لە زانکۆیەکی حکومی .

**سێهەم:** بەبروای ئێمە ئەم فەتوایەی ئەنجومەنی شورای هەرێمی دژ یەك دەوەستێتەوە لەگەل ئەحکامی ماددەی (١٧) ی یاسای مووچەی

فەرمانبەران ژمارە ٢٢ی سالی ٢٠٠٨ کە بۆ چارەسەکردنی ئەم جۆرە حاڵەتانە بە دەق میکانیزمی کارپێکردنەکەی دەستنیشانکردووە کە بریتییە لە کارکردن بەشێوەی (ساعات اضافية) کە رۆژانە نابێت لە (٣) کاتژمێر زیاتر بێت کە بەبروای ئێمە ئەو ماوەی یاسادانەر دیاری کردووە گونجاوە بۆ ئەو حاڵەتە و رێگەپێدراو نییە کە ئتجیتهاد بکرێت لە هەبوونی دەقدا .

**چوارەم:** بەبروای ئێمە کارکردنی فەرمانبەر بە شێوەی گرێبەست پێچەوانەی ئەحکامی ماددەی (پەنجاو سێهەم)ە لە یاسای راژەی شارستانییە کە رێگە پێدراو نییە فەرمانبەر لە یەك کاتدا و بۆیەك وەزیفە دوو مووچە لە خەزێنەی گشتی وەربگرێت .

**پێنجەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت بە دەق هاتووە کە رێگە پێدراو فەرمانبەر دوو وەزیفە پێکەوە کۆبکاتەوە، لە هەمانکاتدا بروامان وایە کە بەدەرکردنەکەی هاتوو لە ماددەی شەشەمی یاساکە کە ئەنجومەنی شورا پشتی پێبەستووە بەدەرکردن نییە لەسەر ئەم برگەیەی ماددەی (٥) .

**شەشەم:** فەرمانبەری گرێبەست بەپێی رێنماییەکان ئەوەی پێی دەدرێت مووچەیە و لە هەمانکاتدا بەپێی بریاری دامەزراندنەکەی بەگرێبەست ئەوا پێگەیەکی یاسایی (المركز القانوني) وەردەگرێت، کە جائیز نییە فەرمانبەر لە یەك کاتدا دوو پێگەی یاسایی هەبێت .

**حەوتەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی(١٩/پینجەم) لە یاسای ژمارە (٨)ی سالی٢٠١٣ یاسای بوجەی گشتی لە هەرێمی کوردستان راژەی فەرمانبەری گرێبەست بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژما دەکرێت و لە هەمانکاتدا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣١/ پێنجەم) فەرمانبەری گرێبەست شایستەی خانەنشینی دەبێت بێگومان دەبێت تەوقیفاتی خانەنشیی لێ بربێت، لەسەر ئەم بنەمایەش چۆن دەکرێت کەسیك لە یەك کاتدا دوو جۆرە خزمەتی خانەنشینی بۆ ئەژمار بکرێت.

**هەشتەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣١/پێنجەم) لە یاسای خانەنشینی فەرمانبەری گرێبەستی بە فەرمانبەر داناوە ، لەسەر ئەم بنەمایەش چۆن دەگونجێت کەسێك لە یەك کاتدا دووجار فەرمانبەر بێت.
**نۆیەم:** بێگومان بوونی فەرمانبەر لە یەك کاتدا وەك فەرمانبەری هەمیشەیی و هەروەها فەرمانبەری گرێبەست لە یەك وەزیفەدا ئیشکالیەتی قانونی دەکەویتەوە بە تایبەت بۆ حاڵەتی ڕوودانی سەرپێچی بەرزەفتکاری و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەم جۆرە حاڵەتانە گەرهاتوو هەمان فەرمانبەر سەرپێچییەکەی کردبوو کەپەیوەندی بە هەردوو پێگەکەیەوە هەبوو .
**دەیەم:** لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەولەی عێراقی لە فەتوای ژمارە (٧٨/ ٢٠٠٦ لە ٧/ ١١/ ٢٠٠٦) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە جائیز نییە لە یەك کاتدا فەرمانبەر فەرمانبەری هەمیشەیی بێت و لە هەمان کاتدا فەرمانبەری گرێبەستیش بێت .
**یانزەیەم :** بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەلوەشاوە) ژمارە (٢١١)ی ساڵی ١٩٩٤ ڕێگە پێدراوە کە فەرمانبەر بخرێتەکار لە پاش دەوامی ڕەسمی خۆی لەلایەن وەزیر یان ئەوەی دەسەلاتی پێدەدات بۆ هەندێك کاری تایبەت کە لە دەقی بڕیارەکەدا هاتووە لەبەرامبەر پێدانی کرێ یان موکافەیە.
لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە ، بەبڕوای ئێمە ڕێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەر لە یەك کاتدا فەرمانبەری هەمیشەیی بێت و هەم فەرمانبەری گرێبەست ، بەلام دەکرێت بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٧)ی یاسای مووچەی فەرمانبەران کاریان پێ بکرێت لەبەرامبەر پێدانی کرێیەك بۆ ئەو ماوەی کاریان تیا کردووە و ڕێگە پێدراو نیە وەك مووچە فەرمانبەر دووجار لە یەك کاتدا و بۆ یەك وەزیفە دووجار مووچە لە خەزێنەی گشتی وەربگرێت.

## (١٨)

## ئايا ليژنەی لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی هەیە حوکمەکانی یاسای لێبوردنی گشتی جێبەجێ بکات بەسەر فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە ؟

ڕەنگە هەندێکجار فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە لەبەرەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکەوە دەربکەوێت کە ئەو سەرپێچییەی ئەنجامیداوە ، تاوان پێکدەهێنێت لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە یاخود بەسیفەتە رەسمییەکەی ئەنجامی دابێت، کە لەم کاتەدا پێویستە بە شێوەیەکی وجوبی و وەك دەسەڵاتێکی کۆت و بەندکراو لیژنەکە دوو کار ئەنجام بدات، یەکەمیان دەستبەجێ لێکۆڵینەوەکەی رابگرێت ونەچێتە ناو تایبەتمەندی دەسەڵاتی دادوەرییەوە و دووەمیشیان فەرمانبەرەکە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بکات، بەلام لێرەو لەوێ بەرچاو کەوتووە کە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بە پاساوی ئەوەی کە ئەو تاوانەی فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە بەر یاسای لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئەگەر لیژنەکە هەواڵەی دادگای بکات ئەوا بێگومان (تحصیل حاصل) کە دادوەر بڕیاردەدات بە داخستنی دۆسیەکەی لەبەر ئەوەی بەر یاسای لێبوردنی گشتی دەکەوێت و لەسەر ئەم بنەمایەش لیژنەکە فەرمانبەرەکە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند ناکات، لێرەدا سەرەرای پاساوە واقیعییەکانی ئەم رێککارە، بەڵام دەپرسین لەرووی یاساییەوە تا چەند ئەم کارەی لیژنەکە رێگە پێدراو و یاساییە؟

لە خوارەوە بە چەند خاڵێك سەرنجی یاسایی خۆمان تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی بە پێی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوەکردن لەو سەرپێچییە بەرزەفتکارییەی کە فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە ئەنجامی داوە و رێگە پێدراو نییە

وەك سەرپێچی و هەروەها وەك سزادانیش تایبەتمەندی و سنووری ئەو چوارچێوە ببەزێنێ کە یاساکە دایناوە.

**دووەم:** بە پێی ئەحکامی ماددەی (١٠/سێهەم)یاساکە لیژنەی لێکۆڵینەوە بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە لێکۆڵینەوە لە تاوانێك بکات کە بە پێی یاسای تایبەتمەند لە دەسەلاتی دادگاکان بێت و دەبێت لیژنەی لێکۆڵینەوە لەم حاڵەتەدا لێکۆڵینەوەکەی رابگرێت و فەرمانبەرەکە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بکات وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا.

**سێهەم:** لێکۆڵینەوە و تایبەتمەندێتی بەرزەفتکاریی تەواو سەربەخۆیە لە لێکۆڵینەوە و تایبەتمەندێتی سزایی لەرووی ئامانج و رێککارەکان و خودی سەرپێچییەکە و جۆری سزاکە و دەسەلاتی تایبەتمەندەوە ، لەبەر ئەوە رێگە پێدراو نییە کە هیچ یەك لەم دوو لێکۆڵینەوە جیاوازە تێکەڵ بە یەکتر بکرێت و دەسەڵاتی تایبەتمەندی لایەك زیادەرۆیی بکات سەر تایبەتمەندێتی لایەکەی دیکە و یاسای بەرزەفتەکردنیش لە ماددەی (٢٣)ی خۆیدا بە جوانی ئەم بابەتەی بڕاندۆتەوە کە هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند و بێتاوان دەرچوونی رێگر نییە لەسەپاندنی یەکێك لەو سزایانەی کە لە یاساکەدا هاتووە بەسەر فەرمانبەرەکەدا ، کە ئەمەش بە تەواوی سنووری نێوان هەردوو لێکۆڵینەوەکەی جیاکردۆتەوە.

**چوارەم:** یاسای لێبوردنی گشتی لە تایبەتمەندی دەسەلاتی دادوەرییەو کە لەسەر بنەمای حوکمەکانی یاساکە لیژنەی تایبەتمەند پێکدەهێنرێت بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاساکە و ماوەی زەمەنی دیاری دەکرێت بۆ کارەکانی ئەو لیژنانە و رێککاری پێویست دەستنیشان دەکرێت بۆ تانەدان لە بریاری ئەو لیژنانە و زۆر رێککاری شکلی دیکە لە یاسای لێبوردنی گشتیدا دەقی لەسەر دێت و پێویستە هەر کەیسێك کە بەر یاساکە دەکەوێت بەو شێوەیە بێت کە یاساکە دەقی لەسەر هێناوە و

نابێت لە دەرەوەی ئەو رێککار و مەرجە جەوهەرییانە بێت کە یاسای لێبوردنی گشتی دەقی لەسەر هێناوە.
لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، بەبروای ئێمە بە هیچ شێوەیەك لیژنەی لێکۆڵینەوە و لە ژێر هیچ پاساوێکدا بۆی نییە بە بیانووی ئەوەی ئەو تاوانەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت فەرمانبەرەکە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند نەکات و هەر بریارێك لەم بارەیەوە دەربچێت لەسەر بنەمای پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە بەبریارێکی مەعدوم دادەنرێت و هیچ ئاسەوارێکی قانونی ناخاتەوە .

.

## (١٩)
## دەربارەی مۆڵەتی دایکایەتی

مۆڵەتی دایکایەتی ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری ژمارە (١٥٤٣)ی ساڵی ١٩٧٩ی ئەنجومەنی سەکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە)و ڕێنمایی جێبەجێکردنەکەی بە ژمارە (١٣٤)ی ساڵی ١٩٨١ و لەپاش ئەوەش چەند گۆرانکارییەکی دیکەی تێدا کراوە بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٧٢٧)ی ساڵی ١٩٨٧ و بڕیاری ژمارە (٨٨٢)ی ساڵی ١٩٨٧ی ئەنجومەنی ناوبراو و دواتریش لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە یاسای ژمارە(٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٣ بۆ دەرچووە، کە لە حاڵەتی ئێستادا مۆڵەتی دایکایەتی بەم جۆرەی لای خوارەوەیە:

**یەکەم:** لە عێراقدا تا ئێستا ئەم مۆڵەتە کراوە بە دوو بەشەوە ، شەش مانگی یەکەمی بەمووچەی تەواو دەبێت و شەش مانگی دووەمیشی بەنیو مووچە دەبێت. بەلام لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٣ هەموو ساڵەکە بە مووچەی تەواو دەبێت.

**دووەم:** ئەم مۆڵەتە مۆڵەتێکی جەوازییە و رێگەپێدراوە کە خانمەفەرمانبەر وەری بگرێت یان وەری نەگرێت، بەو مانایەی پێویستە خانمەفەرمانبەرەکە داواکاری بۆ پێشکەش بکات و لە هەمانکاتیشدا دەتوانێت وەری نەگرێت و درێژە بە وەزیفەکەی خۆی بدات، چونکە (مناط)ی مۆڵەتەکە پەیوەندی بە خودی مناڵەکەوە هەیە نەك دایکەکە، بۆیە ئەگەر دایکەکە زانی دەتوانێت دەوام بکات و کێشەی بەخێوکردنی مناڵەکەی نیە ئەوا دەکرێت مۆڵەتەکە وەرنەگرێت، ئەمەش پێچەوانەی مۆلەتی دووگیانی و مناڵبونە (الحمل والولادة) کە مۆڵەتێکی وجوبیە و دەبێت خانمە فەرمانبەرەکە وەری بگرێت چونکە پەیوەندی بە باری تەندروستی خانمە فەرمانبەرەکەوە هەیە و بەم هۆیەشەوە ناتوانێت وەزیفەکەی بە رێکوپێکی راپەڕێنێ.

**سێهەم:** گەرهاتوو لە ماوەی مۆڵەتی دایکایەتیدا، ئەو منالەی کە مۆڵەتەکەی بۆ وەرگیرابوو لە ژیاندا نەما، ئەوا پێویستە دایکەکە بگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی چونکە لە بنەرەتدا مۆڵەتەکەی بۆ مەبەستی بەخێوکردنی منالەکەی پێدراوە،کاتێکیش کە منالەکە لە ژیاندا نەما، ئەوا لەم کاتەدا مۆڵەتەکەش (غرض)ی نامێنێ و کۆتایی پێدێت .

**چوارەم:** مۆڵەتی دایکایەتی ڕێگر نییە لە پلەبەرزکردنەوەی خانمە فەرمانبەر گەرهاتوو بەرواری شایستەبوونی دەکەوتە ناو ماوەی مۆڵەتەکەوە ، بەلام سەبارەت بە شایستەبوونی دایکەکە بە مۆڵەتی کۆکراوە لە ناو مۆڵەتی دایکایەتیدا، ئەوا لەم بارەیەوە بۆچوونی جیاواز هەیە و هەندێك پێیانوایە کە لە ماوەی مۆلەتەکەدا مۆلەتی کەلەکەبوو دروست دەبێت و هەندێکی دیکەش بروایان وایە کە مۆڵەتی کەلەکەبوو لە ماوەی وەرگرتنی مۆلەتەکە دروست نابێت.

**پێنجەم:** مۆلەتی دایکایەتی بە گوێرەی خاڵی (دووەم) لە بڕیاری ژمارە (١٥٤٣)ی سالی ١٩٧٩ لە ژیانی وەزیفی خانمە فەرمانبەردا تەنها بۆ چوار جار دەدرێت و گەرهاتوو خانمە فەرمانبەرەکە بۆ جاری پێنجەم دوو گیان بوو منالی بوو ئەوا لەم کاتەدا شایستەی ئەم مۆلەتە نابێت و دەبێت کارگێری و خۆیەتی فەرمانگەکان بە وردی لەم بابەتە ئاگاداربن و پێش دانی مۆلەتەکە بگەڕێنەوە بۆ دۆسیەی کەسیی خانمە فەرمانبەرەکە بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە ئایا ئەمە چەندهەمین مۆلەتی دایکایەتییە کە وەری دەگرێت، ئەمەش بە پێچەوانەوە مۆلەتی دووگیانی و لەدایکبونەوەیە کە دیاریکراو نییە و چەند جار دووگیانی و لەدایکبوون ڕوودات ئەوا خانمە فەرمانبەرەکە مۆلەتی دووگیانی و لە دایکبوون دەیگرێتەوە.

شەشەم: بەهیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە کە خانمە فەرمانبەر لە کاتی مۆلەتی دایکایەتیدا بخوێنێ یان کاری دیکە بکات یان سەردانی

دەرەوەی ولات بکات، مەگەربێتوو سەردانەکەی بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی منالّەکەی بێت.

**حەوتەم:** گەرهاتوو خانمە فەرمانبەر مۆلەتی دایکایەتی پچڕاند و گەرایەوە سەر وەزیفەکەی ، ئیتر مافی ئەوەی نامێنێ داوای پاشماوەی مۆلەتەکەی بکاتەوە و ئەو پچران و دەستبەکاربونەوە بە تەنازولکردن لەو ماوەی مۆلەتە دادەنرێت کە وەری نەگرتووە و دەستی لێ هەڵگرتووە.

**هەشتەم:** دەبێت خانمە فەرمانبەری مۆلەت دراو لە ماوەی مۆلەتی دایکایەتیدا خۆی تەرخانبکات بۆ بەخێوکردنی منالەکەی و گەرهاتوو سەلمێنرا کە لەماوەی مۆلەتەکەیدا کاری دیکەی کردووە یان خوێندوویەتی ئەوا رێککاری یاسایی لە دژ دەگیرێتەبەر و سزا دەدرێت.

## (٢٠)

## مافی خانەنشینی و لێکدانەوەی وەزارەتی دارایی

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/پێنجەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ :" عەزلکردنی فەرمانبەر یان فەسڵکردنی یان وازهێنانی لە خزمەتی وەزیفی لەبەر هۆکاری ناچاری جگە لەو دەستلەکارکێشانەوەیەی کە بێ رەزامەندی فەرمانگەکەی کردوویەتی یان ئەوەی لە حوکمی ئەوەدایە، نابنە رێگر لە شایستەبوونی بە مافەکانی خانەنشینی و لەم حاڵەتەشدا مووچەی خانەنشینی خەرجناکرێت مەگەربێتوو فەرمانبەرەکە تەمەنی پەنجا ساڵی تەواو بکات.

بەلام بە گوێرەی نوسراوی ژمارە (١٩٩٧٣ لە ١٨/١٠/٢٠١١) وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم هۆکاری ناچاری لەو ماددەیەی لای سەرەوە حەصر کراوە بە هۆکاری سیاسیی و لەسەر ئەم بنەمایەش ئەگەر فەرمانبەرێك لەبەر هۆکارێکی دیکە وازی لە وەزیفە هێنابێت ئەوا مافی خانەنشینی نایگرێتەوە بە گوێرەی نوسراوەکەی وەزارەتی دارایی ، بەمەبەستی رونکردنەوەی زیاتر لەم بارەیەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** دەستەواژەی هۆکاری ناچاری (اسباب الإضطرارية) بە شێوەیەکی رەها (مطلق) هاتووە و وەزارەتی دارایی هەرێم دەسەلاتی حەصرکردنی هۆکاری ناچاری نییە بە هۆکاری سیاسی کە ئەمەش بریارەکەی وەزارەتی دارایی لەکەدار (معیب) دەکات بە لەکەی سەرپێچی یاسا کە هەڵەکردنە لە لێکدانەوەی دەقێکی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو (الخطأ فی تفسیر القانون) کە ئەم بریارەش شایانی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای تایبەتمەند لە حاڵەتی دروستبونی ناکۆکی یاسایی (المنازعه القانونية) لەم بارەیەوە.

**دووەم:** یاسادانەر کاتێك کە دەستەواژەی هۆکاری ناچار لە دەقی ماددەکەدا هێناوە ، ویستویەتی کە حەصری نەکات بە دۆخێکی تایبەتەوە لەبەر ئەوەی وازهێنان لە وەزیفە رەنگە دەیان هۆکاری هەبێت کە بەپێی دۆخی شەخسی فەرمانبەر و بارودۆخی سیاسی و ئابووری بگۆردێت بۆیە رێگەپێدراو نییە کە دەسەلاتی جێ بەجێکردن یەك لایەنە خۆی هەستێ بە لێکدانەوەی دەقێکی قانونی و حەصری بکات جیاواز لە نیەت و مەبەستی یاسادانەر.
**سێهەم:** یاسادانەری عێراق لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ دەستەواژی هۆکاری ناچاری لابردووە و تەنها دەستەواژەی وازهێنان لە وەزیفەی هێناوە، کە ئەمەش ئاراستەیەکی گونجاوترە لەگەل بەرژەوەندی فەرمانبەراندا و لەسەر ئەم بنەمایەش فەرمانبەر بە هەر هۆکارێك وازی لە وەزیفە هێنابیت یان تەنانەت ئەگەر هۆکاریشی نەبێت ئەوا شایستەی مافی خانەنشینی دەبێت بەو مەرجەی ماوەی خزمەتەکەی بەپێی یاساکە تەواو بێت
**چوارەم:**دەستەی گشتی خانەنشینیی عێراقی و قەزای ئیداری لە عێراقدا لێکدانەوەیان بۆ هۆکاری ناچاری کردووە بروایان وابوو کە توشبوونی فەرمانبەر بە نەخۆشی عەقلی یان بە زۆر کۆچپێکردن یان راگرتن یان زیندانیکردن هۆکاری ناچارین، بەلام هیچ یەك لەو دوولایەنە واتای هۆکاری ناچارییان حەصر نەکردووە  تەنها لەیەك هۆکاردا کە باشتر وابوو وەزارەتی داراییش هەمان ئاراستەی بگرتایەتە بەر.
**پێنجەم:** فەرمانبەر لە ژیانی وەزیفی خۆیدا راگیراوی خانەنشینی لە مووچەکەی براوە و بەم جۆرەش شایستەی مافی خانەنشینی دەبیت و یاسای تایبەتمەندیش ئەم مافەی بۆ جێگیرکردووە، لەبەر ئەوە لەم روانگەیەشەوە رێگە پێدراونیە کە دەسەلاتی جێبەجێکردن لەم مافە بێبەشی بکات.

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە گەرهاتوو فەرمانبەر هۆکاری هەبوو بۆ وازهێنان لە وەزیفە بەلام لە لایەن وەزارەتی داراییەوە بە پاساوی ئەوەی کە هۆکاری سیاسی نەبووە بێبەشکرا لە مافی خانەنشینی، ئەوا دەتوانێت تانە لەو بریارەی وەزارەتی دارایی بدات لەبەردەم لایەنی تایبەتمەند بۆئەوەی مافی خۆی وەربگرێتەوە.

## (٢١)

## ئايا ئەوانەی وەزیفەیەكی پلە تایبەت بەڕێوەدەبەن ملكەچ دەبن بۆ ماوەی ئەزمونی؟

بەگوێرەی ئەحكامی بڕگەی یەكەم لە ماددەی (١٤) ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەمواركراو فەرمانبەر لە یەكەم دامەزراندنیدا دەخرێتە ژێر ئەزموونەوە (تحت التجربة) بۆ ماوەی یەك ساڵ لە راژەی فیعلی و پێویستە فەرمان دەربچێت بە جێگیركردنی لە پلەكەی دوای كۆتایی (ماوەی ئەزموونی) گەرهاتوو توانا و لێهاتوویەكەی دووپاتكرایەوە ، بە پێچەوانەوە ماوەی شەش مانگی ئەزموونی دیكەی بۆ درێژ دەكرێتەوە.

هەروەها بە پێی بڕگەی دووەمی هەمان ماددە بێنیازی (استغناء) دەكرێت لە فەرمانبەرەكە گەرهاتوو فەرمانگەكە دڵنیابوو لەوەی شیاونییە بۆ كاركردن لەو وەزیفەیەی بۆی دامەزرێنراوە لەو ماوە ئەزموونییەی كە دەقی لەسەر هاتووە لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیەدا.

هەروەها بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (بیست) لە یاسای ناوبراو گەرهاتوو فەرمانبەر پلەی بەرزكرایەوە بۆ وەزیفەیەك كە ئەركەكانی جیاوازبوو لەگەل ئەركەكانی وەزیفەكەی ئەوا لەم كاتەدا بۆ ماوەی شەش مانگ دەخرێتە ژێر ئەزمونەوە و گەرهاتوو لەو ماوەیەدا دائیرەكەی دڵنیا نەبوویەوە لە توانا و لێهاتوویەكەی ئەوا شەش مانگی دیكە ماوەی ئەزمونییەكەی بۆ درێژ دەكاتەوە

لەسەر بنەمای هەردوو ماددەی ئاماژە پێكراو ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات كە ئایا حوكمی هەردوو ماددەكە بەسەر ئەو كەسانەشدا پەیرەو دەكرێت كە وەزیفەیەكی پلە تایبەت بەرێوە دەبەن ؟

بە گەرانەوە بۆ بڕیارەكانی قەزای كارگێڕیی لە عێراقدا، وەلامی پرسیارەكەمان دەستدەكەوێت و لەم بارەیەشەوە دەستەی گشتی

ئەنجومەنی شورای دەولەت لە عێراق لە بریاری ژمارە (١٧٧/ بەرزەفتکاری/٢٠٠٦ لە ١٧/ ٧/ ٢٠٠٦) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ماوەی ئەزمونی بەسەر ئەو فەرمانبەرانەدا جێبەجێ دەکرێت کە بۆ یەکەمجار دادەمەزرێن و ئەم حاڵەتە جێبەجێ ناکرێت بەسەر ئەوانەی کە وەزیفەیەکی پلە تایبەت بەرێوە دەبەن بەو ئیعتیبارەی کە ئەو کەسانەی ئەم جۆرە وەزیفانە بەرێوەدەبەن وا دەخوازێت کە خاوەنی ماوەیەکی دوورودرێژبن لە راژەی وەزیفی و شارەزایی تەواویان هەبێت لەو بوارەی تیایدا دەستبەکاردەبن .. لەسەر ئەم بنەمایشە لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت هەبوونی پێشینەی شارەزایی پێویست و ماوەی راژەی پێویستی وەك بابەتێکی (تحصیل حاصل) داناوە بۆ ئەوانەی وەزیفەیەکی پلە تایبەت بەرێوەدەبەن، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە پێویستە ئەم کەسانە لە بواری ئەو پسپۆرییەی خۆیاندا تەواو شارەزاو قاڵ بووبن و ماوەیەکی زۆر باش راژەیان لەو بوارەدا هەبێت.

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی یەکەم، لەرووی یاسایی و کارگێڕییەوە رێگە پێدراو نییە کە کەسێك وەزیفەیەکی پلە تایبەت بخرێتە ئەستۆی لە کاتێکدا هیچ جۆرە شارەزاییەکی لەو بوارەدا نەبێت و ماوەی راژەی پێویستی نەبێت، چونکە رێگە پێدراو نییە کە وەزیفەیەکی پلە باڵا وەك وەزیفەیەکی هەستیار و گرنگی نێو داموودەزگا حکومییەکان بسپێردرێت بە کەسێك کە هیچ پێشینەیەکی شارەزایی و راژەی پێویستی نەبێت کە بێگومان لەم کاتەدا زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت و لەرووی یاساییەوە دروست نییە.

**سێیەم:** بە گوێرەی بریارەکەی دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورا دەبێت ئەو کەسەی کە وەزیفەیەکی پلە تایبەت وەردەگرێت لە بوارێکدا وەری

بگرێت کە لە چوارچێوەی پسپۆری خۆیدا بێت و ئەمە سەرەرای هەبوونی شارەزایی لەو بوارە و هەبوونی ماوەی پێویستی راژە لە بوارەکەیدا.

**چوارەم:** ماوەی بەرێوەبردنی وەزیفەی پلە تایبەت ماوەیەکی دیاریکراوە و رێگە پێدراو نییە وەك وەزیفەی ئاسایی سەیر بکرێت و فەرمانبەری بۆ دابمەزرێنرێت و فەرمانبەرەکەش بخرێتە ژێر ئەزمونەوە ، بەلکو ئەم جۆرە پۆستانە لەبەر ئەوەی پۆستێکی قیادین و پێویست بەوە دەکات کە ئەو کەسەی بەرێوەی دەبات تەواو ئامادەباش و خاوەن شارەزایی و خزمەت بێت، بەپێچەوانەوە ئەوا وەزیفەکە وێران دەکات و تا ئەو کاتەی کە بە تەواوی شارەزا دەبیت لەو وەزیفەیە ماوەکەی تەواو دەبێت.

## (٢٢)

## ڕێسا گشتییەکانی بەڕێوەربردنی پۆست بە وەکالەت

بەگوێرەی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە) بە ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧ بابەتی بەڕێوەبردنی پۆستی بە شێوەی وەکالەت ڕێکخستووە، کەهەوڵدەدەین لەخوارەوە ڕێسا گشتییەکانی ئەم بابەتەی لێوە دەربهێنین، بەدەر لەوەی کە ئایا ئەم بڕیارە لە هەرێم بەرکارە یان نا، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمە گرنگە خستنەڕووی ڕێسا گشتییەکانی بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە پۆستانەیە بە وەکالەت:

**یەکەم:** بڕیارەکە پەیوەندی بەبەڕێوەبردنی پۆستی (بەڕێوەبەری گشتی) یەوە هەیە بەوەکالەت و دەسەڵاتەکەش کورتکراوەتەوە لە دەستی وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەتەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش وەک ڕێسای گشتی دەتوانین بڵێین لە حاڵەتی دانانی فەرمانبەرێک بەوەکالەت ئەوا پێویستە لایەنی باڵا (الجهة العليا) بڕیاری دانانی فەرمانبەرەکە بدات بەوەکالەت لەبری بەڕێوەبەرە ئەسڵییەکە، نەک خودی بەڕێوەبەرە ئەسڵییەکە بڕیار بدات بە دانانی فەرمانبەرەکە لە بری خۆی بە وەکالەت.

**دووەم:** لە بڕیارەکەدا ماوەی بەڕێوەبردنی پۆستەکە دیاریکراوە بە (٣) سێ مانگ ، کە لەو ماوەیەدا یان خاوەن دەسەڵاتی بنەڕەتی (صاحب اختصاص الاصيل) دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی یان کەسێکی دیکە لە بری دادەمەزرێت بە بەڕێوەبەری گشتی وەک ئەسیل، لەسەر بنەمایش دەتوانین ئەو ڕێسا گشتییە وەربگرین کە دروست نییە زیاتر لە ماوەی (٣) مانگ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی یان هەر پۆستێکی دیکە بەوەکالەت بەڕێوەببرێت. چونکە سێ مانگەکە بەسە بۆ ئەوەی ئەسیل بگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی یان فەرمانبەرێکی دیکە لە شوێنی دابنرێت، چونکە ناکرێت بۆ ماوەیەکی دووردرێژ پۆستێکی هەستیاری وەک بەڕێوەبەری گشتی

یان هەر پۆستێکی دیکە بە وەکالەت بەڕێوەببرێت، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردن بە وەکالەت بەدەرکردنە (استثناء)یە لەسەر ئەسڵ.
**سێهەم:** ئەو فەرمانبەرەی کە بە وەکالەت لە شوێنی بەڕێوەبەر گشتییەکە دادەنرێت دەبێت دێرینترین و بە تواناترین فەرمانبەری ئەو دائیرەیە بێت، خۆگەرهاتوو دەستنەکەوت ئەوا لەسەر ئاستی وەزارەت فەرمانبەرێکی دیکە کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت لە هەمان پسپۆری بەڕێوەبەر گشتییەکە یان پسپۆرییەکی نزیک بێت لە پسپۆریی بەڕێوەبەر گشتییەکە دەستنیشان دەکرێت بە وەکالەت تا دەستبەکاربێت بە فەرمانی وەزیر، کە بەبڕوای ئێمە بۆ حاڵەتاەکانی دیکەش وەک ڕێسای گشتی پێویستە ڕەچاوی ئەم مەرجە بکرێت.
**چوارەم:** ئەو فەرمانبەرەی کە لەبری بەڕێوەبەرگشتییەکە دەادنرێت بە وەکالەت لەلایەن وەزیرەوە ، دەتوانێت سەرجەم دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەر گشتییەکە مومارەسە بکات لەرووی تایبەتمەندییەوە، واتە بەڕێوەبەرە گشتییەکە ئەسڵییەکە چ دەسەلاتێکی مومارەسەرکردووە ئەوا ئەوەیشی لە شوێنی دادەنرێت بە وەکالەت هەمان دەسەلات مومارەسە دەکات و کارەکانی لەم ڕوانگەیەوە تەواو دروستە.
**پێنجەم:** دانانی بەڕێوەبەرە گشتییەکە بە بڕیارێکی کارگێڕیی دەبێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت بۆ دەستبەکاربوونی فەرمانبەرە نوێیەکە بە وەکالەت لە شوێنی بەڕێوەبەرەکەی ئەسڵییەکە و پێویستە ماوەی وەکالەتەکەی تێدا دەستنیشان کرابێت، بۆ ئەوەی تایبەتمەندی زەمەنی بەڕێوەبەر گشتییەکە بە وەکالەت روون بێت و دواتر لەرووی زەمەنەوە نەکەوێتە حاڵەتی نەبوونی دەسەڵاتەوە ، لەسەر ئەم بنەمایش وەک ڕێسای گشتی دەکرێت بۆ حاڵەتە هاوشێوەکان هەمان شێواز پەیڕەو بکرێت لە دەرکردنی بڕیارەکە و دیاریکردنی ماوەکە لەناو دەقی بڕیارەکەدا.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە ، بەبڕوای ئێمە دەکرێت وەک ڕێسای گشتی بگەڕێینەوە بۆ حوکمە گشتییەکانی ئەو بڕیارە و لەسەر ئەو بنەمایەش بەرێوەبەرێک بە وەکالەت دابنرێت لەلایەن لایەنێکی باڵاوە لە حاڵەتی نەبوونی دەقێکی یاسایی تایبەتدا بەرەچاوکردنی مەرجەکانی هاتوو لە بریارەکە وەک رێسای گشتی، چونکە ناکرێت دەسەلاتی کارگێڕی بە ویست و ئارەزووی خۆی ئەم جۆرە پۆستانە یان هەرپۆسێکی دیکە بەوەکالەت پڕبکاتەوە بێ رەچاوکردنی بنەما گشتییەکانی شێوازی بەرێوەبردنی پۆست بە وەکالەت.

## (٢٣)

## ئايا فەرمانبەر دەتوانێت مۆڵەتی نەخۆشی بپچڕێنێ و بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی؟

مۆڵەتی نەخۆشی بەگوێرەی ئەحكامی ماددەی (چل و شەش) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و رێنماییە هاوپێوەندەکانی دەدرێت بەنەخۆش، ئەوەش بەگوێرەی ئەو رێککارانەی کەدیاریکراوە بۆ پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی لە نەخۆشخانە و لیژنەپزیشکییەکان، هەروەها لەبەر گرنگی ئەم بابەتە یاسادانەر جیاواز لە مۆلەتەکانی دیکە رەسیدی تایبەتی مۆلەتی بۆ داناوە تا فەرمانبەر کەڵکی لێ وەربگریت ئەمە سەرەرای ئەوەی جگە لەیاسای راژەی شارستانی یاسادانەر لە یاسای پەککەوتنی تەندروستی ژمارە (١١)ی سالی ١٩٩٩ ئاماژەی پێداوە و بوارێکی باشتری لەم بارەیەوە داوە بە فەرمانبەر ، هەروەها پێرەویکی تایبەتیش لەم بارەیەوە دەرچووە و بە وردی حوکمەکانی مۆلەتی نەخۆشی دیاری کردووە ، بۆیە لە خوارەوە چەند سەرنجێك لەم بارەیەوە تۆماردەکەین:

**یەکەم:** مۆڵەتی نەخۆشی مۆڵەتێکی کۆت وبەندکارە (مقید) بۆ دەسەلاتی کارگێڕیی و کاتێك کە مۆلەتی نەخۆشی درا بە فەرمانبەر لە یەکێك لەو لایەنانەی تایبەتمەندن بە پێدانی مۆلەت، ئەوا لەم کاتەدا دەسەلاتی کارگێڕیی ناتوانێت خۆی بگرێتەوە (امتناع) لە پێدانی مۆلەتەکە بە فەرمانبەرەکە و هەموو ئەوەی کە دەسەلاتی کارگێڕی لەم بوارەدا دەتوانێت بیگرێتە بەر ئەوەیە کە تانە بدات لە بریاری مۆلەت پێدانەکە کە لە لیژنەی پزیشکییەوە دەرچووە.

**دووەم:** بەپێی ماددەی (٦) لە پێرەوی مۆلەتەکانی نەخۆشی ژمارە(٧٦)ی سالی ١٩٥٩ گەرهاتوو فەرمانبەر لە ماوەی مۆلەتی ئاساییدا نەخۆش کەوت، ئەوا مافی هەیە کە مۆلەتە ئاساییەکەی بپچڕێنێ ئەو ماوەی

مۆڵەتە ئاساییەی کە ماویەتی بە پێی راپۆرتی پزیشکی بکات بە مۆڵەتی نەخۆشی ، کە ئەمەش گرنگی پێدانی یاسادانەر نیشان دەدات بە مۆڵەتی نەخۆشی.

**سێهەم:** مۆڵەتی پزیشکی کاتێك لەلایەن پزیشك یان لیژنەی پزیشکییەوە دەدرێت بە فەرمانبەر، ئەوا ئەم مۆڵەت پێدانە بەپێی تایبەتمەندی پزیشکەکە یان لیژنە پزییشکییەکە دەدرێت و لە پاش دیراسەتکردن و هەلسەنگاندنی دۆخی تەندروستی فەرمانبەرە نەخۆشەکە مۆڵەتەکە دەدرێت و ماوەکەی دیاری دەکرێت، لەبەر ئەوە لەم کاتەدا نەدەسەلاتی کارگێڕیی و نە فەرمانبەرەکەش کەسیان دەسەلاتی ئەوەیان نیە کەم و زیاد لە ماوەی ئەو مۆڵەتە بکەن کە لەرێگەی پزیشك یان لیژنەی پزیشکییەوە دراوە.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە دەتوانین بڵێین کە فەرمانبەر یان دەسەلاتی کارگێڕیی ناتوانن یەکلایەنە مۆڵەتی نەخۆشی فەرمانبەر کۆتایی پێ بهێنن و بیپچڕێنن مەگەر بیتوو فەرمانبەرەکە بچێتەوە بەردەم هەمان ئەو لیژنەیەی کە مۆڵەتەکەی پێداوە و ئەو لیژنەیە بەراپۆرتێکی دیکە شیاوێیەتی فەرمانبەرەکە بسەلمێنێ کە دەتوانێت دووبارە دەستبەکاربێتەوە لە وەزیفەکەی، بۆیە رێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەرێك گەرهاتوو مۆڵەتی نەخۆشی وەرگرتبوو ، دەستبەکاربونەوەی بۆ بکرێت با خۆیشی داوای بکات، مەگەربێتوو جارێکی دیکە رەوانەی لیژنەی پزیشکی بکرێتەوە تا لیژنەکە چاکبوونەوەی تەواوی فەرمانبەرەکە بسەلمێنێ و پشتگیری گەرانەوەی بکات بۆ سەر وەزیفەکەی.

## (٢٤)
## راگرتن (توقيف) و بەندكردن (حبس) و زيندانی كردنی (سجن) فەرمانبەرن و تەكييفی ياسايی لەلايەن ئيدارەوە

هەندێكجار فەرمانبەر بەهۆی تاوانێكی سزايی يان كێشەكەيەوە رەنگە رابگيرێت و دواتر لەبەرەنجامی دادگايی كردنەوە حوكم بدرێت بە بەندكردن يان زيندانيكردن بە تايبەت لەسەر ئەو تاوانانەی كە ئابڕوبەر نين (غير مخلة بالشرف) ، بەلام لەبەرامبەردا ئيدارە جار و بار وەك پێويست تەكيفی دروستی ئەو حالەت ياساييانەی فەرمانبەر ناكەن و بە هەڵە مامەڵەی لەگەل دەكەن كە دواجار بە زيانی ئيدارە يان فەرمانبەرەكە كۆتايی دێت بۆيە لە خوارەوە بە چەند خاڵێك وردەكاری جێبەجێكردنی دروستی ياسايی ئەو حالەتانە دەخەينەڕوو:

**يەكەم:** بەگوێرەی ئەحكامی ماددەی (١٦) لە ياسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ گەرهاتوو فەرمانبەر لەلايەن لايەنی تايبەتمەندەوە راگيرا ئەوا دەبێت دەستپێكێشانەوە (سحب اليد)ی بۆ بكرێت بە درێژايی ماوەی راگيرانەكەی ، لەسەر ئەو بنەمايەش دەستپێكێشانەوە تەكييفی ياسايی دروستی ماوەی راگرتنی فەرمانبەرە و ياسادانەر لە ياسای ناوبراودا بە حصر هێناويەتی و رێگە پێدراو نييە كە بۆ حالەتی راگرتنی فەرمانبەر ، ئيدارە جگە لە دەستپێكێشانەوەی فەرمانبەر هيچ رێككارێكی ديكە بگرێتە بەر .

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحكامی ماددەی (٨/حەوتەم/ ب) لە ياسای ناوبراو گەرهاتوو فەرمانبەر حوكم درا بە بەندكردن يان زيندانيكردن لەسەر تاوانێك كە ئابڕووبەر نەبوو، ئەوا بۆ ئەو ماوەيەی كە حوكمدراوە فەسڵدەكرێت، لەسەر ئەم بنەمايەش بەگوێرەی ماددە و بڕگەی ئاماژە

پێکراو، فەسڵکردن تاکە ڕێککار و تەکییفی یاساییە بۆ حالەتی بەندکردن یان زیندانیکردنی فەرمانبەر لە سەر تاوانێك کە ئابڕووبەر نەبێت و دەسەلاتی کارگێڕیی ڕێگەی پێنەدراوە کە جگە لە فەسڵکردن بۆ ئەم حالەتە هیچ ڕێککارێکی دیکە بگرێتە بەر.

**سێهەم:** هەمیشە بڕیاری دەسەلاتی کارگێڕیی بۆ دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر بە گوێرەی حوکمی ماددەی (١٦) ی یاساکە و هەروەها بەندکردن یان زیندانیکردن بە گوێرەی حوکمی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) بڕیاری ئاشکرا کارە (کاشف) و هەمیشە دواتر دەردەچێت و بە ئاسەواری گەراوەیی (أثر رجعی ) جێبەجێدەبێت و دەسەلاتی ئیدارە لەم دوو حالەتەدا دەسەلاتی کۆت و بەندکراوە (سلطة مقیدة).

**چوارەم:** دەبێت لە فەرمانی فەسڵکردنی فەرمانبەردا بە وردی ماوەی بەندکردن یان زیندانیکردنەکە دەستنیشان بکرێت و گەڕهاتوو فەرمانبەرەکە پێشتر ڕاگیرابوو ئەوا دەبێت ماوەی ڕاگرتنەکە لە ماوەی فەسڵکردنەکەدا حساب بکرێت لە کۆی ماوەی بەندکردن یان زیندانیکردنەکە دەربکرێت.

**پێنجەم:** بەهیچ شێوەیەك نابێت هەردوو ماوەکە (ماوەی ڕاگرتن) و (ماوەی بەندکرن یان زیندانیکردن) تێکەڵ بکرێت لەلایەن ئیدارەوە و ملکەچ بکرێن بۆ ژێر یەك حوکم، واتە ڕێگە پێدراو نیە ماوەی ڕاگرتن بخرێتە ناو ماوەی بەندکردن یان زیندانیکردنەوە لە کاتی دەرکردنی بڕیاری فەسڵکردنی فەرمانبەردا.

**شەشەم:** فەسڵکردن بریتیە لە دەرکردنی کاتی فەرمانبەر، لەبەر ئەوە بەپێی یاسا دەبێت لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی فەسڵکردنەکە کەبریتییە لە ماوەی بەندکردن یان زیندانیکردنەکە، فەرمانبەرەکە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی ئازادبوونی داوای دەستبەکاربوونەوە بکات لە وەزیفەکەی، بە پێچەوانەوە گەڕهاتوو لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا داوای

دەستبەکاربونەوەی نەکرد و هیچ مەعزرەرتێکی بەجێی نەبوو ئەوا مافی دەفەوتێ لە دەستبەکاربوونەوە.

**حەوتەم:** لە ماوەی دەستپێکیشانەوەدا فەرمانبەر نیوەی مووچەکەی بۆ خەرجدەکرێت و گەڕهاتوو دواتر لەبەرەنجامی حوکمی دادگاوە ئیدانەکرا ئیتر ئەگەر بە غەرامەکردن بێت یان بەندکردن یان زیندانیکردن ئەوا نیوەمووچە ڕاگیراوەکەی بۆ خەرج ناکرێت.

## (٢٥)

## ئایا ئەو سوپاس و پێزانینەی کە پارێزگار ئاراستەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆی دەکات ئاسەواری یاسایی دەخاتەوە؟

یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ لە ئەحکامی ماددەی (٢١)ی یاساکەدا بابەتی سوپاس و پێزانینی هێناوە و حوکمەکانی دەستنیشان کردووە لەگەڵ ئەو ئاسەوارانەی کە سوپاس و پێزانین دەیخاتەوە لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەران، چ ئاسەواری پێدانی پێشخستن بێت یان سرینەوەی سزا یان کەمکردنەوەی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە ، لە خوارەوە لە چەند خاڵێك سەرنجی یاسایی خۆمان لەم بارەیەوە تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** سوپاس و پێزانین بەپێچەوانەی بابەتەکانی سزادان و دەستپێکێشانەوە و هەواڵەکردن بۆ دادگا کە یاساکە راستەوخۆ داویەتی بە وەزیر و سەرۆکی فەرمانگە، بەڵام دەسەڵاتی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینی تەنها داوە بە وەزیری تایبەتمەند یان ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیر دەسەلاتەکەی پێدەدات، واتە لەم کاتەدا سەرۆکی فەرمانگە بە حوکمی قانون دەسەلاتەکە وەرناگرێت بەلکو لە بنەرەتدا دەسەلاتەکە هی وەزیر و دەتوانیت شۆڕی بکاتەوە بۆ خوارەوەی خۆی.

**دووەم:** ئەو سوپاس و پێزانینەی کە ئاراستە دەکرێت لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆکی پەرلەمان یان وەزیرەکان یان ئەوانەی کە وەزیر دەسەلاتی پێداون، ئەوا تەنها یەك مانگ پێشخستن دەخەنەوە یان یەك ئاسەواری یاسایی دەخەنەوە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی سزا بەرزەفتەکارییەکان یان کەمکردنەوەی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە .

**سێهەم:** دەستەواژەی وەزیر کە بۆ مەبەستی جێەجێکردنی حوکمەکانی

یاساکە هاتووە بریتییە لە وەزیری تایبەتمەند، نەك وەزیری وەزارەتێکی دیکە .کەواتە ئەگەر سزایەك یان سوپاسێك لە غەیری وەزیری تایبەتمەند دەرچوو ئەوا ئاسەواری یاسایی ناخاتەوە.

**چوارەم:** گەرهاتوو سوپاس و پێزانین لە لایەن وەزاری ناتایبەتمەند (وزیر غیر مختص) ئاراستەی فەرمانبەر کرا ئەوا هیچ ئاسەوارێکی قانونی بۆ فەرمانبەرەکە ناخاتەوە مەگەربێتوو لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە سوپاس و پێزانینەکە پەسەند بکرێت.

**پێنجەم:** سوپاس و پێزانین ئاراستەی فەرمانبەر دەکرێت لە پای کارێك کە ئەنجامی داوە و کارێکی نایاب بووە ،نەك لەبەر ئەوەی فەرمانبەرەکە کارەکانی سەرشانی بە دڵسۆزی ئەنجام داوە یان پابەندی دەوام بووە، چونکە ئەمانە ئەرکی سەرشانی فەرمانبەرن، بەڵکو دەبێت فەرمانبەرەکە کارێکی جیاوازی ئەنجام دابێت کە لە هاوپیشەکانی جیای بکاتەوە. لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە و بەمەبەستی خستنەوەی ئاسەواری یاسایی بۆ ئەو سوپاس و پێزانینانەی کە لەلایەن پارێزگارەکانەوە ئاراستەی ئەو فەرمانبەرانە دەکرێت کە سەر بە بەرێوەبەرایەتییەکانی دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆن، ئەوا دەبێت نوسراوی سوپاس و پێزانینەکان ئاراستەی وەزارەتی تایبەتمەندی فەرمانبەرەکە بکرێت بۆ ئەوەی لەلایەن وەزیرەوە پەسەند بکرێت تا دواتر فەرمانبەرەکە سوود لە ئاسەوارەکانی وەربگرێت.

# (٢٦)

## تەکییفی دابرانی فەرمانبەر لە وەزیفە

بابەتی دابڕانی فەرمانبەر لە وەزیفە و دانانی بە دەستلەکارهەڵگرتوو (مستقیل) سێ جۆری هەیە و دوو یاسا ڕێکیخستوون کە بریتین لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ماددەی (٣٧ /برگەکانی یەکەم و دووەم) و یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٢ ی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لەکاتی دەرکردنی بریاری دانانی فەرمانبەر بە دەستلەکارهەڵگرتوو ، پێویستە بە وردی لەلایەن فەرمانگەکانەوە رەچاوی تەکییفی دابرانەکە بکرێت بە گوێرەی هەردوویاساکە، بۆیە لە خوارەوە روونکردنەوەی پێویست لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** دوو جۆری دابڕانی فەرمانبەر لە وەزیفە کە لە حوکمەکانی بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (٣٧)ی یاسای راژەی شارستانی دا هاتوون بریتین لەمانەی خوارەوە :

١- پەیوەندی نەکردنی فەرمانبەر بەو وەزیفەی کە بۆی گوازاربوویەوە بۆ ماوەی (٥)رۆژ لە پاش لەکارترازانی گەرهاتوو هیچ مەعزەرەتێکی بەجێی نەبوو، کە لەم بڕگەیەدا ماوەی دابرانەکە بریتییە لە (٥) رۆژ .

٢- پەیوەندی نەکردنەوەی فەرمانبەر بە وەزیفەکەی پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی لە ماوەی (١٠) رۆژدا گەر هاتوو هیچ مەعزەرەتیکی بەجێی نەبوو واتەم لە جۆرەشدا ماوەی دابرانەکە بریتییە لە (١٠) رۆژ.

لەسەر بنەمای ئەو دوو جۆرەی لای سەرەوە گەرهاتوو فەرمانبەر دابرا لە وەزیفەکەی بۆ ئەو ماوانەی کە لە هەردوو جۆرەکەدا هاتوون، ئەوا پێویستەلەسەر وەزارەت یان بەرێوەبەرایەتییەکە کە بەگوێرەی حوکمەکانی ماددەی (٣٧) برگەکانی یەکەم یان دووەم کۆتایی بە راژەی فەرمانبەرەکە بهێنرێت بۆ ئەو ماوانەی کە هاتوو لە هەردوو بڕگەکەدا نەك ئاماژە بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی

کوردستان بدرێت لە فەرمانەکەدا کە ماوەی دابران تیایدا بریتییە لە (٣٠) ڕۆژ.

**دووەم:** جۆری سێهەمی دابرانی فەرمانبەر لە وەزیفە بریتییە لە دابرانێکی کتوپڕ لە وەزیفە بێ ئەوەی پێشتر فەرمانبەرەکە مۆڵەت بووبێت یان راژەکەی گوازرابێتەوە ، لەم کاتەدا بۆ تەکیفی دابرانەکە پێویستە ئاماژە بە حوکمی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٢ پەرلەمانی کوردستان بدرێت کە تیایداهاتووە: گەرهاتوو فەرمانبەر بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بەشێوەی سەروومڕ یان پچڕ پچڕ لە وەزیفە دابرا بێ هەبوونی مەعزەرەتی بەجێ ئەوا بەدەستلەکارهەلگرتوو دادەنرێت، ئەم یاسایەی پەرلەمانی کورستان هەمواری برگەی (٣)ی ماددەی (٣٧)ی یاسای راژەی شارستانی کردووە و کە لەو برگەیەدا ماوەی دابرانەکەی بە (١٠) ڕۆژ دانراوە ، بەلام لە هەرێم کار بە یاساکەی پەرلەمانی کوردستان دەکرێ کە ماوەکەی (٣٠) ڕۆژە.

**سێهەم:** دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی بۆ کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەری دابراو لە وەزیفە فەرمانێکی ئاشکراکارە (کاشفە) و تەنانەت ئەگەر فەرمانەکەش دەرنەکرێت ئەوا فەرمانبەرەکە بە حوکمی یاسا سیفەتی وەزیفی لە دەست دەدات و وەك فەرمانبەر نامێنێ گەرهاتوو بۆ ئەو ماوانە لە وەزیفە دابرا کە لە هەردوو یاساکەدا هاتوون و لەسەرەوە روونمان کردەوە .

**چوارەم:** هەڵەکردن لە تەکییفی دابرانەکە و ملکەچکردنی بۆ حوکمی یاسایەکی دیکە لە حالەتی کەوتنەوەی مونازەعەی قانونیدا گرفت و کێشە بە دوای خۆیدا دەهێنێ، بۆ نمونە گەرهاتوو فەرمانبەر دابرا لە وەزیفە لە حالەتی گواستنەوەی راژەکەی یان کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی و ئیدارە تەکییفەکەی بە یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٢ ی پەرلەمانی کوردستان بۆ کرد، ئەوا ئیدارە دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەوە لەبەر ئەوەی بە هەڵە تەکیفی ماوەی دابرانی فەرمانبەرەکەی کردووە.

## (٢٧)
## غیابوونی فەرمانبەر ئاسەوار و لێکەوتە یاساییەکانی

زۆر جار کە فەرمانبەر غیاب دەبێت لە دەوام بێ هەبوونی هیچ جۆرە پاساوێکی بەجێ ئەوا وەك عورفێکی ئیداری لە لایەن دائیرەکەی بە فەرمانێکی کارگێڕیی بە نەهاتوو ئەژمار دەکرێت و دواتر فەرمانەکە دەخرێتە ناو دۆسیەکەیەوە ، بەلام لە راستیدا و بە گەرانەوە بۆ دەقی یاسا هاوپێوەندەکان ، غیابوونی فەرمانبەر تەنها بەم رێککارە کۆتایی نایەێت و زۆر لێکەوتە و ئاسەواری دیکە بە دوای خۆیدا دەهێنێ کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

**یەکەم:** کاتێك کە فەرمانبەر غیاب دەبێت ئەوا لە قۆناغی یەکەمدا شایستەی مووچەی ئەو رۆژە نابێت کە تیایدا غایب بووە، ئەمەش نەك وەك سزا بەڵکو بە گوێرەی بنەمای کرێ بەرامبەر کارکردن (أجر مقابل العمل) ، چونکە فەرمانبەرەکە لەو رۆژەدا هیچ کارێکی نەکردووە تا شایستەی مووچەی ئەو رۆژە بێت، بۆیە ئەم مووچە برینە بە سزا ئەژمارناکرێت.

**دووەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤/دووەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ غیابوون بەسەرپێچی بەرزەفتکاری دانراوە و سەرپێچی کردنی فەرمانبەرە لە ئەرکەکانی سەرشانی، کە لەم کاتەدا و بە پێی ماددەی (٧)ی هەمان یاسا پێویستە لەلایەن ئیدارەوە بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی (١٠)ی یاساکە رێککاری پێویست دەرهەق بە فەرمانبەرەکە بگیرێتە بەر و یەکێك لەو سزایانەی کە لە ماددەی (٨)ی هەمان یاسادا هاتوون بسەپێنرێت بەسەریدا.

**سێهەم:** غیابوونی فەرمانبەر بە قەدەر رۆژەکانی نەهاتنی، سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوەکەی دوادەخات، چونکە ئەو رۆژانەی کە فەرمانبەر تیایدا

شایستەی مووچە نەبووە،  ئەوا بە راژەی وەزیفی ئەژمار ناکرێت، ئەمە سەرەرای ئەو ئاسەوارەی کە بە هۆی سزادانی فەرمانبەرەکەوە لەسەر غیابوونەکەی دەکەوێتەوە لەسەر پێگەی یاساییەکەی و دەبێتە هۆی دواخستنی پلەبەرزکردنەوەکەی.

**چوارەم:** رۆژەکانی غیاب بوونی فەرمانبەر بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی سالی ٢٠٠٦ بە خزمەتی خانەنشینی ئەژمار ناکرێت و لە کۆی راژەی فەرمانبەرەکە دەردەکرێت .

**پێنجەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر بەردەوام بوو لەسەر غیابوون ، ئەوا بێگومان ئەگەری زۆرە ملکەچ ببێت بۆ حوکمەکانی ماددەی (١)ی لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان یان ماددەی (سی و حەوتەم/٣) لە یاسای راژەی شارستانی کە دواجار بە کۆتایی هاتنی راژەی فەرمانبەرەکە تەواو دەبێت و فەرمانبەرەکە بە دەستلەکارهەڵگرتوو لە وەزیفە دادەنرێت.

**شەشەم:** رەنگە بە هۆی غیابوونی فەرمانبەرەکەوە زیانێکی ماددی کەوتبێتەوە یان دائیرەکە مافێکی لە دەستچووبێت، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە رووبەرووی لێپرسینەوەی سزایی (جزائی) دەبێتەوە کە ئەگەری زۆرە بەندکردن و غەرامەکردنی بە دوادا بێت، یان قەرەبووکردنەوە بخرێتە ئەستۆی لە رێگەی بریاری دادگای تایبەتمەندەوە یان (تضمین) بکرێت لەلایەن دائیرەکەیەوە

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە ، دەردەکەوێت کە غیابوون ئاسەوار و کاریگەری و لێکەوتەی جۆراوجۆری هەیە و دەبێت فەرمانبەران لەم بارەیەوە زۆر وشیاربن و هەولبدەن پابەندی دەوام بن و غیاب نەبن.

## (٢٨)
## حوكمی غیاب و تێکەڵبوونی لەگەڵ رۆژانی پشوو

زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێت گەرهاتوو غیابوونی فەرمانبەر راستەوخۆ کەوتە پێش رۆژی پشوو یان راستەوخۆ دوای پشوو یان گەرهاتوو پشوو کەوتە نێوان دوو رۆژی غیابوونەوە حوکمی چۆنە و چۆن ئەژمار دەکرێت؟.

بە گەرانەوە بۆ رێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٦٠ کە حوکمەکانی مۆڵەت و رۆژانی پشووی رێکخستووە ، هیچ دەقێك لەم بارەیەوە نەهاتبوو، بەلام دواتر بە پێی رێنمایی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ١٩٦٦ بڕگەی (١٢) زیادکرا بۆ رێنمایی ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٦٠ و لەو برگەیەدا هاتووە کە ئەو پشووەی دەکەوێتە نێوان دوو غیاب بوونی بێ مووچەوە، ئەوا بەدرێژبونەوەی غیابەکە دادەنرێت و تیایدا فەرمانبەرەکە شایستەی مووچەکەی نابێت.. ئەمەش تاکە رێنماییە کە بابەتی بەر یەککەوتنی غیاب بوون و رۆژانی پشووی رێکخستووە، لەسەر ئەو بنەمایەش دەتوانین بڵێین:

**یەکەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر رۆژی پێنج شەممە و رۆژی یەك شەممە غیاب بوو نەگەرایەوە بۆ دەوام ئەوا لەم کاتەدا هەردوو رۆژی هەینی و شەممە بە غیابوون ئەژمار دەکرێت بۆ فەرمانبەرەکە و شایستەی مووچەی ئەو رۆژانە نابێت.

**دووەم:** گەرهاتوو رۆژی غیابوونی فەرمانبەرەکە راستەوخۆ کەوتە پێش رۆژێکی پشوو یاخود کەوتە دوای رۆژێکی پشوو، ئەوا لەم کاتەدا رۆژی پشوەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە ناچێتە ناو ماوەی غیابونەکەوە و فەرمانبەرەکە تەنها شایستەی مووچەی ئەو رۆژە نابێت کە غیاب بووە، هەرچەند سەنەدی یاسای ئەم بۆچوونە بە دەقی راشکاوانە لە رێنماییەکانی تایبەت بە راژەی شارستانی نەهاتووە، بەڵام بە گەرانەوە بۆ

حوكمی خاڵی (٨) له ڕێنمایی ژماره (١٤)ی ساڵی ١٩٦٠ دەتوانین دووپاتی ئەم بۆچونە بکەینەوە، چونکە لە خالی ئاماژە پێکراودا هاتووە کە پشووی فەرمی گەرهاتوو ڕاستەوخۆ کەوتە دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەت یان ڕاستەوخۆ کەوتە پێش دەستپێکردنی مۆلەت، ئەوا نابێتە بەشێك لە مۆڵەتەکە، لەسەر ئەم بنەمایش دەتوانین بڵێین: بە گوێرەی ڕێسا کارپێکراوەکان گەرهاتوو دەقێکی ڕاشکانە نەهاتبوو بو ڕێکخستنی بوارێکی دیاریکراوە ئەوا لەم کاتەدا دەکرێت بگەرێینەوە بۆ دەقە هاوشێوەکان کە بوارێکی هاوشێوەی ڕێکخستووە مادەم عیللەتی بابەتەکە یەك ئامانج بێت، لە لایەکی دیکەشەوە ڕێگە پێدراو نییە بەبێ دەقی یاسایی ڕێکارێك بگیرێتە بەر دەرهەق بە فەرمانبەر و فەرمانی لە دژ دەربچێت لە کاتێکدا فەرمانەکە دەقێکی یاسای ڕاشکاوانە ڕێکی نەخستبێت

## (٢٩)

## کێ سزای فەرمانبەرانی پلە تایبەت دەدات؟

مەبەست لە فەرمانبەرانی پلە تایبەت لەم باسەدا ئەو فەرمانبەرانەن کە پلەکانیان لە بەڕێوەبەری گشتی بەرەو سەرەوەیە وەك بەڕێوەبەری گشتی و بریکاری وەزارەت و پارێزگار و قایمقام و سەرۆکی زانکۆکان و راگری پەیمانگە یان کۆلێژەکان و ملکەچن بۆ یاساکانی راژەی شارستانی و یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و یاسا هاوپێوەندەکان.

بەگەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (١٢) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ، یاسادانەر ئەم بابەتەی رێکخستووە کە لە خوارەوە لەبەر رۆشنایی ئەم ماددەیەدا ئەم سەرنجە یاساییانەی خوارەوە تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** بەپێی بەندی یەکەم لە ماددەی (١٢)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران وەزیری تایبەتمەند(الوزير المختص) دەسەلاتی سەپاندنی هەر یەك لە سزاکانی (سەرنج راکێشان) و (بە ئاگاهێنانەوە) و (مووچە بڕینی) هەیە بەسەر ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیفەی بەرێوەبەری گشتی بەرەو سەر بەرێوەدەبات.

**دووەم:** بەپێی ماددەی ئاماژەپێکراوی هاتوو لە خاڵی یەکەمدا پێویستە رێککارەکانی سەپاندنی سزاکە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٠)ی یاسای بەرزەفتکردن ئەنجام درابێت ئیتر ئایا لە رێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوەوە سزادرابێت یان لە رێگەی ئیستیجوابەوە بە پێی ئەحکامی ماددەی (١٠/چوارەم) لە یاساکە.

**سێهەم:** وەزیری تایبەتمەند دەسەلاتی سزادانی فەرمانبەری پلە تایبەتی کۆت و بەندکراوە بە هەر سێ سزای (سەرنج راکێشان) و (بەئاگاهێنانەوە) و (مووچە بڕینی) و گەرهاتوو لیژنەی لێکۆڵینەوە

پێشنیاری سزایەکی قورسنتری کردبوو لەو سێ سزایەی ئاماژەمان پێدا، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت وەزیری تایبەتمەند پێشنیاری سزاکە بخاتە بەردەستی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی.

**چوارەم:** بە پێی بەندی دووەم لە ماددەی (١٢)ی یاسای بەرزەفتکردن پەسەندکردنی سزای سەرزەنشت (التوبیخ) و بەرەو سەرووتر لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند دەکرێت نەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، چونکە یاساکە دەستەواژەی (ئەنجومەنی وەزیران)ی هێناوە نەك (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران).

**پێنجەم:** ئەو فەرمانبەرە پلە تایبەتەی کە بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٢) سزا دەدرێت ئەوا بە پێی بەندی سێهەمی هەمان ماددە مافی هەیە دادخوازی لە سزاکە بکات لەبەردەم ئەو لایەنەی کە سزاکەی داوە و هەروەها تانەی لێ بدات لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥)ی هەمان یاسا.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جگە لە وەزیر لە چوار چێوەی ئەو (٣)ی سزایەی ئاماژەمان پێدا، ڕێگە پێدراو نییە کە هیچ لایەنێکی دیکە سزای فەرمانبەری پلە تایبەت بدات و گەرهاتوو سزای پێشنیار کراویش بۆ فەرمانبەرەکە لەو (٣) سزایە قورسنتر بوو ئەوا دەبێت وەزیری تایبەتمەند پێشنیاری بکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی پەسەندکردنی، لەبەر ئەوە ڕێگە پێدراو نییە کە پارێزگار سزای بەرزەفتکاری بسەپێنێ بەسەر قایمقام یان جێگری پارێزگار کە پلەکەی بەڕێوەبەری گشتییە، یان سەرۆکی زانکۆ سزای بەرزەفتەکاری بسەپێنێ بەسەر ڕاگری کۆلێژدا یان پەیمانگادا، یاخود بریکاری وەزیر سزا بسەپێنێ بەسەر بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا.

## (٣٠)

## ئایا دەستکەوتنی کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەلایەن فەرمانبەری سزادراوەوە سەرپێچی بەرزەفتکارییە؟

لەسەر ئەم بابەتە بە باشی دەزانین کە چەند سەرنجێکی یاسای تۆمار بکەین :

**یەکەم:** لێکۆڵینەوەکردن لە فەرمانبەر بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ کۆت و بەندکراوە بە چەندین ڕێوشوێنی شکلی کە یاساکە دەقی لەسەر هێناوە و هەموو ئەمانەش بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین گەرەنتی نەزاهەی لێکۆڵینەوەکەیە کە لەسەر فەرمانبەر ئەنجام درێت و دەبێت کۆی ڕێککار و هەنگاوەکانی بە پێی یاسا بێت و ڕێگە پێدراو نییە کە لیژنەکە ڕێککارێك بگرێتە بەر کە یاسا دەقی لەسەر نەهێنابێت و پێچەوانەی حوکمە گشتییەکانی یاسا هاوپێوەندەکان بێت یاخود ڕێککارێك پەیرەو نەکات کە یاسا دەقی لەسەر هێنابێت پەیرەونەکردنی دژی بەرژوەندی فەرمانبەرەکە بێت.

**دووەم:** هەموو توێژینەوە فیقهییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لەسەر فەرمانبەری گشتی دەورە دراوە بە کۆمەڵە زەمانەتێك وەك زەمانەتەکانی پێش لێکۆڵینەوەکە و هەروەها کاتی لێکۆڵینەوەکە و لە هەمانکاتدا زەمانەتەکانی دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە و سزادانی فەرمانبەرەکە.

**سێهەم:** لە کاتی لێکۆڵینەوەکردندا پێویستە فەرمانبەرەکە بە ئامادەبوونی خۆی و بە نوسین لێکۆڵینەوەی لەگەل بکرێت و مافی خۆیەتی هەموو بەڵگە و نوسراوەکانی هاوپێوەند بە دۆسیەکەی بخرێتە بەردەستی و سەیریان بکات و هەروەها مافی خۆیەتی کە پارێزەری هەبێت و بەرگری لێ بکات ، بە هیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە بە پاشەملێی (غیابی)

لێکۆڵینەوە لەفەرمانبەر بکرێت و سزا بدرێت مەگەر خۆی دەست لە مافی ئامادەبوون هەلبگرێت و ئامادە نەبێت لەبەردەم لیژنەکە ئامادە بێت سەرەرای ئاگادارکردنەوە بە ئامادەبوونی لەبەردەم لیژنەکە .

**چوارەم:** دەبێت لە کۆنووس و بریاری سەپاندنی سزا بەسەر فەرمانبەردا بەروونی هۆکاری سزادانەکە و ئەو سەرپێچییەی کە فەرمانبەرەکەی لەسەر سزادەدریت بە روونی وەك (تسبیب) روونکرابێتەوە کە ئەمەش یاسادانەر بە مەرجی شکلی جەوهەری داناوە و نەبونی لە بریاری سزاداندا دەبێت هۆی هەلوەشاندنەوەی سزاکەی لەبەردەم دەسەلاتی قەزای تایبەتمەندا.

**پێنجەم:** شاردنەوەی بریاری سزادان لە فەرمانبەر بۆ ئەوەی ئاگاداری نەبیت کە لە هەندێك لە فەرمانگەکانی پەیرەو دەکرێت هەڵەیەکی یاسایی زەقە و لە دژی بەرژەوەندی دائیرەکەیە و سەرپێچیەکە کە قابیلی لێکۆڵینەوە لەسەر کردن و سزادانی لایەنی کەمتەرخەمە ، چونکە ئەوە پێشێلکردنی زەمانەتی یاساییە کە یاسا دانەر لە یاسای بەرزەفتەکردندا بە فەرمانبەری داوە .

**شەشەم :** بینینی کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەلایەن فەرمانبەرەوە هیچ دەقێکی لەسەر نەهاتووە کە سەرپێچی بێت و بەڵکو مافێکی یاسایی فەرمانبەرکەیە و هیچ زیانێك لەبەرژەوەندی گشتی نادات و دەبێت کۆنووسەکە بخرێتە دۆسیەی کەسی فەرمانبەرەکەوە ، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەسڵ لە لێکۆڵینەوەی کارگیری و سزادانی فەرمانبەر ئەوەیە کە تەواوی رێککارەکانی بە گوێرەی یاسا بەرێوەچوبێت سەرپێچی و حەیف و مەیلی تێدا نەکرابێت و خۆ گەرهاتو فەرمانگەکە ئەم مافەی بە فەرمانبەرەکە نەدا، ئەوا کاتێك تانە لە بریاری سزادانەکە دەدرێت لەبەردەم قەزای تایبەتمەندا، لەم کاتەدا دادگای تایبەتمەند داوای کۆنووسی لێکۆڵینەوەکە دەکات و دەبێت بەبەشێك لە

پێکهاتەی داواکە و لەو کاتەدا مافی سکالاکارە  یان بریکارەکەیەتی کە دۆسیەی داواکەی خۆی ببینێ.
لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە پێویستە دائیرەکان تەواوی زەمانەتەکان بۆ فەرمانبەر دابین بکەن کە یاسا دەقی لەسەر هێناوە و رێگە پێدراو نییە بە میزاجی شەخسی  و یاخیبوون لە یاسا مافی فەرمانبەر لەو بوارانەی لای سەرەوە زەوتبکرێت و حساب بۆ دەقی یاسا بەرکارەکان نەکرێت، کە بێگومان دواتر ئەم بابەتە بە خراپی بەسەر لایەنی کەمتەرخەم لەو دائیرەیە دەشکێتەوە بە تایبەت کاتێك کە فەرمانبەری سزادراو پەنای بردە بەر دادگای تایبەتمەند و سکاڵای تۆمار کرد.

## (٣١)
## ئەژمارکردنی راژەی دوای تەمەنی یاسایی خانەنشینی.

به پێی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ و یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ ، یاسادانەر تەمەنی دامەزراندنی لە وەزیفەی گشتی دیاریکردووە بە هەمان شێوەش تەمەنی خانەنشینی بوونی دەستنیشان کردووە کە نێوانی ئەو دوو تەمەنەش واتە تەمەنی یاسایی دامەزراندن و تەمەنی یاسایی خانەنشینی بە تەمەنی وەزیفی دادەنرێت و تیایدا فەرمانبەر ئەهلیەتی وەرگرتنی سیفەتی فەرمانبەریێتی هەیە ، بۆ ئەم مەبەستەش یاسادانەر لە ئەحکامی ماددەی (٢٥) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەو بەڵگەنامەیەی فەرمانبەر پێی دادەمەزرێت یان تەمەنی فەرمانبەرەکەی پێ جێگیرکراوە، تاکە بەلگەنامەی پشت پێ بەستراوە بۆ دیاریکردنی تەمەنی راستەقینەی فەرمانبەر و پشت بە هیچ جۆرە راستکردنەوەیەکی کارگێری یان قەزایی نابەسترێت گەرهاتوو دوای ئەو جێگیرکردنی تەمەنی فەرمانبەرە دەرچووبێت، کەواتە تەمەنی یاسایی وەزیفی لە تەواوکردنی هەژدە ساڵ بەشێوەیەکی گشتی (جگە لە پەرستار) دەستپێدەکات و کۆتایی دێت بە تەواوکردنی تەمەنی شەشت و سێ ساڵی بەشێوەیەکی گشتی (جگە لەو تەمەنانەی کە یاسای تایبەتمەند دیاری کردووە)، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایا ئەو خزمەتە وەزیفییەی دەکەوێتە دوای تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی چۆن ئەژمار دەکرێت، ئایا دەکرێت بە راژەی خانەنشینی دابنرێت؟

بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی لای سەرەوە ، دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو حاڵەتدا بکەین:

**یەکەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/ سێهەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو راژەی (الخدمة) وەزیفی بۆ درێژکرابوویەوە پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی ، ئەوا لەم کاتەدا ئەو راژەی دەکەوێتە دوای تەمەنی یاسایی خانەنشینی بە راژەی فیعلی و خانەنشینی ئەژمار دەکرێت لەبەر ئەوەی درێژکراوەی راژەکەی پێشوویەتی و ملکەچە بۆ لێبرینی خانەنشینی (التوقیفات التقاعدیة) هەروەك لەلایەن خۆیەوە دادگای پێداچوونەوەی فیدرالی عیراق لە بریاری ژمارە (١٤٨ / ١٤٩ / دەستەی گشتی/٢٠٠٨ لە ٢٥/٢/٢٠٠٩) جەختی لەسەر کردۆتەوە .

کەواتە گەرهاتوو فەرمانبەرێك بە گوێرەی مەرج و رێوشوێنەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو دریژکردنەوەی راژەی بۆ کرابوو ، ئەوا راژە درێژکراوەکەی ملکەچە بۆ لێبرینی خانەنشینی و ماوەی دریژکردنەوەکەی بۆ راژەی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت.

**دووەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە دوای تەواو کردنی تەمەنی خانەنشینی و هەواڵەکرانی بۆ خانەنشینی دووبارە گەرایەوە سەر وەزیفە، ئەوا لەم کاتەدا ئەو ماوەی راژەی کە پێشکەشی دەکات لە دوای تەمەنی خانەنشینی بە راژەی خانەنشینی ئەژمار ناکرێت و ملکەچ نابێت بۆ لێبرینی خانەنشینی و بە دریژکراوەی راژەی پێشووی دانانرێت، ئەمەش پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٥/ چوارەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو کە دەقی لەسەر ئەوە هێناوە ئەو راژەی دوای تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی ئەنجام درابێت بە راژەی خانەنشینی ئەژمار ناکرێت ، لەبەر ئەوە دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی عێراق لە بریاری ژمارە (٥٧٦/دەستەی شارستانی /گوازراوە/٢٠١٠ لە ٢١/٩/٢٠٠٩) ئەم جۆرە راژەی بە راژەی خانەنشینی ئەژمار نەکردووە بەڵکو بە کارکردن لەبەرامبەر وەرگرتنی کرێی هاوتا داناوە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە دەردەکەوێت هەر جۆرە راژەیەکی وەزیفی فەرمانبەر گەرهاتوو لە پاش تەواو کردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی پێشکەشی کردبوو، گەرهاتوو ئەو راژەیەی بەپێی درێژکردنەوەی راژەی وەزیفی ئەنجامی نەدابوو ئەوا ملکەچ نابێت بۆ لێبرینی راگیراوەکانی خانەنشینی و بە راژەی فیعلی و خانەنشینی ئەژمار ناکرێت و مووچەکەی وەك کرێی هاوتا بۆ ئەژمار دەکرێت.

## (٣٢)

## خانەنشین بوونی نائاسایی و خەرجکردنی مووچەی خانەنشینی

گەرهاتوو فەرمانبەر پاش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی یان لەسەر بنەمای راپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند یاخود بە هۆی وەفاتکردنیەوە هەواڵەی خانەنشینی کرا، ئەوا شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت لە بەرواری هەواڵەکردنی بۆ خانەنشینی، بەلام ئەم رێسا گشتییە بەدەرکردنێکی لەسەر هاتووە بۆ حاڵەتە نا ئاساییەکانی خانەنشینیوون کە بریتییە لە:

١- داواکاری فەرمانبەر بۆ خانەنشین بوون بە گوێرەی ماددەی (١/چوارەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦.

٢- حاڵەتەکانی خانەنشینبوون بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/پێنجەم) واتە خانەنشینبوونی فەرمانبەری فەسڵکراو یان عەزل کراو یاخود ئەو فەرمانبەرەی کە بە رەزامەندی دائیرەکەی دەستیلەکارکێشاوەتەوە یان ئەوەی لە حوکمی ئەم جۆرە دەستلەکارکێشانەوەدایە یاخود ئەو فەرمانبەرەی کە لەبەر هۆکاری ناچاری دەستی لە وەزیفەی هەڵگرتووە و لانی کەم ١٥ ساڵ راژەی خانەنشینیان هەیە .

بە گەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (١/پێنجەم) و هەروەها ماددەی (٧/پێنجەم/أ ) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ئەوا ئەو فەرمانبەرانەی کە لە هەردوو خالی یەکەم و دووەمی لای سەرەوەدا هاتوون خانەنشین دەبن بەلام مووچەی خانەنشینیان بۆ خەرج ناکرێت تا ئەو کاتەی کە تەمەنی (٥٠) ساڵی تەواو دەکەن .((م ٧/ خامسا/أ: لا يصرف الراتب التقاعدي للمتقاعد الا اذا كان قد اكمل (٥٠) خمسين سنة من العمر وفي كل الاحوال لا يصرف عن الفترة السابقة لتاريخ اكماله السن المذكورة)).

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** یاسادانەر بۆ حاڵەتەکانی هاتووی خاڵی (١ و ٢)ی لای سەرەوە ، تەمەنی (٥٠) ساڵی دەستنیشانکردووە وەك مەرج بۆ شایستەبوون بە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی نەك هەواڵەکرانی فەرمانبەرەکە بۆ خانەنشینی ، چونکە لە دەقی ماددەی (١/چوارەم وپێنجەم)ی یاسای خانەنشینیدا باس لە هەواڵەکردن دەکات بۆ خانەنشینی نەك وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی . بەلام لە برگەی کۆتایی ماددەی (١/پێنجەم ) و (٧/پێنجەم/أ) باس لە شایستبوون دەکات بۆ وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی .

**دووەم:** گەرهاتوو ئەو فەرمانبەرەی کە خالەکانی (١ و ٢)ی لای سەرەوە دەیگرتەوە پێش گەیشتنە تەمەنی (٥٠) ساڵی وەفاتیکرد، ئەوا جێنشینانی (الخلف) فەرمانبەرەکە لە رۆژی وەفاتکردنەکەیەوە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن.

لەسەر بنەمای ئەو برگانەی لای سەرەوە و گەرهاتوو فەرمانبەر لەژێر سایەی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ ئیتر بە هەر شێوەیەیەك بێت لە شێوەکان، ئەوا شایستەی مووچەی خانەنشینی نابێت تا تەمەنی (٥٠) ساڵی تەواو دەکات ، مەگەر بێتوو پێش تەواو کردنی تەمەنی (٥٠) ساڵی وەفات بکات . هەروەك لە لایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێڕی لە عێراق لە بڕیاری ژمارە (٥٠٣/ ٦٩٤ / قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە /٢٠١٦ لە ١٦/٦/٢٠١٦) ئەم بۆچوونەی خۆی تۆمارکردووە و بە دروستی زانیوە کە فەرمانبەرێك لەسەر داوای خۆی خانەنشنیبووە و بەلام پێش تەواوکردنی تەمەنی (٥٠) ساڵی مووچەی خانەنشینی بۆ خەرج نەکراوە . جێگەی باسە ئەم بابەتە یاسادانەر لە

مادەی (١٣)ی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی سالی ٢٠١٤ دووبارە جەختی لەسەر کردۆتەوە.

هەرچەند ئەم ئاراستەیەی یاسادانەر لەلایەن فەقیهەکانی قەزای وەزیفی رەخنەی لێ دەگیرت بەوەی کە چۆن دەکرێت کەسێك سیفەتی خانەنشینی وەربگرێت بەڵام مافی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی نەبێت تا ئەو کاتەی تەمەنی پەنجا ساڵی تەواو دەکات [٥] .

---

[٥] د. غازي فيصل مهدي، شرح أحكام قانون التتقاعد الموحد رقم ٩ لسنة ٢٠١٤، منشورات مكتبة القانون والقضاء، ط١، بغداد، ٢٠١٤، ص٦٥.

## (٣٣)
## چۆن مامەڵە لەگەل فەرمانبەرێکی قەرزار بکەین کە خانەنشین دەبێت؟

هەندێکجار فەرمانبەر قەرزاری حکومەت دەبێت ئیتر ئایا بە هۆی ئەوەی زیانی بە بەرژەوەندی گشتی گەیاندووە و بەو هۆیەوە (تضمین) کراوە یاخود بروانامەی ساختەی پێشکەشکردووە پاش لێکۆڵینەوە و سزادان بریار دراوە بە لێوەرگرتنەوەی جیاوازی مووچە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە ئایا مامەڵەی خانەنشینکردنی فەرمانبەرەکە رابگیرێت تا پاکتاوی قەرزەکەی لەگەل دەکرێت یان مامەڵەکەی بۆ رایی بکرێت و بەلام بەرێککارە یاساییە تایبەتمەندەکان مامەڵەی لەگەل بکرێت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزەی کە لەسەریەتی ، لە خوارەوە روونکردنەوەی یاسایی دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** پێویستە مامەڵەی خانەنشینبوونی فەرمانبەری قەرزار رێککارەکانی تەواو بکرێت و رێگە پێدراو نییە کە مامەڵەکە هەڵبواسرێت لەسەر بابەتی لێوەرگرتنەوەی قەرزەکان و پێویستە بۆ بابەتی قەرزەکان رێککارە یاساییە تایبەتمەندەکان بگیرێتە بەر هەروەك لە لایەن خۆیەوە (محکمە قضاء الموظفین)لە عیراق لە بابەتێکی هاوشێوەدا راگرتن و هەڵپەساردنی مامەڵەی خانەنشینی لەم جۆرە حاڵەتانەی بە دروست دانەناوە.

**دووەم:** دائیرەی فەرمانبەرەکە لە کاتی خەرجکردنی مووچەی مۆڵەتی کەڵەکەبووی شەش مانگی فەرمانبەری قەرزار دەتوانێت بە رێژەی (پێنج یەك) لەو مووچەیە گل بدەنەوە وەك بەشێك لەو قەرزەی لەسەری دروست بووە، چونکە رێگە پێدراو نییە زیاتر لەو رێژەیە گلبدرێتەوە لەو مووچەیە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٦٢) لە یاسای جێبەجێکردنی ژمارە ٤٥ی ساڵی ١٩٨٠.

**سێهەم:** لە ئەحکامی ماددەی(٦٠) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ دا هاتووە کە رێگە پێدراو نییە حیجز بخرێتە سەر ئەو مووچە و دەرماڵەیەی کە بە گوێرەی ئەم یاسایە فەرمانبەر شایستەی دەبێت لەو حالەتانەی کە یاساکە دەستنیشانی کردوە و نابێت رێژەکەی لە (سێ یەك) زیاتربێت، بەلام لەبەر ئەوەی یاسای جێبەجێکردن یاسایەکی تایبەتە و لەپاش یاسای راژەی شارستانی دەرچووە، بۆیە کار بە دەقی یاسای جێبەجێکردن دەکرێت کە نابێت رێژی گلدانەوەکە لە پێنج یەك زیاتر بێت. لەبەر ئەوەیشی کە مووچەی مۆڵەتی کۆکراوە بەپێی یاسای راژەی شارستانی دەدرێت پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (چل و پێنجەم)ی یاساکە بۆیە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ موچەی مۆڵەتی کۆکراوەی فەرمانبەر دەکرێت و پێنج یەکی لێ دەبڕدرێت.
**چوارەم:** دائیرەی فەرمانبەرەکە لەگەل رایی کردنی مامەڵەی خانەنشینی فەرمانبەرەکە دەبێت نوسراو ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی خانەنەشینی تایبەتمەند بکەن تا پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٢٣) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن خۆیانەوە دەستبگرن بەسەر رێژەی (٥٠%) مووچەی خانەنشینی فەرمانبەری قەرزار پاشان ناردنی بۆ دائیرەی خاوەن قەرز بە شێوەی مانگانە.
**پێنجەم:** بەشی یاسای دائیرەی خاوەن قەرز دەتوانێت بە گوێرەی ئەحکامی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە (٥٦)ی سالی ١٩٧٧ کاری پێویست ئەنجام بدات بۆ دەستەبەرکردنی وەرگرتنەوەی ئەو قەرزەی کە کەوتۆتە ئەستۆی فەرمانبەری قەرزار.
**شەشەم :** گەرهاتوو لە ماوەی خانەنشینیدا فەرمانبەری قەرزار وەفاتیکرد، ئەوا رێگە پێدراو نییە جێبەجێکردن لەسەر مووچەی جێنشینانی خانەنشینی (خلف المتقاعد) بکرێت، بەلکو دائیرەی خاوەن قەرز دەتوانێت بگەرێتەوە سەر میراتبەرانی فەرمانبەرە کۆچکردووە و هەر یەکەیان بەو

برەی کە لە میراتی فەرمانبەرە کۆچکردووەکە بردوویانە و قەرزەکەیان تا لێ وەربگیرێتەوە ، واتە لەم کاتەدا و لە پاش مردنی فەرمانبەرەکە، رێگە پێدراو نییە کە حیجز لە سەر مووچەی جێنشینی فەرمانبەری کۆچکردوو دابنرێت.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە دەکرێت مامەڵەی خانەنشینی فەرمانبەری قەرزار رایی بکریت، بەلام لە تەنیشتی ئەم هەنگاوەدا پێویستە دائیری خاوەن قەرز ئەو رێککارانە بگرێتە بەر کە ئاماژەمان پێدا [٦].

[٦]خوێنەر دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ دانراومان ((شرۆڤەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە (٥٦)ی سالی ١٩٧٧ ی هەموارکراو ))

## (٣٤)

## فەرمانبەری فەسڵکراو چۆن دەگەڕێتەوە سەر وەزیفە؟

هەندێکجار فەرمانبەر لە پای حوکمدانی لەسەر تاوانێك کە ئابڕووبەر نەبێت (غیرمخلة بالشرف) بەند دەکرێت یان زیندانی دەکرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش دەسەلاتی کارگێڕیی بڕیاری فەسڵکردنی بۆ دەردەکات بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ، لەپاش ئازادبوونی فەرمانبەرەکە، دووچاری کێشەی گەرانەوەی دەبێتەوە بۆ سەر وەزیفەکەی ، بۆیە لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا چەند روونکردنەوە و سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** بەبروای ئێمە فەسڵکردن بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) ئەوەندەی تەکییفە بۆ دابرانی فەرمانبەر لە ماوەی بەندکردن یان زیندانیکردنەکەیدا ئەوەندە سزایەکی بەرزەفتەکاری نییە، چونکە رەنگە فەرمانبەرەکە لەسەر تاوانێك سزا درابێت، کە بە دوور نزیك پەیوەندی بە وەزیفە و ئەرکی فەرمانبەرێتییەکەیەوە نەبێت.

**دووەم :** فەسڵکردنی بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/حەوتەم) بریتییە لە دەرکردنی فەرمانبەر بۆ ماوەیەکی کاتی (مؤقت) کە پێویستە لە دەقی بڕیاری فەسڵکردنەکەدا بنوسرێت واتە ماوەی راگرتن (التوقیف) لەگەل ماوەی (بەندکردن یان زیندانیکردنەکە) ئەژمار دەکرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش ماوەی فەسڵکردنەکە دەستنیشان دەکرێت. کە دیاریکردنی ئەم ماوەیە مەرجێکی شکلییە و گەرهاتوو دەسەلاتی کارگێڕیی ماوەکەی دەستنیشان نەکرد، ئەوا بڕیارەکەی لەرووی شکلەوە لەکەدار (معیب) دەبێت.

**سێهەم:** پێویستە فەرمانبەری فەسڵکراو لەپاش دەرچونی لە زیندان لە

ماوەی (١٠) ڕۆژدا داوای دەستبەکاربوونەوە بکات هەروەك دادگای باڵای کارگێڕی لە بڕیاری ژمارە (٨٤٠/قەزای فەرمانبەران /پێداچوونەوە/٢٠١٤ لە ١٧/٦/٢٠١٦) [٧]جەختی لەسەر کردۆتەوە و ڕێگە پێدراو نییە کە لەو ماوەیە تێپەربکات، چونکە دواتر گرفتی یاسایی دیکە بۆ دروست دەبیت و ملکەچ دەبێت بۆ حوکمی ماددەی (سی و حەوتەم/٢) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠ و بە دەستلەکارهەڵگرتوو دادەنرێت.

**چوارەم:** تانەدانی فەرمانبەر لە فەرمانی فەسڵکردنەکەی لە پاش دەرچوونی لە زیندان هیچ جەدوایەکی یاسایی نییە ،چونکە ئەم جۆرە فەسڵکردنەکە دەسەلاتی ئیدارە تیایدا کۆت و بەندکراوە (مقیدة) و بریاری فەسڵکردنەکە کەشفی حوکمی دادگا دەکات و دەبێت لە کاتی دەرچوونی حوکمی دادگا فەرمانبەرە لەسەر دۆسیە سزایەکەی ئیش بکات و پێداچونەوەی بکاتەوە(التمییز) چونکە ئەگەر لە دۆسیە سزاییەکەیدا بێتاوان دەرچوو ئەوا لەم کاتەدا هەم بڕیاری فەسڵکردنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و هەم ماوەی فەسڵکردنەکەیشی بە خزمەت بۆ ئەژمار دەکرێت، هەروەك لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەولەت لە بریاری ژمارە (٢٠١٥/١٣٣ لە ٢٠/١٢/٢٠١٥) [٨]دووپاتیکردۆتەوە.

---

[٧]على الموظف المفصول بسبب الحكم عليه بعقوبة سالبة للحرية مراجعة دائرته خلال (١٠) ايام من تأريخ اخلاء سبيله. ((قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٦،ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٧، ص٤٠٠))

[٨]يتقاضي الموظف رواتب الفترة التى حكم عنها بعقوبة سالبة للحرية و تم نقض الحكم والأفراج عنه واخلاء سبيله من السجن بقرار من محكمة التميز. ..((قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، منشورات مجلس شورى الدولة ، ط١، بغداد،٢٠١٦،ص٢٦٠))

**پێنجەم:** دەسەلاتی کارگێڕیی پابەندە بە دەرکردنی بریاری گەرانەوەی فەرمانبەر بۆ سەر وەزیفەکەی گەرهاتوو مەرجەکانی دامەزراندنی تێدا بوو، هەروەك لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بریاری ژمارە (٣٠ / ٢٠١١) [٩] دووپاتی کردۆتەوە ، چونکە ئەگەر دائیرەکەی فەرمانبەرەکە نەگەرێنێتەوە بۆ سەر وەزیفەکەی ئەوا لەم کاتەدا حیکمەت لەوە نامێنێ کە یاساکە بە دەق دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە فەسڵکردنەکە کاتییە و بۆ ماوەی بەندکردن یان زیندانی کردنی فەرمانبەرەکەیە.

**شەشەم:** لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراق دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە دائیرەی فەرمانبەرەکە نابێت هەڵسوکەوت بە میلاك و وەزیفەی فەرمانبەری فەسڵکراوە بکەن چونکە فەرمانبەرەکە بە شێوەی کاتی لە وەزیفە دەرکراوە دوای تەواوبوونی ماوەی فەسڵکردنەکەی دەگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی .هەروەك لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێڕیی لە عێراق لە بریاری ژمارە (٦٣٩/ پێداچونەوە/٢٠١٢ ) [١٠] جەختی لەسەر کردۆتەوە.

---

[٩] تلزم الادارة بأعادة الموظف المعاقب بالفصل بعد انتهاء مدة فصله بعد أن تتأكد من استيفائه لكافة شروط التعيين. (( المبادئ القانونية في قرارات و فتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان العراق ٢٠٠٩ -٢٠١١ منشورات مجلس شورى اقليم، ط١، مطبعة الحاج هاشم ، اربيل ، ٢٠١٢، ص٨٧ ))

[١٠]الفصل من الوظيفة عقوبة مؤقتة يعاد الموظف المفصول بعد انقضائها أو انتهاء مدة محكوميته الى الوظيفة .... ولايحق للادارة خلال مدة فصل الموظف التصرف بالدرجة الوظيفية التى كان يشغلها.. ((قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، منشورات مجلس شورى الدولة ، ط١، بغداد،٢٠١٤،ص ٣٤٧.))

**حەوتەم:** بریاری رەتکردنەوە یان خۆگرتنەوەی دەسەلاتی کارگێڕیی لە گەرانەوەی فەرمانبەرەکە بۆ سەر وەزیفەکەی بەو جۆرەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، بە بریارێکی نەرێنی (سلبی) دادەنرێت کە فەرمانبەرەکە دەتوانێت لەبەردەم دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم تانەی لێ بدات.

## (٣٥)

## کورتەیەك دەربارەی ئەحكامەكانی تەنسیب.

تەنسیب بریتییە لەو دۆخە کاتی و کوتوپڕەی کە بەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەردا دێت و گرێدراوە بەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراوە کە بۆ حاڵەتێکی زۆر ناچاری بەکاردێت، کەواتە دەتوانین بڵێین تەنسیب حاڵەتێکی (استثناء) یە و رێگە پێدراو نییە کە دەستشلکردنی تێدا بکرێت، بەمەبەستی خستنە روی حوکمەکانی تەنسیب بە گوێرەی یاسای میلاکات ژمارە ٢٥ی سالی ١٩٦٠ و رێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩ و لەبەر ئەوەی لە نێو فەرمانگەکانی هەرێمدا بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەل ئەم بابەتەدا ناکرێت، بۆیە لە خوارەوە هەندێك لە حوکمە گرنگەکانی تەنسیب دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** بۆ بریاردان لە تەنسیبکردنی فەرمانبەر سەرەتا پێویستە رەزامەندی وەزیری تایبەتمەند وەربگیرێت گەر هاتوو لە ناو میلاکی یەك وەزارەتدا بوو و هەروەها پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندی هەردوو وەزیری تایبەتمەند هەیە گەرهاتوو لە نێوان دوو وەزارەتدا بوو، لە دەقی رێنماییەکە دەسەلاتی تەنها بە وەزیر داوە و ئاماژەی بەوە نەکردووە کە وەزیر دەتوانیت ئەم دەسەلاتە بدات بە بەرێوەبەری گشتی یان هەر بەرپرسێکی دیکە.

**دووەم:** ساڵانە لەلایەن وەزارەتی دارایی میلاکاتی سەرجەم وەزارەتەکان پەسەند دەکرێت و گەرهاتوو کەم کورتی لە بوونی میلاکاتدا هەبوو هەروەها بە گواستنەوەی راژەش میلاکەکە چارەسەر نەدەبوو، وەك بونی (چۆڵی میلاك) ئەوا پێویستە وەزارەتی تایبەتمەند بگەرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی بەمەبەستی هەموارکردنەوەی میلاکی وەزارەتەکەی و چارەسەرکردنی میلاکەکە، گەرهاتوو بابەتەکە لە حاڵەتە کوتوپرەکان بوو ئەوا لەم کاتەدا رێگەپێدراوە کە پرۆسەی تەنسیب کردن ئەنجام بدرێت ،

لەسەر ئەم بنەمایەش دەبێت وەزارەتەکە دڵنیابووبێتەوە لەوەی کێشەی میلاکەکەی چارەسەرنابێت بە هیچ ڕێگەیەکی دیکە و بابەتەکە زۆر کتوپڕە.

**سێهەم:** پێویستە لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی تەنسیبەکە، دەستبەجێ فەرمانبەری تەنسیبکراو بگەڕێنرێتەوە بۆ سەر میلاکی دائیرە بنەڕەتییەکە، لەم کاتەدا ئەو دائیرەی فەرمانبەرەکەی بۆ تەنسیبکراوە واجبە لەسەر شانی کە لەگەل تەواوبوونی ماوەکە، تەنسیبەکە کۆتایی پێ بهێنێ.

**چوارەم:** ماوەی تەنسیب بۆ مامۆستا نابێت لە دوو ساڵ تێپەڕ بکات و بۆ فەرمانبەریش ڕێگە پێدراو نییە کە لە (٣) ساڵ زیاتر تێپەڕ بکات.

**پێنجەم:** ماوەی تەنسیب وەك ماوەی وەزیفی بە خزمەتی وەزیفی ئەژمار دەکرێت و فەرمانبەرەکە وەك ئەوەی لەسەر میلاکی دائیرە بنەرەتییەکەی خۆی بێت شایستەی سەرمووچە و پلە بەرزکردنەوە دەبێت لە کاتی خۆیدا و پێویستە لە کاتی هاتنی وادەی سەرمووچە یان پلەبەرزکردنەوە فەرمانگە بنەرەتیەکەی خۆی ئاگادار بکات.

**شەشەم:** ئەو وەزارەت و دائیرەی فەرمانبەرەکەی بۆ تەنسیبکراوە ، پێویستە کاری یاسایی و پێویست بکەن بۆ نەهێشتنی هۆکاری چۆڵی میلاکەکە و کۆتایی هێنان بە تەنسیبەکە لە زووترین کاتدا.

**حەوتەم:** بەبروای ئێمە لەبەر ئەوەی بابەتی تەنسیب بابەتێکی زۆر هەستیارە و پەیوەندی بە میلاکاتەوە هەیە و ڕێگە پێدراو نییە کە دائیرە و فەرمانگەکان بە ویستی خۆیان هەڵسوکەوت بەم میکانیزمەوە بکەن، بۆیە یاساکە دەسەلاتی رەزامەندی دان لەسەر تەنسیبکردنی لە دەستی وەزیردا کورتکردۆتەوە بەگوێرەی ڕێنماییەکە، بەپێچەوانەوە دەستکرانەوەی دائیرەکان لەلایەن خۆیانەوە سەبارەت بە بابەتی تەنسیب ، ئەوا حەقیقەتی وردەکارییەکانی میلاکات دەشێوێنێ و لە کۆنترۆل دەری دەکات.

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە ، دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە تەنسیب رێککارێکی بەدەکراوە (ستتثناء) و بە هیچ شێوەیەك رێگە پێدراو نییە کە دائیرەکان بە ویستی خۆیان فەرمانبەر تەنسیب بکەن و پێویستە رەچاوی تەواوی مەرجەکانی تەنسیب بکرێت بەو جۆرەی کە یاسا و رێنمایی دەقی لەسەر هێناوە، بە پێچەوانەوە رێککارێکی نایاسایی دەبێت و دەبێتە هۆی جۆرێك لە شێواندنی حەقیقەتی میلاکاتی فەرمانگەکاندا.

## (٣٦)
## پوختەیەك لەسەر بوونی دەسەلات یان تایبەتمەندی (الأختصاص) لە ئەنجامدانی كاری یاساییدا

بوونی دەسەڵات یا تایبەتمەندی (الأختصاص) لە ئەنجامدانی كاری یاسایی ، كۆڵەكەی سەرەكی كارە یاساییەكەیە ئیتر چ بریاری كارگێڕیی بێت یان هەر كار كارێكی یاسایی دیكە، دەسەلات یاخود تایبەتمەندیش بریتییە لە هەبونی توانای یاسایی (القدرة القانونیة) بەسەر ئەنجامدانی كارێكی قانونیدا و هاوشانی ئەهلیەتە لە یاسای شارستانی بۆ ئەنجامدانی هەڵسوكەوتی یاسایی، لە خوارەوە چەند سەرنج و روونكردنەوەیەك لەم بارەیەوە تۆمار دەكەین:

**یەكەم:** تایبەتمەندی یان دەسەلات بریتییە لەو توانا یاساییەی كە راستەوخۆ لە دەستوور یان یاسا یان رێساو رێنماییەكانەوە وەردەگیرێت یان ناراستەوخۆ لە یاساوە سەرچاوە دەگرێت وەك دەسەڵاتپێدان (التفویض) و جێگرتنەوە (الحلول) و ئینابە (الوكالة) و بەدەر لەم شێوانە ، دەسەلات و تایبەتمەندی نادرێت و رێگە پێدراو نییە بە موماڕەسەكردنی

**دووەم:** لە هەندێك حاڵەتدا پێدانی دەسەلات گرێدراوە بە توخمی بابەتیی (الموضوعی) واتە موماڕەسەركردنی دەسەڵاتێك كە دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو دەسەلاتانەی كە دراوە بە فەرمانبەرەكە یان دائیرەكە، یاخود موماڕەسەركردنی دەسەلاتەكە گرێدراوە بە توخمی شەخسی بەو مانایەی ئەو دەسەلاتەی موماڕەسە دەكرێت گرێدراوە بە خودی ئەو كەسەی موماڕەسەی دەكات و رێگە پێدراو نییە كە موماڕەسەی ئەو دەسەلاتە جگە لە خودی كەسەكە، هیچ كەسێكی دیكە موماڕەسەی بكات، یان دەسەلاتەكە گرێدراوە بە ماوەیەكی زەمەنی (توخمی زەمەنی) و پێویستە كەسە دەسەلاتپێدراوەكە لەو ماوە زەمەنییەی بۆ دیاریكراوە

مومارەسەری دەسەلاتەکەی بکات، بەپێچەوانەوە پاش تێپەربوونی ماوە دیاریکراوەکە ئیتر مومارەسەرەکردنی ئەو دەسەلاتەی نامێنێ یان مومارەسەکردنی دەسەلاتەکە گرێدراوە بە شوێنێکەوە (توخمی شوێنیی) وەك سنووری جوگرافیای قەزایەك سەبارەت بە قایمقام یان پارێزگایەك سەبارەت بە پارێزگار و دەبێت لەو چوارچێوە مەکانیەدا مومارەسەی دەسەلاتەکانی بکات.

**سێهەم :** مومارەسەرکردنی دەسەلات بەدەر لەو رێگایانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا و بە رەچاوکردنی توخمە ئاماژەپێکراوەکان، ئەوا کارە یاسایەکە رووبەرووی لەکەی (عیب) نەبوونی دەسەڵات دەکاتەوە و کارەکە پوچەڵ دەکاتەوە (باطل) و لە هەندێکجاریشدا نەبووی دەکات (معدوم).

**چوارەم:** دەسەلات یان تایبەتمەندی لە نیزامی گشتیی (النظام العام) و بە هیچ شێوەیەك رێگە پێدراو نییە رێکەوتن بکرێت لەسەر سەرپێچی کردنی (المخالفة) ئیتر بە هەر پاساوێك بێت و هەروەها دروست نییە بنەماکانی هەموار بکرێتەوە (تعديل قواعد الاختصاص) و دادوەر بۆی هەیە لە هەرکاتێکدا لە دادبینیکردندا بیوروژێنێ تەنانەت با لایەنەکانی داواکەش بێدەنگ بن لێی

**پێنجەم:** بۆ رووپۆشکردن و چارەسەکردنی لەکەی نەبوونی دەسەڵات رێگە پێدراو نییە بە پێدانی دەسەلاتی دواتر (لاحق) بەو کەسەی کە مومارەسەری دەسەلاتێکی کردووو و بنەرەتدا دەسەلاتی نەبووە و ئەم کارە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە هەروەك لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەولەت لە بریاری ژمارە (٩٨ / ٢٠٠٨ لە ١/ ٧/ ٢٠٠٨) دووپاتی کردۆتەوە.

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە پێویستە ئەو لایەنە یان فەرمانبەرەی کە مومارەسەری دەسەلاتێك دەکات بە تەواوی دڵنیابێتەوە

لەوەی کە دەسەلاتی مومارەسەکردنی ئەو کارە یاساییەی هەیە کە دەیکات لەسەر جەم رووەکانی دەسەلات و توخمەکانیەوە ، بە پێچەوانەوە کارەکەی لەکەدار دەبێت بە لەکەی نەبوونی دەسەڵات و دواتر بە پوچەڵکراوە دادەنرێت.

## (٣٧)

## ئیشکالیەتە یاساییەکانی تاوانی ئابڕوبەر (مخله بالشرف) و عەزلکردنی فەرمانبەر

دەربارەی عەزلکردنی فەرمانبەر لەبەرەنجامی حوکمدانی بە تاوانێکی ئابڕووبەر (مخلة بالشرف)بە گوێرەی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو مشتومڕی فیقهی و قەزایی بە دوای خۆیداهێناوە، ئەوەش بەهۆی ئەو ناسەقامگیرییە یاساییەی کە لەم بارەیەوە هەیە ، بۆیە لە خوارەوە بە چەند خاڵێك سەرنج و تێروانینی خۆمان دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** سزای عەزلکردنی فەرمانبەر لە وەزیفەی گشتی سزاییەکە کە بۆ هەمیشەیی فەرمانبەرەکە لە وەزیفەی گشتی دوور دەخاتەوە و رێگە پێدراو نییە کە جارێکی دیکە بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی و بە گوێرەی ئەم سزایە فەرمانبەر ئەهلیەتی وەزیفی لە دەستدەدات و ناتوانێت دووبارە وەك فەرمانبەری گشتی لە دامودەزگا میرییەکاندا دابمەزرێتەوە.

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/هەشتەم) حاڵەتەکانی سەپاندنی سزای عەزلکردن کۆتو بەندکراوە بە سێ حاڵەتەوە کە بریتین لە:

أ- گەرهاتوو سەلمێنرا کە فەرمانبەرەکە کارێکی مەترسیداری ئەنجامداوە کە وادەکات مانەوەی لە راژەی دەولەت زیان بەبەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت.

ب - گەرهاتوو فەرمانبەرەکە حوکمدرا بە تاوانێك(جنایە) کە لەبەرەنجامی وەزیفەکەی یان بە سیفەتە فەرمییەکەی ئەنجامی دابوو.

جـ - گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پێشتر سزادرابوو بە فەسڵکردن و دواتر گەرابوویەوە بۆ سەر وەزیفە و پاشان کارێکی کردبوو کە شایستەی ئەوە بوو دووبار سزای فەسڵ بدرێتەوە.

**سێیەم:** لە نێو دەقی ماددەی (٨/هەشتەم)ی ئاماژە پێکراو لە خالی دووی لای سەرەوە بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بەوە نەکراوە گەرهاتوو فەرمانبەر حوکمدرا لەسەر تاوانێکی ئابڕووبەر ئەوا سزای عەزلکردنی بەسەردا دەسەپێنرێت. لەبەر ئەوە رێگە پێدراو نییە کە سزا عەزلکردن بسەپێنرێت بەسەر فەرمانبەردا و تەسبیبەکەی بەوە دەستنیشان بکرێت کە تاوانێکی ئابڕووبەری ئەنجامداوە.

چوارەم: بەگوێرەی ئەحکامی مادەی (٨/حەوتەم/ب) فەرمانبەر فەسڵدەکریت لە وەزیفەکەی بۆ ماوەی مانەوەی لە زیندان گەرهاتوو حوکمدرا بە زیندانیکردن (السجن) یان بەندکردن (الحبس) لەسەر تاوانێك کە ئابڕوبەر نەبوو (غير مخلة بالشرف)، کەواتە گەرهاتوو فەرمانبەر لەسەر تاوانێك حوکمدرا کە ئابڕووبەر بوو ئەوا لێرەدا ناتوانین فەسڵی بکەین چونکە مەرجی سەپاندنی بریاری فەسل لەم کاتەدا بەدی نایەت.

**پێنجەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (حەوتەم/٤) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ مەرجەکانی دامەزراندن یان دووبارە دامەزراندنەوە بریتییە لەوەی کە فەرمانبەرەکە حوکم نەدرابێت بە کەتنێکی ئابڕووبەر وەك دزی و ئیختیلاس و ساختەکردن و فێڵکردن کە بێگومان لەم کاتەدا گەرهاتوو فەرمانبەرەکەش فەسڵبکرێت بە پێچەوانەی ئەحکامی ماددەی (٨/حەوتم/ب) لە یاسای بەرزەفتکردن، ئەوا بە پێی بڕیاری ژمارە(٩٩٧ ی سالی ١٩٧٨ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەلوەشاوە) ناتوانێت بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی لەبەر ئەوەی یەکێك لە مەرجەکانی دامەزراندنی لە دەستداوە .

**شەشەم:** قەزای عێراقی لە لایەن خۆیەوە و لە بابەتی تاوانەکانی ئابڕووبەر جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە تاوانی ئابڕووبەردا کردووە، کە بریتین لە:

١ - به گوێرەی بڕیاری ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٣ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) هەر فەرمانبەرێك کە بە تاوانەکانی (دزی کردن) و (ئیختیلاس) و (بەرتیلخۆری) حوکمدرا، ئەوا ڕاستەوخۆ بە شوێن حوکمدانەکەیدا سزای عەزلکردن دێت و کۆتایی بە ڕاژەی فەرمانبەرەکە دێت.
٢ - سەبارەت بە تاوانەکانی دیکەی ئابڕووبەر قەزای کارگێڕیی لە عێراق بڕوای وایە کە مەرج نییە حوکمدانی فەرمانبەر لە سەر تاوانێکی ئابروو بەر سزای عەزلکردنی فەرمانبەری بە دوادا بێت، مەگەربێتوو قەرینەیەك هەبێت کە بیسەلمێنێ مانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت وەك تاوانی ساختەکردن.

بەلام لەلایەن خۆیەوەی ئەنجومەنی شورای هەریم لە بیرورا دەربرینی ژمارە (٢٠١٣/٢٩ لە ٢٠١٣/١١/١٢ ) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە فەرمانبەری حوکمدراو لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی زیندانیکردنەکەی دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی مادەم حوکم نەدرابیت لەسەر تاوانێکی ئابرووبەر.. کە لێرەدا ئەنجومەنی شورای هەرێم دەستی دەسەلاتی کارگیری کردۆتەوە لەوەی گەر هاتوو فەرمانبەر حوکمدرا بە هەر تاوانێکی ئابرووبەر ئەوا ناتوانێت بگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی[١١] .

**حەوتەم:** بە پێی ئەحکامی ماددەی (١٣/پێنجەم) لە یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ساڵی ٢٠١١ هەر فەرمانبەرێك حوکمدرا لەسەر تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست ئەوا ئەهلیەتی وەزیفی

---

[١١] على الادارة اعادة الموظف الى وظيفته السابقة بإنتهاء مدة محكوميته ما لم يكن محكوما عن جريمة مخلة بالشرف ... المصدر: د. عثمان ياسين علي، الدور الاستشاري لمجلس شورى اقليم كوردستان –العراق، ط١، مطبعة شهاب،منشورات دار موكريان للنشر والطبع، اربيل، ٢٠١٨، ص٤٩. )

نامێنی و له وەزیفەکەی عەزلدەکریت دەستبەجی لەوکاتەی که حوکمەکەی پلەی بنبڕی وەردەگرێت، تاوانەکانی گەندەڵیش بەپێی ئەحکامی ماددەی (١/حەوتەم)ی یاساکه دەستنیشانکراون و ژمارەیەکی بەرفراوان لەو تاوانانه دەگریتەوە که له یاسای سزادانی عێراقیدا هاتوون. کەواته لێرەدا به روونی یاسادانەر دەقی لەسەر ئەوە هێناوە که حوکمدان لەسەر تاوانێکی گەندەلی به ئەنقەست راستەوخۆ سزای عەزلکردنی فەرمانبەری به دوادا دێت.

لەبەرەنجامی ئەو خاڵانەی لای سەرەوە و بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/هەشتەم) بڕگەکانی (أ) و (ب) که له خالی دووەمی لای سەرەوەدا یاساکه ئاماژەمان پێداوە، دەستی دەسەلاتی کارگێڕیی کردۆتەوە له سەپاندنی سزای عەزلکردن بەسەر فەرمانبەردا له حالەتی حوکمدانی به تاوانی ئابڕووبەر بەو تەسبیبەی که فەرمانبەرەکه کارێکی مەترسیداری ئەنجامداوە که مانەوەی له وەزیفەی گشتی زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت یان تاوانێکی ئەنجامداوە لەبەرەنجامی وەزیفییەکەیەوە یان به سیفەته فەرمییەکەی، تەنانەت ئەنجومەنی دادوەری له عێراق بروای وایه که دەکرێت سزای بەرزەفتکاری فەرمانبەر بدریت بەپێی ماددەی (٨/هەشتەم)ی یاسای بەرزەفتکردن لەسەر تاوانێك که لەبەرەنجانی وەزیفییەکەیەوە یان بەسیفەته فەرمییەکەی ئەنجامی نەدابوو، چونکه رێزی له کەرامەتی وەزیفەکەی نەگرتووە و زیانی به شکۆی وەزیفەکەی گەیاندووە که لەم کاتەدا دەستی دەسەلاتی کارگیری دەکاتەوە بۆ سەپاندنی سزای عەزل بەسەر ئەو فەرمانبەرەی که تاوانی ئابروبەری ئەنجامداوە وەك تاوانەکانی ساختەکردن یان (هتك العرض) یان تاوانی تاواني تیرۆر، یان هەر تاوانێکی دیکه که یاسادانەر بەدەق به تاوانی ئابرووبەری دانابێت. بەلام گرفتەکە لەوەدایە گەرهاتوو دەسەلاتی کارگێڕی نەیتوانی ئەو تەسبیبه بسەلمێنێ که له پێشەوە ئاماژەمان پێدا

بۆسەپاندنی سزای عەزلکردن بەسەر فەرمانبەردا گەرهاتوو تاوانی ئابرووبەری ئەنجام دابوو، کە لەم کاتەشدا بێگومان ناتوانێت سزای فەسڵکردن بسەپێنێ بەسەر فەرمانبەرەکەدا ئەوەش لەبەر راشکاوی دەقی مادەکە کە ریگەنادات بۆ حالەتی تاوانی ئابرووبەر بەکاربهێنرێت، ئەوا لەم کاتەدا دەسەڵاتی رووبەرووی گرفتی یاسایی دەبێتەوە لە چۆنیەتی تەکییفکردنی ماوەی دابرانی فەرمانبەرەکە لە وەزیفە بەهۆی حوکمدانیەوە بە تاوانی ئابڕووبەرکەئەمەش داواجار بەبروای ئێمە کەموکورتییەکی تەشریعییە کە پێویست دەکات لەرووی یاساییەوە چارەسەر بکرێت، هەرچەند لەلایەن خۆیەوە دکتۆر (غازی فیصل مەهدی) لە پەرتوکی شرۆڤەی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لەم بارەیەوە بروای وایە کە پاڵپشت بەبڕیاری ژمارە (٩٩٧)ی ساڵی١٩٧٨ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە) دەکرێت فەرمانبەری حوکمدراو بە تاوانی ئابڕوبەر سزای فەسڵکردنی بسەپێنرێت بەسەردا بۆ ماوەی حوکمدانەکەی جگە لەو تاوانانەی کە لە بڕیاری ژمارە (١٨)ی ساڵی **١٩٩٣**ی ئەنجومەنی ناوبراودا هاتووە بریتین لە تاوانەکانی (دزی کردن و ئیختیلاس و بەرتیلخۆری) کە ئەمانە راستەوخۆ سزای عەزلکردنیان بەسەردا دەسەپێنرێت گەرهاتوو لەلایەن دادگاوە لەسەر ئەم تاوانانە حوکمدران(١٢).

---

(١٢) د.غازي فيصل مهدي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم (١٤) لسنة ١٩٩١، موسوعة القوانين العراقية، بغداد، ٢٠٠٦، ص ٥٤.

## (٣٨)

## لە کاتی وتەدان لە بنکەی پۆلیس یان دادگای تایبەتمەند ، فەرمانبەری یاسایی سوێندەدریت؟

زۆر جار بینیومانە یاخود بیستوومانە کە فڵانە فەرمانبەری یاسایی کاتێك لە بنکەی پۆلیس وتەی داوە وەك نوێنەری یاسایی دائیرەکەی ، لەلایەن لێکۆڵەری دادەوە ناچار بە سوێندخواردن کراوە پێش وەرگرتنی وتەکانی ، یان بینومانە کە ئەندامی داواکاری گشتی وەرگرتنی وتەی نوێنەری یاسایی دائیرەیەکی بە دروست دانەناوە لەبەر ئەوەی پێش وەرگرتنی وتەکانی سوێندنەدراوە ؟ لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات کە ئایا دەبێت فەرمانبەری یاسایی لە کاتی وتەدانی لەو دۆسیەیانەی پەیوەندی بە دائیرەکەیەوە هەیە دەبێت سوێند بدرێت؟

بێگومان کاتێك کە فەرمانبەرێکی یاسایی وەك نوێنەری یاسایی دائیرەکەی لەبەردەم بنکەی پۆلیس یان دادگای تایبەتمەند ئامادە دەبێت و لە دۆسیەیەکی پەیوەندیدار بە دائیرەکەی وتەدەدات، ئەوا بێگومان ئەو زانیاری و وتانەی کە لەبەردەم لایەنی تایبەتمەند دەیخاتەروو واژۆی لەسەر دەکات، بە سیفەتە وەزیفییەکەی و لە بەش و هۆبە و بەرێوەبەرایەتیە جیاوازەکانی دائیرەکەی وەری دەگرێت نەك زانیاری خودی خۆی بێت ، کە لەم کاتەدا مەرج نییە ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن فەرمانبەران و لێپرساو و بەرێوەبەرەکانی دائیرەکەیەوە پێی دەدرێت لە (١٠٠%) راست و دروست بێت و فەرمانبەرە یاساییەکە تەنها ئەو زانیارییانە دەگوازێتەوە کە لە دائیرەکەیەوە پێی دراوە و مەرج نییە تەواو دڵنیا بێت لێیان، لەلایەکی دیکەشەوە کە کەسیەتی مەعنەوی کەسیەتیەکی گریمانەکراوە و لە واقیعدا بوونی نیە وەك کەس ، لەبەر ئەوە وەك ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بیرورا دەربرینی ژمارە (٢٠١٢/٨ لە ٢٠١٢/٥/١٤) بروای وایە کە سوێنددانی فەرمانبەری یاسایی لەم بارەدا

هیچ پاڵپشتیکی یاسایی نیە، با وتەکانیشی بە سیفەتی بریکاری ئەو کەسیەتە مەعنەوییە دابیت ئیتر سکالاکار بێت یان داواکاربێت بە مافی مەدەنی ، بەلام گەرهاتوو فەرمانبەرە یاساییەکە شایەتی لەسەر تاوانێك دەدات کە پەیوەندی بە دائیرەکەیەوە هەبوو، ئەوا لەم کاتەدا سیفەتەکەی دەگۆردرێت و وتەکانی وەك شایەت لێ وەردەگیریت کە بێگومان لەم کاتەدا دەبێت سوێند بدرێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە خرایە روو ، بە گوێرەی رادەربرینی ئەنجومەنی شورای ئاماژە پێکراو، سوێندانی فەرمانبەری یاسایی بەو سیفەتەی کە بریکاری کەسە مەعنەوییەکانن لە داوا سزاییەکاندا ئیتر سکاڵاکاربن یان داواکاربن بە مافی مەدەنی لە جێبەجێکردنە هەڵەکانی بواری سزاییە و هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە و فەرمانبەری یاسایی مافی خۆیەتی کە خۆی بگرێتەوە (امتناع) لە سوێندخواردن و بە هیچ شێوەیەك رێگە پێدراو نییە کە لەسەر ئەم خۆگرتنەوەیە رێوشوێنی یاسایی دەرهەق بگیرێتە بەر، بەلام گەرهاتوو فەرمانبەرە یاساییەکە شایەتی هەبوو لەسەر تاوانەکە، ئەوا لێرەدا سیفەتەکەی لە داواکەدا لە نوێنەری یاسایەوە دەگۆرێت بۆ شایەت و لە کاتی شایەتی داندا بێگومان سوێند دەدرێت.

## (٣٩)

## بۆ فەرمانبەرێك كە لەبەر هەر هۆیەك كۆتایی بە راژەكەی هاتبێت دامەزراندن (التعیین) باشە یاخود دووبارە دامەزراندنەوە(اعادە التعیین)

هەندێكجار فەرمانبەرێك بە هۆیەك لە هۆیەكان كۆتایی بە راژەكەی دێت ئیتر بەدەستلەكاركێشانەوەبێت یان دانانی بە دەستلەكاركێشراو بەهۆی دابڕانی لە وەزیفە، دووبارە كاتێك داواكاری پێشكەش دەكات بۆ ئەوەی دابمەزرێتەوە ، بەهۆی نەشارەزاییەوە داوای دامەزراندن (التعیین) دەكات لەبری دووبارە دامەزراندنەوە (اعادة التعیین) و تەنانەت هەندێكجار بەڵێننامەش دەدات كە پێشتر لە هیچ دامودەزگایەكی حكومیدا فەرمانبەر نەبووە، بێئەوەی لە مەترسی ئەم حاڵەتە بزانێت بەتایبەت ئاسەوارەكانی بۆ سەر ئەو مافانەی دیكە كە هەیەتی لەو راژەی پێشووتر هەیبووە ، بۆ ئەوەی بە وردی لە سەر جیاوازی هەردوو دەستەواژەی (دامەزراندن) و (دووبارە دامەزراندن) بوەستین ، لێرەدا بە چەند خاڵێك سەرنج و روونكردنەوەی پێویست دەخەینەڕوو:

**یەكەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر بە ناوی (دووبارە دامەزراندنەوە) داواكاری پێشكەشكرد و دانی بەوەدا نابوو كە پێشتر لە فلانە دائیرە خزمەتی كردووە و ئەوا لەم كاتەدا لەلایەن ئەو دائیرەیەی كە داواكارییەكەی پێشكەشكراوە نوسراو ئاراستەی دائیرەی پێشووی فەرمانبەرەكە دەكرێت بۆ دڵنیابوون لە راستی و دروستی زانیارییەكانی فەرمانبەرەكە و داوای دۆسیەی كەسیەكەی دەكرێت و دوای ڵنیابوونەوە لە راستی زانیارییەكان و دڵنیابوونەوە لەدۆسیەی فەرمانبەرەكەو لە هەمانكاتدا هەبوونی وەزیفەی چۆڵ و تەرخانكراوی دارایی و هەبوونی مەرجەكانی دامەزراندن، بریار لە دووبارە دامەزراندنەوەی فەرمانبەرەكە دەدرێت.

**دووەم**: گەرهاتوو فەرمانبەرەکە بەو شێوەیەی لە خالی (یەکەم)ی سەرەوەدا روونمانکردەوە دووبارە دامەزرایەوە، ئەوا بەپێی ئەحکامی ماددەی (بیست و دوو)ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی١٩٦٠ هەمان ناونیشانی وەزیفی وەردەگرێتەوە کە پێش کۆتایی هاتنی راژەکەی تیایدا بووە کە ئەمەش ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە ئەو راژەی پێشووتر هەیبووە بۆی ئەژمار کراوە هەروەك لەلایەن خۆیەوە وەزارەتی دارایی عێراق لە نوسراوی ژمارە (٢٢٧٦٩ لە ٢٠١٣/٣/٢٠) جەختی لەسەرکردۆتەوە، لەلایەن خۆشیەوە ئەنجومەنی شورای دەولەت لە عێراق لە بریاری ژمارە( ٢٧٩ / ٢٠١٤ لە ١٠/ ٤/ ٢٠١٤) دووپاتی ئەم بابەتەی کردۆتەوە کە رێگە پێدراوە دووبارە فەرمانبەر دابمەزرێتەوە بەو ناونیشانەی کە پێش کۆتایی راژە وەزیفییەکەی هەیبووە. .

**سێیەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە پێشکەشکردنی داواکاری دامەزراندن، داوای (دامەزراندن)ی کردبوو نەك (دووبارە دامەزراندنەوە ) ئەوا لەم کاتەدا پێگەیەکی یاسایی وەردەگرێت کە رێگە پێدراو نییە هەموار بکرێتەوە مەگەر بەگوێرەی دەقی یاسا بێت، لەبەر ئەوەیشی هیچ دەقێکی یاسایی نییە کە چارەسەری ئەم بابەتەی کردبێت، ئەوا بێبەش دەکرێت لە ئەژمارکردنی ئەو خزمەتەی کە پێشووتر هەیبووە. خۆگەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە پاش دامەزراندنی ئاماژەی بەوەکرد کە پێشتر فەرمانبەر بووە و خزمەتی هەیە، ئەوا لەم کاتەدا بەو چاوەوە سەیر دەکرێت کە ئەمانەتدار نەبووە لە دانی زانیاری بەو دائیرەی تیایدا دامەزراوە و بەم هۆیەشەوە مافی خۆی لە دەستداوە، لەلایەن خۆشیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە بریاری ژمارە( ٢ / ٢٠١٣ لە ٣١/ ١/ ٢٠١٣) لەم بارەیەوە جەختی لەوە کردۆتەوە کە فەرمانبەر مافی دەفەوتێ لە ئەژمارکردنی ئەو راژەی پێشتر هەیبووە گەر هاتوو لە کاتی دامەزراندندا ئاماژەی پێ نەکردبوو.

## (٤٠)
## فەرمانبەری گرێبەست و چۆنیەتی سزادانی

لەم ساڵانەی دواییەدا فەرمانبەری گرێبەست بەشێوەیەکی بەربڵاو لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر دەکرێت و لەلایەن وەزارەتی داراییەوە چەندین رێنمایی تایبەتیان لە بارەوە دەرکراوە کە دواهەمینیان رێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٩ه، لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین بە تایبەت لەرووی گرتنەبەری رێککاری یاسایی دەرهەق بەم جۆرە فەرمانبەرانە:

**یەکەم:** فەرمانبەری گرێبەست بەبروای ئێمە بیرۆکەکەی لە بریاری ژمار (٦٠٣) سالی ١٩٨٧ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەلوەشاوە)ەوە وەرگیراوە کە لەو بریارەدا بە فەرمانبەری کاتی ناویان هاتووە و تایبەتن بە کارێکی دیاریکراو کە پاش کۆتایی هاتنی کارەکە یان ماوەی کارکردنەکە پەیوەندییەکەش کۆتایی دێت ، ئەوا ئیتر ئەم جۆرە فەرمانبەرانە لە وەزیفەدا نامێنن، لەبەر ئەوە بەبروای ئێمە دامەزراندن بە گرێبەست بەدەرکردنە لەسەر ئەسڵی دامەزراندنی هەمیشە و رێگە پێدراو نییە بەم شێوەیەی لە هەرێمی کوردستان پەیرەو دەکرێت مامەڵە لەگەل ئەم بابەتە بکرێت.

**دووەم:** مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی فەرمانبەری گرێبەست بەو شێوەیەی کە لە هەرێمی کوردستان پەیرەو دەکرێت ، پێچەوانەی ئەحکامەکانی یاسای میلاکی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ و مادەکانی (٣٣ و ٣٤) ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو. چونکە وەك ئەسڵ مامەڵەی لەگەل کراوە کە ئەمەش دروست نییە، لەبەر ئەوەی ئەسڵ لەم بارەیەوە بریتییە لە دامەزراندنی هەمیشەیی ، مەگەر ئەو کارەی فەرمانبەرەکەی بۆ دادەمەزرێت کارێکی کاتی بێت.

سێهەم: سەبارەت بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی

فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ بە تایبەت سزا بەرزەفتکارییەکان، ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە بریاری ژمارە (٨٩/ ٢٠١٠ لە ٢٩/ ٧/ ٢٠١٠) بۆ ئەوە رۆیشتووە کە هیچ دەقێك لە یاسادا نەهاتووە کە رێگری بکات لەوەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران جێبەجێ بکرێت بەسەر فەرمانبەرانی گرێبەستدا بۆ حالەتی لێپێچینەوە کردن لەگەلیاندا گەرهاتوو لە گرێبەستی کارکردنیاندا دەقی سزایی نەهاتبوو.

**چوارەم:** لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای هەرێم لە رادەربرینی ژمارە (٥ / ٢٠١٤ لە ٧/ ٤/ ٢٠١٤) جەختی لەوە کردۆتەوە کە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە(١٤)ی سالی ١٩٩١ی هەموارکراو جێبەجێ دەکرێت بەسەر فەرمانبەرانی گرێبەست بەو ئەندازەی کە لەگەل سروشتی گرێبەستەکەیاندا بگونجێت.

**پێنجەم:** وەزارەتی دارایی هەرێم لە پاشکۆی رێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٩ نمونەی گرێبەستێکی بڵاوکردۆتەوە کە دەبێت لەگەل فەرمانبەرانی گرێبەستدا ئەنجام بدرێت، کە بەبروای ئێمە خاڵەکانی گرێبەستەکە پێویستی بەوە هەیە دارشتنەوەی وردی بۆ بکرێت و هەندێك ئەحکامی بۆ زیاد بکرێت، بەلام بەدەر لەم سەرنجە، نمونەی گریبەستەکە هیچ جۆرە حوکمێکی سزایی تێدا نەهاتووە، باشتر وابوو کەلە بری پەنا بردن بۆ یاسای بەرزەفتەکردن، چەند دەقێکی سزایی تێدا بهاتایە بۆ ئەوەی بەرێوەبەرایەتییەکان بەرچاویان روون بێت لە گرتنەبەری هەر رێککارێکی یاسایی لەگەل فەرمانبەری گرێبەستدا.

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە بروامان وایە لە هەرێمی کوردستان بەدەر جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی و یاسای میلاك مامەڵە لەگەل دیاردەی فەرمانبەری گرێبەست کراوە و لەبری چارەسەکردنیشی وەزارەتی دارایی لە دواین رێنمایی سالی ٢٠١٩

بە وردی ماف و جیاوکەکانی ئەم توێژەی دارشتووە بە ڕێنماییەکی دووردرێژ و وێنەیەکی لە گرێبەستی هاوپێچ کردووە، کە باشتر وایە ئەو نمونەی گرێبەستە هەموار بکرێتەوە و حوکمەکانی سزادانی فەرمانبەری گرێبەستی تێدا جێگیر بکرێت کە گونجاو بێت لەگەل پێگەی یاساییان، بەلام بۆ هەندێک حالەتی دیکة وةك راگرتنی( التوقیف) فەرمانبەری گرێبەست لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە دةکرێت بگەڕێینەوە بۆ حوکمی مادەی (١٦)ی یاسای بەرزەفتکردن، سەبارەت بە ئاسەوار سوپاس و پێزانین و سزاکانی هاتوو لە یاسای بەزرەفتکردنیشدا، ئەوا جێبەجێکردنیان مەحاڵ دەبێت لەرووی یاساییەوە مەگەر وەك خاڵی کێبڕکێ بەکار بهێنرێت بۆ ئەو حالەتانەی کە دەکرێت فەرمانبەرەکە وەك فەرمانبەری هەمیشەیی دابمەزرێت.

## (٤١)

## ماوەی خزمەتی فەرمانبەری گرێبەست بۆ چ مەبەستێك ئەژمار دەكرێت؟

وەك لە بەشی رابردوودا (٤٠) ئاماژەمان پێدا، فەرمانبەری گرێبەست بووەتە دیاردەیەك لە هەرێمی كوردستان و لە نێو داموەزگا میرییەكاندا ، بێگومان بەرەچاوكردنی ئەو سەرنجانەی لەم بارەیەوە خستمانەروو لەو بەشەدا، لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە روانگەی یاساییەوە شەن و كەوی ئەو مەبەستانە بكەین كە ماوەی خزمەتی گرێبەستی بۆ ئەژمار دەكرێت.

وەك پێشتر باسمان كرد، كە دەقێكی یاسایی تایبەتمەند نییە پێگەی یاسایی فەرمانبەری گرێبەستی بەروونی ریكخستبێت و سروشتی خزمەتەكەی و مەبەستەكانی دەستنیشان كردبێت، لەسەر ئەم بنەمایە و لە چەند خاڵێكدا پوختەی سەرنج و رونكردنەوەمان دەخەینەڕوو:

**یەكەم:** لە هەرێمی كوردستان تاكە دەقی یاسایی كە بەبروای ئێمە تا ئێستا بەركارە، بریتییە لە حوكمی ماددەی (١٩/ پێنجەم و شەشەم) لە یاسای بوجەی هەرێمی كوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی **٢٠١٣** كە لە دەقی بەندی پێنجەمی ماددەكەدا بەروونی یاسادانەر مەبەستەكانی ئەژماركردنی راژەی گرێبەستی دیاریكردووە لە (خانەنشینی) [١٣] ، لەسەر ئەم بنەمایەش

---

[١٣] ماددەی **١٩/**پێنجەم: نابێ بەبێ رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری گرێبەستی كاركردن لە فەرمانگەكانی هەرێمدا ببەسترێت، وە ئەولەویەت لە دامەزراندن دەدرێتە گرێبەستە بەركارەكان و **ماوەی گرێبەستەكە بۆ مەبەستی خانەنشینی بە خزمەت ئەژمار دەكرێت....** خۆ ئەگەر یاسادانەر مەبەستی ئەوەی هەبوایە كە خزمەتەكە بۆ مەبەستەكانی دیكەی وەك سەرمووچە و پلەبەرزكردنەوە ئەژمار دەكرێت ئەوا بێگومان دەقی لەسەر دەهێنا وەك چۆن لە بەندی (چوارەم)ی مادەی **(٣)**ی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی كوردستان **-** عێراق ژمارە (١٧)ی ساڵی **١٩٩٩** دەقی لەسەرهێناوە و تیایدا هاتووە :" **ماوەی پارێزەرایەتی بە راژەیەكی شایستە**

یاسادانەر بە دەقێکی کۆتوبەندکار مەبەستی راژەی گرێبەست ئەژمار کراوە و دەسەڵاتی کارگێڕیی بۆی نییە کە بۆ مەبەستەی دیاریکراوە ئەژماری نەکات یان بۆ مەبەستیکی دیکە ئەژماری بکات وەك سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە کە یاساکە دەقی لەسەر نەهێناوە.

**دووەم:** لە خاڵی (١٤)ی رێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٩ ی تایبەت بە فەرمانبەرامی گرێبەست و ماف و جیاوکەکانی، وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاماژەی بەوەداوە کە ماوەی گرێبەستە بۆ مەبەستی راژە ئەژمار دەکرێت بەمەرجێك پشکی خانەنشینیان لێ ببڕێت، ئەمەش کاتێك دەبێت فەرمانبەرەکە لەسەر میلاکی هەمیشەیی دابمەزرێت، بەلام بەبروای ئێمە دارشتنی ئەم خالەی رێنماییەکە ئالۆزە و واتای روون بە دەستەوە نادات و وەزارەتی ناوبراو بە روونی ئاماژەی بەو مەبەستە نەکردووە کە ماوەی راژەی گرێبەستی بۆ ئەژمار دەکرێت کە ئایا تەنها بۆ مەبەستی خانەنشینییە یان بۆ مەبەستەکانی دیکەی وەك سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوەیە ، کە بەبۆچوونی ئێمە دەبێت تەنها بۆ مەبەستی خانەنشینی بێت چونکە رێگە پێدراو نییە رێنماییەکە سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (١٩/پێنجەم)ی یاسای بوجەی هەرێمی گشتی کوردستان بێت.

**سێهەم:** ئەژمارکردنی هەر راژەیەك بۆ هەر مەبەستێك ئیتر خانەنشینی (التقاعدی) بێت یان سەرمووچە (العلاوة)یان پلەبەرزکردنەوە (الترفیع) یان پایەبەرزرکردنەوە (الترقیة)، پێویستە یاسادانەر دەقی یاسایی راشکاوانەی لەسەر هێنابێت و رێگەپێدراو نییە کە دەسەلاتی جێبەجێکردن لەرێگەی

---

**دادەنرێت بۆ مەبەستەکانی دامەزراندن و سەمووچە و پلەبەرزکردنەوەی خانەنشینی لە** فەرمانگە فەرمییەکان و کەرتی هاوبەش (قطاع مختلط).

لێکدانەوەی دەقەکان یان هەر ڕێگەیەکی دیکە مەبەستی خزمەتە جۆراوجۆرەکان بۆ فەرمانبەر ئەژمار بکات، ئیتر بۆ هەر مەبەستێك بێت و دەبێت ئەو مەبەستەی ڕاژەکەی بۆ ئەژمار دەکرێت یاسادانەر دەقی لەبارەوە هێنابێت.

**چوارەم**: پێویست دەکات ئەو فەرمانبەرە گرێبەستەی کە وەك فەرمانبەری هەمیشەیی دادەمەزرێت ، لێبرینی خانەنشینی ئەو ماوەیە بدات کە وەك فەرمانبەری گرێبەست خزمەتی کردووە، بۆ ئەوەی وەك زەمانەتێك بپارێزێت تا دواتر بۆ مەبەستی خانەنشینی سوودی لێ وەربگرێت، هەروەها بروامان وایە کە بە گوێرەی حوکمی ماددەی (٣١/ پێنجەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی سالی ٢٠٠٦ گەر هاتوو فەرمانبەری گرێبەست لەگەل وەرگرتنی مووچەکەیدا لێبرینەکانی خانەنشینی لێبرا، ئەوا تەنانەت ئەگەر وەك فەرمانبەری هەمیشەییی دانەمەزرێت ، مافی خۆیەتی خانەنشین بکرێت بەو مەرجەی ماوەی یاسایی خزمەتی هەبێت.

**پێنجەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٩/پینجەم) لە یاسای ژمارە(٢)ی سالی ٢٠١١ و هەروەها بەندی (شەشەم) لە ماددەی (١٢) لە یاسای ژمارە (٧)ی سالی ٢٠١٣ بوجەی گشتی عێراق، یاسادانەر ڕاژەی ماوەی گرێبەستی بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی ئەژمارکردووە بۆ ئەو فەرمانبەرەی کە لەسەر میلاکی هەمیشەیی جێگیر دەکرین، تەنانەت ماددەکە ئاماژەی بەوە داوە ئەم ئەژمارکردنە هەموو ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە لە پاش ٩/ ٤/ ٢٠٠٣ وەك فەرمانبەری گرێبەست دامەزراون.تەنانەت ئەنجومەنی شورای دەولەت لە بریاری ژمارە (٣٠/ ٢٠١٤ لە ٢٠١٤/٣/١٦) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٩/پینجەم) لە یاسای بوجەی گشتی عیراق

ژماره(٢)ی سالی ٢٠١١ ماوەی راژەی گریبەست وەک خزمەتی فیعلی دادەنریت بۆ فەرمانبەر بەمەبەستی وەرگرتنی مۆلەتی خویندن.

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە ، دەگەینە ئەو دەرنجامەی کە ماوەی خزمەتی فەرمانبەری گرێبەست تەنها بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت ئەوەش پالپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٩/پێنجەم) لە یاسای بوجەی گشتی هەرێم بۆ سالی ٢٠١٣ ، جگە لەوە بۆ هیچ مەبەستێکی دیکە ئەژمار ناکرێت و پێویستە ئەو فەرمانبەرەی مەبەستیەتی ئەو ماوەی بۆ خزمەتی خانەنشینی بۆ ئەژمار بکرێت ئەوا دەبێت لێبرینەکانی خانەنشینی بدات، بەپێچەوانەوە بۆی ئەژمار ناکرێت. هیوادارین یاسادانەری هەرێمیش بە هەمان شێوەی یاسادانەری عێراق راژەی فەرمانبەرانی گرێبەست ئەژمار بکات بۆ سەرجەم مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی وەک پێشتر روونکرایەوە .

## (٤٢)

## سەبارەت بە مۆڵەتی نەخۆشی فەرمانبەران

کاتێك کە فەرمانبەر نەخۆش دەکەویت و مۆڵەتی پێدەدرێت بۆ ماوەی چەند رۆژێك ئەوا پێویستە لەسەر خودی فەرمانبەرەکە و دائیرەکەی کە بەپێی یاسا و رێنماییەکانی تایبەت بەم بوارە مۆڵەتەکەوەربگیرێت و بدرێت ، لە خوارەوە بەگوێرەی پەیڕەوی مۆڵەتەکانی نەخۆشی ژمارە(٧٦)ی ساڵی ١٩٥٩ روونکردنەوەی پێویست لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر دووچاری نەخۆشییەك هات کە دەبووە مایەی دابڕانی لە وەزیفەکەی ،ئەوا دەتوانێت لەرێگەی دەستڕاگەیشتنی بە راپۆرتی پزیشکێکی فەرمی یاخود پزیشکێکی رێگەپێدراو یان فەرمانبەرێکی تەندروستی لەو ئەو شوێنانەی کە پزیشکی لێ نییە مۆڵەتی نەخۆشی وەربگرێت بۆ ماوەیەك کە لە پێنج رۆژ زیاتر نەبێت، لەسەر ئەم بنەمایەش گەر هاتوو ماوەکە لە پێنج رۆژ زیاتربوو ئەوا بەم رێگەیە فەرمانبەر مۆڵەتی نەخۆشی پێنادرێت.

**دووەم:** پێویستە ئەو پزیشکەی مۆڵەتی نەخۆشی دەدات بە فەرمانبەرەکە، جۆری نەخۆشییەکە دەستنیشان بکات لە راپۆرتەکەیدا لەگەل ئەو ماوەیەی کە فەرمانبەرەکە پیویستیەتی وەک مۆڵەتی نەخۆشی. رێگە پیدراو نییە کە پزیشکە پێشنیار بکات بە پشوودان بۆ فەرمانبەر مەگەربێتوو پشوودانەکە بۆ فەرمانبەرەکە زۆر پیویست بێت بەجۆریک کە فەرمانبەرەکە بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە نەتوانێت دەوام بکات. لە هەمانکاتدا پیویستە فەرمانبەرەکە لەگەل دەستراگەیشتنی بە راپۆرتە پزیشکییەکەی تایبەت بە نەخۆشیەکەی، دەستبەجی بیخاتە بەردەستی فەرمانگەکەی.

**سێهەم:** گەر هاتوو باری تەندروستی فەرکانبەرەکە پیویستی بەماوەیەک بوو کە زیاتر بوو لە پێنج رۆژ، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت مۆڵەتەکە لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی فەرمی بدرێت و لە هەمانکاتدا درێژکردنەوەی مۆڵەتەکەش دەبێت لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی هاوشیوەوە بێت.

**چوارەم:** مۆڵەتی نەخۆشی لە کاتی نووسینی راپۆرتەکەوە دەستپێدەکات و کۆتایی دێت بەو ماوەیەی کە لە راپۆرتەکەدا دیاریکراوە، واتە رێگە پێدراو نیە کە فەرمانبەر مۆلەتەکە بهێنێتەوە بۆ دائیرەکەی و بۆ رۆژی دواتر مۆڵەتەکەی دەستپێبکات و لەکاربترازێت و ئەژمار بکرێت، مەگەربیتوو چارەسەری فەرمانبەرەکە لە دەرەوەی وڵات دەبوو کە لەم کاتەدا بەرواری دەستپێکردنی مۆلەتەکە لە رۆژی دەستلەکارهەڵگرتنیەوە دەستپیدەکات.

**پێنجەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پێش تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی نەخۆشییەکەی باری تەندروستی باش بوویەوە و دەیتوانی کاروبارەکانی وەزیفەکەی بەرێوەببات، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت لە رێگەی لیژنەیەکی پزیشکی یان هەمان ئەو لیژنەی مۆڵەتەکەی پێداوە پشتگیری باری تەندروستییەکەی بکات ئەوکات دەتوانێت دەستبەکاربێتەوە ، بەپێچەوانەوە نابێت دائیرەکەی بەدەر لەم رێککارە دەستبەکاربونەوەی بۆ بکات.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە و لە کاتی نەخۆشکەوتنی فەرمانبەر بە جۆرێك کە نەیدەتوانی کارەکانی وەزیفەکەی ئەنجامبدات، ئەوا تا ماوەی (٥) رۆژ دەکرێت مۆلەتی نەخۆشی پێ بدرێت لەلایەن پزیشکی فەرمی یان ئەو پزیشکەی کە دەسەڵاتی پێدراوە، گەرهاتوو لەو ماوەیەش زیاتر بوو ئەوا دەبێت لەلایەن لیژنەی پزیشکی فەرمیەوە مۆلەتەکە بدرێت، بەپێچەوانەوە کار بەو مۆلەتانە ناکریت کە بەدەر لە لیژنەی پزیشکی درابن بە نەخۆش و ماوەکەیان لە پێنج رۆژ زیاتر

بووبێت، تەنانەت ئەگەر لەلایەن نەخۆشخانەیەکی ئەهلییەوە درابوو دواتریش لەلایەن سەندیکای پزیشکانەوە پەسەندکرابوو هەروەك لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی بەرزەفتکاری گشتی لە بریاری ژمارە (٧٧١/بەرزەفتکردن/٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٧/٢) جەختی لەسەرکردۆتەوە.، لەبەر ئەوەی یاسا ئەو دەسەلاتەی داوە بە لیژنەی پزیشکی و جگە لەم لیژنەیە، هیچ لایەنێکی دیکە دەسەلاتی پێدانی ئەو مۆلەتانەی نییە کە دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی لیژنەی پزیشکی .

## (٤٣)

## ماوەی یاسایی بۆ دەستبەکاربوونەوەی فەرمانبەری راگیراو (الموقوف) و فەسلکراو (المفصول)

کاتێك کە فەرمانبەرێك لەسەر دۆسیەیەکی بەرزەفتکاری فەسڵدەکرێت یان لەبەرەنجامی حوکمی دادگاوە بە زیندانیکردن یان بەندکردن فەسڵدەکرێت لەسەر تاوانێکی سزایی یان رادەگیریت لەلایەن لایەنێکی تایبەتمەندەوە ، ئەوا پێویستە لە پاش ئازادبوونی لە زیندان راستەوخۆ داوای دەستبەکاربونەوە بکات لە وەزیفەکەی ، لەم بارەیەوە چەند سەرنجێك دەخەینەڕوو :

**یەکەم:** یاسادانەر لە هیچ یەك لەو دەقانەی کە باس لە فەسڵکردنی فەرمانبەر دەکات ئیتر بە فەسڵکردنی بەرزەفتکاریی بێت یان سزایی یاخود راگیرانی لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە، هیچ ماوەیەکی دەستنیشان نەکردووە بۆ دەستبەکاربونەوە ، بەڵام بە گەرانەوە بۆ ئەحکامی گشتی ، دادگای باڵای کارگێڕیی لە عێراق ماوەکەی بە (١٠) دە رۆژ دەستنیشان کردووە ئەوەش بە دەلالەتی ماددەی (سی و حەوتەم/٢) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو .

**دووەم:** بە گوێرەی بریاری دادگای ناوبراو بە ژمارە ( ٨٤٠/ قەزای فەرمانبەران/پیداچونەوە/٢٠١٤ لە ١٧/ ٣ /٢٠١٦) جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە لەسەر فەرمانبەری فەسڵکراو بەهۆی حوکمدانی بە سزای بەندکردن یان زیندانیکردن لە پاش ئازادبوونی لە ماوەی (١٠) رۆژدا پەیوەندی بە دائیرەکەیەوە بکاتەوە و داوای دەستبەکاربوونەوە بکات. هەروەها بە گوێرەی بریارێکی دیکەی دادگای ناوبراو بە ژمارە(١٥٩٣/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچونەوە/٢٠١٥ لە ١١/ ١/ ٢٠١٨) پێویستی کردووە لەسەر فەرمانبەری راگیراو کە لە ماوەی (١٠) رۆژدا لەبەرواری

ئازادکردنەکەیەوە سەردانی دائیرەکەی بکاتەوە و داوای دەستبەکاربونەوە بکات.

**سێیەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە رۆژی ئازادبوونی (ئیتر فەسڵکراو بێت لەبەرەنجامی حوکمی دادگا یان لەبەرەنجامی سەرپێچی بەرزەفتکاری) یان ئازادبوونی لە پاش راگیرانی ، پەیوەندی نەکردەوە بە دائیرەکەیەوە و داوای دەستبەکاربوونەوەی نەکرد بێ هەبوونی پاساوی بەجێ (عذر مشروع) ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە بە دەستلەکارهەڵگرتوو (مستقیل) دادەنرێت بە حوکمی یاسا و هەمان حوکمی ئەو فەرمانبەرەی دەبێت کە مۆڵەت بووە و پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی لە ماوەی (١٠) رۆژدا پەیوەندی بە وەزیفەکەیەوە نەکردۆتەوە بێ هەبوونی هیچ پاساوێکی بەجێ.

**چوارەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لەو ماوەیەدا سەردانی دائیرەکەی کرد و داوای دەستبەکاربونەوەکەیان لێ وەرنەگرت، ئەوا دەکرێت لەرێگەی دادنووسەوە بە هۆشداری ئاراستەی دائیرەکەی بکات بۆ ئەوەی داواکارییەکەی لێ وەربگرن تا دواتر وەك بەڵگەیەکی یاسایی بەکاری بهێنێ گەر هاتو دائیرەکەی بەم هۆیەوە کۆتاییان بە راژەکەی هێنا.

**پێنجەم:** بێگومان فەرمانبەری راگیراو لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە پێویست دەکات لەسەر دائیرەی فەرمانبەرەکە کە بریاری دەستپێکێشانەوەی (سحب الید) بۆ دەرکردبێت بۆ ماوەی راگیرانەکەی و لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی راگیرانەکەی وپەیوەندی کردنەوەی فەرمانبەرەکە بە دائیرەکەی، ئەوا، دائیرەکەی بۆی نیە کە فەرمانی دەستپێکیشانەوەکەی هەڵنەوەشێنێتەوە یان دەستبەکاربونەوەی بۆ نەکات، هەر جۆرە خۆگرتنەوەیەکی (امتناع) ئیدارە لەم بارەیەوە بە بڕیاری نەرێنی(قرار سلبی) دادەنرێت کە قابیلی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای تایبەتمەند.

**شەشەم:** بە هەمان شێوە بۆ فەرمانبەری فەسڵکراو ئیتر بەهۆی سەرپێچی بەرزەفتکارییەوە بووبێت فەسڵەکەی یان لەبەرەنجامی حوکمی دادگاوە بووبێت بەبەندکردنی یان زیندانیکردنی، ئەوا پێویستە لەسەر دائیرەکەی دەستبەکاربونەوەی بۆ بکات هەروەك لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێڕیی لە عێراق لە بریاری ژمارە (٢٢٣٩/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچونەوە/٢٠١٨ لە ٢٧/ ١٢/ ٢٠١٨ ) جەختی لەسەرکردۆتەوە کە پێویستە لەسەر ئیدارە تا دەستبەکاربونەوەی فەرمانبەری فەسڵکراو قبوڵ بکات گەرهاتوو ماوەی فەسڵەکەی تەواو بوو نەك دووبارە دامەزراندنەوەی بۆ بکات .. بێگومان دەبێت فەرمانبەرەکە لە کاتی دەستبەکاربونەوەی مەرجەکانی وەزیفەی تێدا پارێزراوبێت. بەلام بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان، فەرمانبەری فەسڵکراو زۆر بە زەحمەت دەتوانێت بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی و بریاری گەرانەوەکەش دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت ئەمەش بە گوێرەی ئەو حاڵەتانەی کە بەرچاومان کەوتووە لە بواری پسپۆرییەکەماندا .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، پێویستە فەرمانبەری راگیراو یان فەسڵکراو لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە رۆژی ئازادبوونیەوە پەیوەندی بە دائیرەکەیەوە بکاتەوە و داوای دەستبەکاربونەوە بکات، گەر دائیرەکەی داواکەی لێ وەرنەگرت ئەوا دەتوانێت لەریگەی دادنوسەوە بە هۆشدارییەك دائیرەکەی ناچار بکات بە لێ وەرگرتنی داوای دەستبەکاربونەوەکەی بۆ ئەوەی دواتر بتوانێت بەرگری پێ بکات لە خۆی

## (٤٤)

## مەرجە شکلییەکانی سزادانی فەرمانبەر

یاسادانەر لە ئەحکامی ماددەی (١٠/ یەکەم و دووەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دا ژمارەیەك مەرجی شکلی جەوهەری هێناوە بۆ سزادانی فەرمانبەر، گەرهاتوو ئەو لایەنەی کە سزای فەرمانبەرەکەی دابوو رەچاوی ئەو شکلەیەتانەی نەکردبوو، ئەوا بریاری سزادانەکەی لەکەدار دەبیت بە لەکەی شکل (عیب الشکل) و مایەی هەڵوەشاندنەوە دەبێت لەبەردەم دادگا تایبەتمەند [١٤]، گەرهاتوو بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٥)ی هەمان یاسا دادخوازی (التظلم) بۆ پێشکەشکردو دواتر تانەی (الطعن) لێدا، کە لە خوارەوە باس لەو مەرجانە دەکەین:

**یەکەم:** رێگەپێدراو نیە کە فەرمانبەر بەدەر لە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە یان ئیستیجوابکردنی لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/یەکەم و چوارەم) بەهیچ رێگەیەکی دیکە سزابدرێت، گەرهاتوو دائیرەکە بەدەر لەو دوو رێگەیە کە وردەکارییەکەی لە یاساکەدا روونکراوەتەوە سزای فەرمانبەری دا ئەو سزاکەی بە پوچەڵکراوە دادەنرێت(باطل) [١٥].

---

[١٤] رسم قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام شكلية لفرض العقوبات ولايجوز للإدارة مخالفتها عند فرض العقوبات الانضباطية. المبدا القانونى في قرار المرقم (٧١٣/قضاء الموظفين/ تمييز/٢٠١٢ في ٢٠١٣/٨/٤) والمنشور في قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، منشورات مجلس شورى الدولة ، بغداد، ٢٠١٤ ص٣٥٤.

[١٥] يعد استجواب الموظف أو التحقيق معه من القواعد الشكلية التي لايجوز اهمالها وهي من النظام العام وان عدم مراعاتها يؤدي الى بطلان الاجراءات القانونية المتخذة. المبدا القانونى في قرار المرقم ( ١٣٠/انضباط/ تمييز/٢٠١١ في ٢٠١١/٣/٢٤)

**دووەم:** دەبێت ئەندامانی لیژنەکە تەنها لە (٣) ئەندام پێکهاتبێت نە زۆرتر لەو ژمارەیە و نەکەمتر، گەرهاتوو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە سزای فەرمانبەرێکی پێشنیار کرد کە رەچاوی ئەو ژمارەیەی تێدا نەکرابوو لە پێکهێنانەکەیدا ئەوا بریاری سزادانەکەی بە بوچەڵکراوە دادەنرێت.
**سێهەم:** مەرجە لەو (٣) ئەندامەی لیژنەکە، فەرمانبەرێکی یاسایی تێدا بێت کە هەڵگری بروانامەی بەرایی زانکۆیی بێت لە یاسادا (واتە بەکالۆریۆس) ، لەسەر ئەم بنەمایەش گەرهاتوو فەرمانبەری یاسایی لە لیژنەکەدا نەبوو یان فەرمانبەرێکی تێدابوو کە هەلگری بروانامەی دبلۆمی پەیمانگا بوو لە یاسا یان هەلگری بروانامەی بەکالۆریۆس بوو لە کۆلیژی یاسا و رامیاری بەشی زانستە سیاسیەکان ئەوا بریاری سزادانەکە بە پوچەڵکراوە دادەنرێت.
**چوارەم:** مەرجە ئەندامانی لیژنەکە لە فەرمانبەری خاوەن شارەزایی بن (ذوی الخبرة) واتە هەریەك لە ئەندامانی لیژنەکە چ لە پسپۆری یاسایی یان پسپۆرییەکانی دیکەیاندا خاوەن شارەزایی پێویست بن و رێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەرێکی تازە دامەزراوە و بێ هەبوونی شارەزایی، لێکۆڵینەوە لە فەرمانبەر بکات لە کاتێکدا چەندین فەرمانبەری دیکە بە ئەزمون و خاوەن شارەزایی لە دائیرەکەدا هەبێت، کە مەبەستی یاسادانەر لەم مەرجە زیاتر بەرقەرارکردنی دادپەروەرییە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی دروست، بۆیە گەرهاتوو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە ئەندامانی خاوەن شارەزایی پێویست نەبن ئەوا بریاری سزادانەکە بە پوچەڵکراوە دادەنرێت.

---

والمنشور في قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١١، منشورات مجلس شورى الدولة ، بغداد، ٢٠١٢ ص٢٥٦.

**پێنجەم:** پێویستە لێکۆڵینەوەکە بە ئامادەیی (حضوری) فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە ئەنجامبدرێت و بە هیچ شێوەیەك نابێت بە غیابی لێکۆلینەوە بکرێت و دواتر پێشنیاری سزا بۆ فەرمانبەرەکە بکرێت و سزا بدرێت، گەر هاتوو فەرمانبەر تەبیلیغ کرا بە ئامادەبوونی لەبەردەم لیژنەکە و بەڵام نەیویست ئامادەبێت لەبەردەم لیژنەکە بێ هەبوونی پاساوی یاسایی، ئەوا لەم کاتەدا ئەم فەرمانبەرە دەستی لەم مەرجە هەڵگرتووە و ئاساییە کە پێشنیاری سزای بۆ بکرێت،جگە لەوەی باسکرا، ڕێگە پێدراو نیە کە لێکۆلینەوەکردن لە ڕێگەی ناردنی پرسیارەکان بە پۆست و گەرانەوەیان ئەنجام بدرێت، واتە فەرمانبەرەکە ئامادەیی نەبێت لەبەردەم لیژنەکەدا و لەڕێگەی پۆستەوە پرسیارەکانی بۆ نێررا بێت و وەلامی دابێتەوە [١٦] .

**شەشەم:** دەبێت لێکۆڵینەوەکە بە نوسراو (کتابة) بکرێت و بە هیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە بە زارەکی لێکۆلینەوە بکرێت و وتەکان تۆمارنەکرێن، بەلکو دەبێت وتەی فەرمانبەرەکە بە وردی تۆمار بکرێت و پاشان بۆ فەرمانبەرەکە بخوێنرێتەوە و دواتر ئەگەر دڵنیابوویەوە لە وتەکانی دەتوانێت واژۆی لەسەر بکات . بەپێچەوانەوە ئەوا سزادانی فەرانبەرەکە بە پوچەڵکراوە دادەنرێت[١٧].

---

[١٦] يكون التحقيق الاداري معيبا اذا لم يطبق مبدأ المواجهة في التحقيق الاداري المبدا القانونى في قرار المرقم ( ٦٢٦/انضباط/ تمييز/٢٠١٨ في ٢٠١٣/٦/٧) والمنشور في قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، منشورات مجلس الدولة ، بغداد، ٢٠١٩ ص٤٠٣.

[١٧] ان مخالفة اللجنة التحقيقية للقانون بحيث لم تحقق تحريريا مع الموظف تجعل العقوبة المفروضة استنادا الى توصياتها باطلة. قرار المرقم ( ١٤٠/انضباط/ تمييز/٢٠١١ في ٢٠١١/٤/٧) والمنشور في قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١١، منشورات مجلس شورى الدولة ، بغداد، ٢٠١٢ ص٢٦٢.

**حەوتەم:** پێویستە لە دەقی بریاری سزادانی فەرمانبەرەکەدا، بەروونی هۆکاری سزادانەکە (تسبیب) نوسراوبێت، واتە ئەو سەپێچییە نوسراوبێت کە فەرمانبەرەکەی لەسەر سزادراوە، بەپێچەوانەوە گەرهاتوو هۆکارەکە نەنوسرابێت، یاخود هۆکاری گشتی نوسرابێت کە پەیوەندی بە سەرپێچی فەرمانبەرەکەوە نەبوو، ئەوا بریاری سزادانەکە بە پوچەڵکراوە دادەنرێت[١٨]..

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە پێویستە فەرمانبەر و دەسەڵاتی کارگێڕیی بە وردی رەچاوی ئەو مەرجانە بکات و رێگە پێدراو نییە کە رەچاویان نەکات و پشتگوێی بخات ، بە پێچەوانەوە بریاری سزادانەکەی بە پوچەڵکراوە دادەنرێت.

---

[١٨] تسبيب قرار فرض العقوبة شكلية يستوجبها القانون، يترتب على عدم مراعاتها بطلان قرار فرض العقوبة.. المبدا القانونى في قرار المرقم ( ٢٢٠/انضباط/ تمييز/٢٠١٣ في ٢٠١٣/٧/٢٢) والمنشور في قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، منشورات مجلس شورى الدولة ، بغداد، ٢٠١٤ ص٣٢٢.

## (٤٥)

## گرفتەکانی دەسەلات (الاختصاص) لە سزادانی فەرمانبەردا

کاتێك کە فەرمانبەر بە هۆی سەرپێچیکردنەوە سزادەدرێت، ئەوا هەندێکجار ئەوەی سزاکە دەدات ، بەگوێرەی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی دەسەلاتی سزادانی نیە و بەم هۆیەشەوە بریاری سزادانەکەی بە پوچەڵکراوە دادەنرێت و گەرهاتوو فەرمانبەر بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥)ی یاساکە دادخوازی پێشکەشکرد و دواتر تانەی لێدا، ئەوا دادگای تایبەتمەند بەپاساوی لەکەی نەبوونی دەسەلات ( عیب عدم الإختصاص) بریاری سزادانەکە هەڵدەوەشێنێتەوە ، لەخوارەوە بە چەند خاڵێك دەربارەی دەسەلاتەکانی سزادانی فەرمانبەر روونکردنەوە پێشکەشدەکەین:

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١) لە یاسای بەرزەفتەکردن ، هەریەك لە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دەسەلاتی سەپاندنی هەموو ئەو سزایانەیان هەیە بەسەر فەرمانبەرانی وەزارەتەکەیان یان دەستەکەیاندا کە یاسادانەر لە مادەی (٨)ی یاساکەدا هێناویەتی.

**دووەم:** هەریەك لە بریکاری وەزارەت لەگەل ئەو فەرمانبەرەی کە پلەکەی بریکاری وەزارەتە و تەشکیلەیەکی کارگێری بەرێوەدەبات وەک پاریزگار یان سەرۆکی زانکۆ هەروەها بەرێوەبەرەگشتییەکان و ئەو فەرمانبەرەی کە راستەوخۆ وەزیری دەسەلاتی پێدەدات، دەتوانن هەریەك لە سزاکانی (سەرنج راکێشان و ئینزار و مووچە برین تا ماوەی پێنج رۆژ و سەزەنشتکردن) ئاراستەی فەرمانبەر بکەن ، جگە لەو سزایانە گەرهاتوو سزایەکی قورستریان سەپاند بەسەر فەرمانبەردا ئەوا بریاری سزادانەکە لەکەدارە (معیب) و قابیلی پوچەڵکردنەوەیە لەبەردەم دادگای تایبەتمەند.

**سێهەم:** وەزیری تایبەتمەند دەسەلاتی سەپاندنی هەریەك لە سزاكانی (سەرنجراكێشان و ئاگاداركردنەوە ـ الأنذار ـ و مووچە برینی ) هەیە دەرهەق بەو فەرمانبەرەی كە وەزیفەی بەڕێوبەری گشتی و بەرەو سەر بەڕێوەدەبات (وەك راگری كۆلیژ یان پەیمانگا، قایمقام)، گەر هاتوو سزای پێشنیاركراو بۆ ئەم جۆرە فەرمانبەرانە لەو سێ سزایە قورستر بوو ئەوا دەبیت لەلایەن وەزیرەوە پێشنیارەكە بخرێتە بەردەستی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بریار لێدانی، كەواتە گەرهاتوو وەزیر سزای سەرزەنشتكردن (التوبیخ) ی سەپاند بەسەر فەرمانبەرێكدا كە وەزیفەی بەرێوەبەری گشتی بەرەو سەری بەرێوەدەبرد ئەوابریاری سزادانەكە لەكەدار (معیب) بە لەكەی نەبوونی دەسەلاتی و قابیلی هەڵوەشاندنەوەیە لەبەردەم دادگای تایبەتمەند.

**چوارەم:** هەر بەرێوەبەرێك یان سەرۆكی فەرمانگەیەك گەرهاتوو پلەكەی بەرێوەبەری گشتی نەبوو یان راستەوخۆ دەسەلاتی سزادانی لەوەزیرەوە وەرنەگرتبوو ،ئەوا هەر جۆرە سزایەكی فەرمانبەر بدات، بریاری سزادانەكەی نایاساییە و لەكەدار بە لەكەی نەبوونی دەسەلات.

**پێنجەم:** وەزیری تایبەتمەند تەنها دەسەلاتی سزادانی سنووری وەزارەتەكەی خۆی هەیە و رێگەی پێنەدراوە سزای فەرمانبەری وەزارەتێكی دیكە بدات، بە هەمان شێوەیەش سەرۆكی زانكۆ سەبارەت بە زانكۆكەی و پارێزگار سەبارەت بە سنووری پارێزگاكەی و بەرێوەبەری گشتی سەبارەت بە فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتییە گشتییەكەی .بەلام بەبروای ئێمە بریكاری وەزیر لەبەر ئەوەی ویلایەتی هەیە بەسەر بەرێوەبەرایەتییەگشتیەكاندا ئەوا دەتوانێت سزای فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتییە گشتییەكانی سەر بە وەزارەتەكەی بدات ، بەلام بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت دەسەلاتەكانی تەنها دیاریكراوە بە

فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان نەك بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەگانی سەر ئاستی پارێزگاکان.

**شەشەم:** سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی یاساکە تایبەتمەند نییە بە سزادانی فەرمانبەرانی وەزارەتەکان و هەر جۆرە سزادانیکی لەم جۆرە لەکەدارە بە لەکەی نەبوونی دەسەلات، هەروەک لەلایەن خۆیەوە دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەریم لە دوو بریاریدا بە ژمارەکانی (٢٦ / بەرزەفتکردن / ٢٠١١ لە ٥/ ١٠/ ٢٠١١) و (٢٨ / بەرزەفتکردن / ٢٠١١ لە ٥/ ١٠/ ٢٠١١ ) دوو بریاری سزادانی فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی تری هەلوەشاندۆتەوە کە بە واژۆی سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران دەرکرابوون..

**حەوتەم:** هەندێکجار ئەوە بەرچاوکەوتووە کە لە نێو حوکمی دادگادا سزای بەرزەفتکاری فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی دیکە دراوە لەلایەن دادوەرەوە ، کە ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە بریاری سزادانی لەکەدار بە لەکەی نەبوونی دەسەلات و بەبڕوای ئێمە بریاری سزادانی لەم جۆرە نەك (باطل) بەڵکو (معدوم)ە و لە ئاستی بریاری ئیداری دەیهێنێتە خوارەوە و دەیکات بەکارێکی مادی نەك قانونی.

لەبەرەنجامی ئەو خالانەی لای سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەسەلات وەک پایەی سەرەکی بریاری سزادان پێویستە لەلایەن دەسەلاتی کارگێرییەوە رەچاو بکرێت و رێگە پێدراو نییە کە سەرپێچی بکرێت یان دەستکاری بکرێت چونکە ئەم بابەتە لە نیزامی گشتییە و بە هیچ شیوەیەک رێگە پێدراو نییە کە پێشێل بکرێت.

## (٤٦)
## ئایا بەڕێوەبەری ناحیە دەرماڵەی مەترسی یاسایی دەیگرێتەوە ؟

هەندێکجار جار ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا فەرمانبەری یاسایی کاتێك پۆستی بەڕێوەبەری ناحیە بەڕێوەدەبات ، دەرماڵەی مەترسی یاسایی بۆ خەرجدەکرێت، لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەوڵەی عێراقی لە بریاری ژمارە (٢٠١٨/٤٠) لە (٢٠١٨/٤/٤) وەڵامی ئەم پرسیارەی داوتەوە کە لە خوارەوە و لەبەر رۆشنایی وەڵامەکەی ئەنجومەنی ناوبراو روونکردنەوە و سەرنجی یاسایی دەنووسین :

**یەکەم:** سەندەی یاسایی پێدانی دەرمالەی مەترسی پیشەیی دەگەرێتەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (١٣) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە(٢٢)ی سالی ٢٠٠٨ کە تیایدا هاتووە:" **وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دەتوانن دەرمالەی مەترسی پیشەیی بەرێژەی (٢٠%) تا (٣٠%)ی مووچە خەرج بکەن بە گوێرەی رێنماییەک کە وەزیری دارایی دەری دەکات" لەم بارەیەوە.**

**دووەم:** بە گوێرەی رێنمایی دارایی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٤)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری، دەرماڵەی یاسایی بە سێ مەرج خەرجدەکرێت کە پێویستە هەر سێ مەرجەکە بەدیهاتبێت لەفەرمانبەرە یاساییەکەدا کە ئەوانیش بریتین لە:

(١) ناونیشانی یاسایی وەرگرتبێت بەو پلەبەندییەی کە لە ناونیشانە وەزیفییەکانی هەلگرانی بروانامەی یاسادا هاتووە و بە (ی. یاسایی) دەستپێدەکات پاشان بە یاسایی و دواتر ی. مشوەرتکاری یاسایی تا دەگاتە کۆتا ناونیشانی ئەم پسپۆرییە .

(٢) دەبێت لە بەرێوەبەرایەتی یان هۆبە یان بەشی یاسا کاربکات.

(٣) بە کرداری ممارەسەی کاری یاسایی بکات.

**سێیەم:** ئەنجومەنە دەولەی عێراقی بۆ ئەوە رۆیشتووە کە وەزیفەی بەرێوەبەری ناحیە لە وەزیفە یاساییەکان دانانرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش مەرجەکانی پێدانی دەرماڵەی مەترسی پیشەیی فەرمانبەرانی یاسایی جێبەجێ نابێت بەسەر بەرێوەبەری ناحیەدا. لە هەمانکاتدا دەرماڵەی مەترسی پیشەیی دەدرێت بۆ ئەو مەترسیەی کە لەبەرەنجامی سروشتی وەزیفەکەوە دەکەوێتەوە نەك بۆ سیفەتی ئەو کەسەی کە وەزیفەکە پر دەکاتەوە و بەرێوەی دەبات.

لەسەر بنەمای هەردوو خاڵی لای سەرەوە ، دەردەکەوێت کە بەرێوەبەری ناحیە دەرمالەی مەترسی پیشەیی فەرمانبەرانی یاسایی نایگرێتەوە و شایستەی نابیێت لەبەر ئەوەی وەزیفەی بەرێوەبەری ناحیە بە وەزیفەی یاسایی دانانرێت.

## (٤٧)

## ئايا بڕوانامەی خوێندن بە شایەت دەسەلمێنرێت؟

هەندێکجار کاتێك کە لێکۆڵینەوە لە بروانامەی فەرمانبەرێك دەکرێت و نوسراو ئاراستەی ئەو لایەنە دەکرێت کە بروانامەکەی دەرکردووە بەمەبەستی پشتگیری راستی و دروستی بڕوانامەکەی (صحه الصدرو) ، ئەوە رووودەدات کە ئەو لایەنە بە هۆی نەبوونی بەرایی ، ناتوانێت راستی و دروستی ئەو بروانامەیە پشتراست بکاتەوە ، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا دەکرێت لەم جۆرە حاڵەتانەدا بروانامەکە بە شایەت بسەلمێنرێت؟

لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێڕی لە بریاری ژمارە (١٢٧٩/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە/٢٠١٨ لە ٢٠١٨/٨/١٦) وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە کە لە خوارەوە بە چەند خاڵێك روونکردنەوەی لە بارەوە دەدەین:

**یەکەم:** بە گوێرەی ماددەی (٢٣ ) و (٢٤)ی یاسای سەلماندنی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ رێگە پێدراو نییە پشت ببەسترێت بە وێنەی هیچ بەڵگەیەکی نوسراو مادەم موتابەقە نەکرابێت لەگەل وێنە رەسەنەکەی (النسخة الأصليه). واتە لەم کاتەدا پێویستە ئەو لایەنەی کە تایبەتمەندە بووە بە دەرکردنی نوسراوەکە لە بنەرەتەوە ، دوای موتابەقەکردنی وێنەی بەڵگەنامەکە لەگەڵ وێنەی بەڵگەنامە بنەرەتییەکە ئەوکات پشتگیری وێنەی بەلگەنامەکە دەکات و پشتراستی دەکاتەوە.

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی یەکەم رێگە پێدراو نییە کە راستی و دروستی وێنەی بەڵگەنامەی نوسراو بە شایەت بسەلمێنرێت، چونکە لەم بارەیەوە یاسای تایبەتمەند رێککاری دیاریکردووە و پێویستە رەچاوی ئەو رێککارانە بکرێت و دەسەڵاتی کارگێری یان هەر دەسەڵاتێك بۆی

نییە کە لەم حاڵەتەدا ئیجتیهاد بکات و ڕێککارێکی دیکە پەیرەو بکات بە پێچەوانەی یاساوە.

**سێیەم:** لە هەندێك دائیرە ئەوە بەدی کراوە کە لەم جۆرە حاڵەتانەدا بەڵێننامە (التعهد) لە فەرمانبەر وەرگیراوە ، کە ئەم ڕێککارەش هیچ سەنەد و پشتێکی یاسایی نییە و ئیجتیهاد کردنە لە بەرامبەر هەبوونی دەقێکی یاسایی ڕاشکاوانەدا.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە ، ڕێگە پێدراو نییە کە دەسەڵاتی کارگێڕیی لەلایەن خۆیەوە ئیجتیهاد بکات بۆ ئەژمارکردنی بڕوانامەی فەرمانبەر بەدەر لەو ڕێگەیەی کە لە خاڵی یەکەمی لای سەرەوە ئاماژەمان پێدا و پێویستە پێش ئەژمارکردنەکە گەرهاتوو گومانی هەبوو لە بڕوانامەکە ، ئاراستەی ئەو لایەنەی بکات کە بڕوانامەکەی دەرکردووە بۆ ئەوەی پشتگیری ڕاستی و دروستی بڕوانامەکە بکاتەوە ، بەپێچەوانەوە نابێت کار بە بڕوانامەی فەرمانبەر بکرێت. هەروەک ئەنجومەنی دەوڵەی عێراقی لە بڕیاری ئاماژەپێکراوی لای سەرەوەیدا دووپاتی کردۆتەوە ((لايجوز اثبات الشهادة الدراسية عن طريق البينة الشخصية)) .

## (٤٨)

## دەربارەی پاساوی بەجێ (العذر المشروع) بۆ دابڕانی فەرمانبەر لە وەزیفە

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (سی و حەوتەم) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و هەروەها ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان، گەرهاتوو فەرمانبەر لە حاڵەتی گواستنەوە راژەکەی یان دوای تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتەکەی یاخود لە حاڵەتی وەزیفەدا دابڕا و نەگەرایەوە سەر وەزیفەکەی بۆ ئەو ماوانەی کە لە حوکمەکانی هەردوو مادده و یاساکەدا هاتووە، ئەوا گەرهاتوو پاساوی بەجێی نەبوو، بە دەستلەکارهەڵگرتوو دادەنرێت (مستقیل) کە ئەمەش پێی دەگوترێت (الاستقالة الحكمية) ، بۆ تاوتوێکردنی بابەتی پاساوی بەجێ لە خوارەوە بە چەند خاڵێك روونکردنەوە دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** دابڕانی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی لەو حاڵەتانەی کە ئاماژەمان پێدا و بێ هەبوونی پاساوی بەجێ، ئەوا بە تەواوبوونی ئەو ماوانەی یاسادانەر دەستنیشانیکردووە و بریتییە لە (٥) پێنج رۆژ بۆ حالەتی گواستنەوەی راژە لە نێوان لەکارترازان و دەستبەکاربوون و هەروەها (١٠) رۆژ لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی و پەیوەندی نەکردنەوەی، یان دابرانی لە وەزیفە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ ، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە بە دەستلەکارهەڵگرتوو (مستقیل) دادەنرێت.

**دووەم:** دەرکردنی فەرمانی بەدەستلەکارهەڵگرتوو دانانی فەرمانبەر (اعتبار الموظف مستقيلا) لەو حاڵەتانەی لای سەرەوە بە حوکمی قانون دەبێت و تەنانەت ئەگەر هاتوو دائیرەکەش فەرمانەکەی دەرنەکرد، ئەوا فەرمانبەرەکە بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی (تلقائی) سیفەتی فەرمانبەرێتی لەدەستدەدات و پەیوەندی بە وەزیفەکەیەوە نامێنێتەوە و دەرکردنی

فەرمانی بەدەستلەکارهەڵگرتوو دانان تەنها بریارێکی ئاشکراکارە (کاشف) بۆ دەرخستنی ئاسەوارەکانی حوکمی یاساکە .

**سێیەم:**گەر هاتوو فەرمانبەر عوزرێکی مەشروعی هەبوو وەك پاساو بۆ دابرانی لە وەزیفەکەی و بەڵگەی تەواوی هەبوو کە عوزرەکەی دەسەلماند، ئەوا دەبێت فەرمانبەر دوای ئەوە کە عوزەرەکەی نەما بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی و داوای هەڵوەشاندنەوەی بریاری کۆتایی هاتنی راژەکەی بکات پاڵپشت بەو بەڵگانەی کە لەبەردەستیدایە، لەم حاڵەتەدا دەبێت فەرمانبەرەکە بیری لای وەزیفەکەی بێت و دەستبەجێ پەیوەندی بکاتەوە .

**چوارەم:** گەر هاتوو دائیرەکەی بەڵگەی فەرمانبەرەکەی پەسەندکرد و بروای پێکرد و لە راستی و دروستی بەڵگەکان دڵنیابوویەوە ، ئەوا لەم کاتەدا دەتوانێت فەرمانی بەدەستلەکارهەڵگرتوودانانی فەرمانبەرەکە هەڵوەشێنێتەوە و فەرمانبەرەکە بگەرێتەوەسەر وەزیفەکە، بەڵام گەر بروای بە بەڵگەکانی نەبوو ئەوا لەم کاتەدا داواکاری فەرمانبەرەکە رەتدەکاتەوە.

**پێنجەم :** فەرمانبەرەکە دەتوانێت لەپاش رەتکردنەوەی داواکەی تانە لە بریاری رەتکردنەوەکە بدات لەبەردەم قەزای تایبەتمەند و لەم کاتەشدا دادگای تایبەتمەند دەروانێتە بەڵگەکانی فەرمانبەرەکە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات و گەر بروای پێی هەبوو ئەوا بریار دەدات بە هەلوەشاندنەوەی بریاری رەتکردنەوەی بەلگەکانی فەرمانبەرەکە لەلایەن دائیرەکەیەوە و گەرانەوەی فەرمانبەرەکە بۆ سەر وەزیفەکەی ، لەم بارەیەشەوە چەندین بریاری دادگامان هەیە کە دانی بەو بەلگانەدا ناوە فەرمانبەرەکە پێشکەشی کردووە، بۆ نمونە حالەتی بە زۆر راگوێزرانی هاولاتیان (التهجير القسری) یان داگیرکردنی شارەکان لە لایەن رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە وەك ئەوەی لە دواین بریاری دادگای باڵای کارگێری لە عیراق ژمارە(٢٣٧٩/ قەزای فەرمانبەران/ پیداچوونەوە/٢٠١٧

له ٢٠١٨/٣/٨) هاتووه و بۆ ئەوە ریشتووه کە بارودخی لە توانابەدەر (الظروف القاهرة)کە رێگربێت لەپەیوەندی کردنی فەرمانبەر بەوەزیفەکەی بە پاسای بەجێ (عذر مشروع) دادەنرێت[١٩].

**شەشەم:** لە حوکمەکانی هەردوو مادەی تایبەت بەم بابەتە ، یاسادانەر لایەنێکی تایبەتمەندی دەستنیشان نەکردووە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بەڵگانەی کە فەرمانبەرەکە دەیخاتە روو بۆ سەلماندنی هەبوونی پاساوی بەجێ وەك هۆکارێك بۆ دابرانەکەی، بۆیە بڕوامان وایە ئەگەر دائیرەی فەرمانبەرەکە قەناعەتی ئەو بەلگانە کرد کە فەرمانبەرەکە دەیخستە روو ئەوا دەتوانێت بریار بدات بە هەلوەشاندنەوەی بریاری بەدەستلەکار هەڵگرتوو دانانەکە و ئەگەر قەناعەتی بەبەلگەکانیش نەبوو ئەوا دەتوانێت رەتی بکاتەوە بۆ ئەوەی بریاری کۆتایی لەم بارەیەوە لە دادگای تایبەتمەندەوە دەربچێت.

---

[١٩]تعد عذرا مشروعا الظروف القاهرة التي تمنع الموظف من الالتحاق بدائرته. المبدا القانونى في قرار المرقم (٢٣٧٩/قضاء الموظفين- تمييز/٢٠١٧ في ٢٠١٨/٣/٨) والمنشور في قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، منشورات مجلس الدولة ، بغداد، ٢٠١٩ ص٥٠٩.

## (٤٩)

## ميكانيزمی دابەزاندنی دەسەلات لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە

لە هەموو وەزارەتەکاندا و بەمەبەستی کار ئاسانی و چڕ نەبوونەوەی دەسەلاتەکان لە وەزارەتدا، بە فەرمانی وەزاری دەسەلات دادەبەزێنرێت بۆ بریکاری وەزارەت یان بەرێوەبەرەگشتییەکان یان هەر بەرێوەبەرێکی دیکە کە پێویست بەوە بکات دەسەلاتی بۆ دابەزێنرێت، بەمەبەستی بەرچاو روونی زیاتر و شێوازی دابەزاندنی ئەو دەسەلاتانە، لە خوارەوە بە چەند خاڵێك سەرنجی خۆمان تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** دەبێت دەقێک لە یاسای وەزارەتەکەدا هەبێت کە رێگەی دابێت بە دابەزاندنی دەسەلاتەکە چونکە ئەم جۆرە دەسەلات پیدانە بە شێوازی (تفویض) دەبێت و مەرجی (تفویض) بریتییە لەوەی کە دەقێکی یاسای رێگەی دابێ بە دابەزاندنی دەسەلاتەکە ، لەسەر ئەم بنەمایەش دەبینین کە لە یاسای تایبەتمەندی وەزارەتەکاندا بە دەق هاتووە کە وەزیر دەتوانێت بەشێك لە دەسەلاتەکانی دابەزێنێت بۆ بەرێوبەرە گشتییەکان یان هەر بەرێوەبەرێکی دیکە کە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی پێویست بە دابەزاندنی دەسەلات بکات لە وەزارەتەوە ، لەسەر ئەم بنەمایەش دەسەلاتەکانی دادەبەزێنرێت، خۆ گەرهاتوو ئەم دەقە نەهاتبێت لە یاسای وەزارەتەکەدا، ئەوا دبەزاندنی دەسەڵاتەکە کێشەی قانونی بۆ دروست دەبێت.

**دووەم:** دەبێت ئەو دەسەلاتەی شۆر دەکرێتەوە دەقێکی یاسایی نەبێت کە رێگری لە شۆربوونەوەی بکات، بۆ نمونە لە هەندێك یاسای تایبەتمەندا هاتووە کە دەسەڵاتی فڵانە کاری یاسایی لەلایەن وەزیرەوە مومارەسە دەکرێت و دەسەلاتێکی شەخسیە و ریگە پێدراو نیە ئەو دەسەلاتە دابەزێنریت بۆ خوارەوە، بۆ نمونە بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/هەشتەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی

گشتی ژماره (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دەسەلاتی سەپاندنی سزای عەزلکردن لە دەسەلاتە شەخسیەکانی وەزیرە، لە سەر ئەم بنەمایەش بەهیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە کە ئەم دەسەلاتە جگە لە وەزیر هیچ فەرمانبەرێکی دیکە مومارەسەی بکات.

**سێهەم:** لە هەندێك یاسادا بەدەق هاتووە کە فلان دەسەلات لەلایەن وەزیر یان ئەوەی وەزیر دەسەلاتی پێدەدات مومارەسە دەکرێت، واتە لێرەدا دەرگای کردۆتەوە بۆ ئەوەی وەزیر دەسەلاتەکە بدات ، بۆ نمونە لە ئەحکامی ماددەی (٢١)ی یاسای بەرزەفتەکردندا هاتووە کە وەزیر یان ئەو کەسەی وەزیر دەسەلاتی پێدەدات دەتوانن سوپاس و پێزانین ئاراستەی فەرمانبەر بکەن، واتە لێرەدا یاساکە بە دەق ڕێگەی داوە بە دابەزندنی دەسەلاتەکە و مومارەسەرکردنی لەلایەن فەرمانبەرێکی دیکەوە ، کە لێرەدا دەستی وەزارەت دەکاتەوە لە پێدانی دەسەلاتەکە.

**چوارەم:** لە هەندێك یاسادا هەندێك دەسەلات ڕاستەوخۆ دراوە بەبریکاری وەزارەت یان بەرێوەبەری گشتی، واتە لێرەدا سەرچاوەی پێدانی دەسەلاتەکە بەو کەسانە پێش وەزیر، دەقی ئەو یاسا تایبەتەیە، کە لێرەدا وەزیر ناتوانێت ئەو دەسەلاتە شۆر نەکاتەوە ، چونکە پێشتر دەقی یاساکە داویەتی و شۆرکردنەوەی دەسەلاتەکە لەلایەن وەزیرەوە تەنها وەک بڕیارێکی ئاشکراکار دەردەکەوێت ، واتە لێرەدا وەزیر دەسەلاتی کۆت و بەندکراوە (مقیدە) و دەبێت دەسەلاتەکە بدات، بەپێچەوانەوەی گەرهاتوو وەزیرئەو دەسەلاتە نەدات بەو بریکارە یان بەرێوەبەرەگشتییەکە کە یاساکە دەسەلاتی پێداون، ئەوا ئەو بریکاری وەزارەتە یان بەرێوەبەرگشتیەکە دەتوانن مومارەسەری ئەو دەسەلاتە بکەن چونکە ڕاستەوخۆ دەسەلاتەکەیان لە یاساوە وەرگرتووە با وەزیریش نەیدات، وەك دەسەلاتی سەپاندنی سزاکانی (سەرنج ڕاکێشان و ئینزار و مووچە

برین بۆ ماوەی پێنج رۆژ و سەرزەنشتکردن) ئەمەش بەگوێرەی ئەحکامی مادەی (١٢) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت.

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە باشتر وایە لە کاتی دابەزاندنی دەسەلاتەکاندا رەچاوی دەسەلاتە شەخسیەکانی وەزیر بکرێت لەگەل ئەو دەسەلاتانەی کە یاسا راستەوخۆ داویەتی بە بریکاری وەزارەت یان بەرێوەبەری گشتی ، ئەمە سەرەرای رەچاوکردنی ئەو حالەتەی کە یاساکە بە دەق باسی لە مومارەسەی دەسەلاتێک کردووە لەلایەن وەزیر یان ئەوەی وەزیر دەسەلاتی پێدەدات.

## (٥٠)
## دەربارەی ئەژمارکردنی بڕوانامەی بەدەستهاتوو لە ماوەی مۆڵەتی هاوڕێیەتیدا

هەندێکجار خانمە فەرمانبەر بەپێی مۆڵەتی هاوڕێیەتی (الأجازة المصاحبة) لەگەل هاوسەرەکەی کە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بروانامەی خوێندنی باڵا مۆلەتی خوێندنی وەرگرتووە، دەرواتە دەرەوەی وڵات و شانبەشانی هاوسەرەکەی دەخوێنێت و بروانامەی بەدەستدەهێنێت، لێرەدا ئەو پرسیار دێتە ئاراوە کە ئایا بروانامەی بەدەستهاتووی ئەو خانمە فەرمانبەرە لەلایەن دائیرەکەیەوە ئەژمار دەکرێت؟ ئایا دائیرەکەی پابەندە (ملزم) بە ئەژمارکردنی ئەو بروانامەیە یاخود دەسەلاتی تەقدیری هەیە؟ لەم بارەیەوە لە خوارەوە چەند سەرنجێك دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** ریشەی مۆڵەتی هاوڕێیەتی دەگەرێتەوە بۆ ئەحکامی بەندی (٤) لە مادەدەی (٤٤) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، کە بەگوێرەی ئەو ماددەیە ، خانمە فەرمانبەر مافی هەیە پەیوەندی بە هاوسەرەکەیەوە بکات کە درێژ بە خوێندن دەدات لە دەرەوەی وڵات.

**دووەم:** بە گوێرەی بریاری ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٨٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە)، ئەو خانمە فەرمانبەرەی کە مۆڵەتی هاوڕێیەتی وەرگرتووە بەگوێرەی ئەحکامی بەندی (٤) لە ماددەی (٤٤)ی یاسای راژەی شارستانی ، رێگە پێدراوە لەسەر خەرجی خۆی بخوێنێ و بروانامەی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) بەدەست بهێنێ و ماوەی خوێندنەکەیشی بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە بۆ ئەژمار بکرێت، گەرهاتوو بروانامەیەکی بەدەستهێنا کە متمانە پێکراوبوو، لەگەل رەچاوکردنی مەرجەکانی دیکەی هاتوو لە بریاری ژمارە(١١١)ی ساڵی ١٩٨٠ وەک مەرجی تایبەت بە ماوەی بەدەستهێنانی بروانامەکە و

گەرانەوەی لەگەل هاوسەرەکە لەگەل تەواوبوونی ماوەی مۆلەتی هاوسەرەکەی.

**سێیەم:** بەگوێرەی بریاری ژمارە(١٢٨٣)ی سالی ١٩٨٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەلوەشاوە) سەرجەم ماف و ئیمتیازەکانی پێدراو بەو خانمە فەرمانبەرەی مۆلەتی هاوڕێیەتی وەرگرتووە هەلوەشاوەتەوە ، بەڵام لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراق لە هەردوو بریاری ژمارە (٢٠١٧/١ لە ١/ ٢/ ٢٠١٧) [٢٠] و هەروەها بڕیاری ژمارە (١٤١١ لە قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە/٢٠١٨ لە ١١/ ١٠/ ٢٠١٨) [٢١] دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کەرێنمایی ژمارە (١٣٠)ی سالی ١٩٨٠ رێنمایی جێبەجێکردنی بریاری ژمارە (١٢٨٣) ئەو ماف و ئیمتیازانەی هەڵوەشاونەتەوە دیاریکردووە کە لە نێویاندا ئەژمارنەکردنی بروانامەی خانمە فەرمانبەری تیا نەهاتووە. کە لە ماوەی مۆلەتی هاوڕێیەتیدا بەدەستی هێناوە .

**چوارەم:** ئەنجومەنی دەولەی عێراقی دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە هەڵنەوەشانەوەی ئەژمارکردنی بروانامەی خانمە فەرمانبەر بە گوێرەی رێنمایی ئاماژە پێکراو، بەلگەی پابەندکردنی ئیدارە نییە بە ئەژمارکردنی بروانامە بەدەستهاتووەکە ، بەلکو لەم حالەتەدا دائیرە دەسەلاتی تەقدیری هەیە لە ئەژمارکردنی بروانامە بەدەستهاتووەکە یان پشتگوێ خستن و

---

[٢٠] ان الغاء الحقوق والامتيازات الممنوحة للتمتع بأجازة المصاحبة لاينصرف الى احتساب الشهادة التي حصل عليها أثناء التمتع باجازة المصاحبة. المبدا القانونى في قرار المرقم (٢٠١٧/١٠ في ٢٠١٧/٢/١) والمنشور في قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، منشورات مجلس الدولة ، بغداد، ٢٠١٨ ص٥٨.

[٢١] للإدارة احتساب الشهادة التي يحصل عليها الموظف أثناء تجازة المصاحبة الزوجية . في قرار المرقم ( ١٤١١/ قضاء الموظفين – تمييز/٢٠١٨ في ٢٠١٨/١٠/١١) والمنشور في قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، منشورات مجلس الدولة ، بغداد، ٢٠١٩ ص٤٤٧.

ئەژمارنەکردنی، بەلام بەشێوەیەکی گشتی ڕێگری یاسایی نییە لە ئەژمارکردنی بروانامە کە لەلایەن ئیدارەوە لەبەر ڕۆشنایی پێداویستی بەو بروانامەیە.

# سەرچاوەکان

١- د. عادل مصدق طالب، الوسيط في الخدمة المدنية، الجزء الأول، ط١، منشورات دارالسنهوري، بغداد، ٢٠١٥.

٢- د. عثمان ياسين علي، الدور الاستشاري لمجلس شورى اقليم كوردستان –العراق، ط١، مطبعة شهاب،منشورات دار موكريان للنشر والطبع، اربيل، ٢٠١٨.

٣- د. غازي فيصل مهدي، شرح أحكام قانون التتقاعد الموحد رقم ٩ لسنة ٢٠١٤، منشورات مكتبة القانون والقضاء، ط١، بغداد، ٢٠١٤.

٤- د. غازي فيصل مهدي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم١٤ لسنة ١٩٩١ ، موسوعة القوانين العراقية ، بغداد، ٢٠٠٦.

٥- المبادئ القانونية في قرارات و فتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان العراق ٢٠٠٩ -٢٠١١ منشورات مجلس شورى اقليم، ط١، مطبعة الحاج هاشم ، اربيل ، ٢٠١٢.

٦- قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١١، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة ، بغداد، ٢٠١٢ .

٧- قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة ، بغداد، ٢٠١٤ .

٨- قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام٢٠١٥ ،ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٦.

٩- قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام٢٠١٦ ،ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٧.

١٠- قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧،ط١، منشورات مجلس الدولة ، بغداد، ٢٠١٨

١١-قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، ط١، منشورات مجلس الدولة ، بغداد، ٢٠١٩ .

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن

ژمارە :
رۆژ:  /   /کوردی ٢٧١٩

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية
ژمارە : ٢٢٧٥
بەروار : ٢١/ ١/ ٢٠١٩

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
رۆیشتوو

بۆ/ چاپخانەی یاد

بابەت / ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣

ژمارەی سپاردنی( ٢٦٢٦ ) ی ساڵی ٢٠١٩ تەرخانکراوە بۆ کتێبی (دەربارەی وەزیفەی گشتی کتێبی سێیەم ) کە لە نووسینی ( عەبدول قادر ساڵح عەبدول )ە، بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانە ، کە بابەتەکەی ( یاسایی )ە، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکرێت.

لەگەڵ رێزماندا

فەرمانبەری رێپێدراو

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە /
رۆژ / / ٢٠

ئالان محمد رؤوف
بەڕێوەبەر

تێبینی:

| |
|---|
| ١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە.<br>٢- هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.<br>٣- ئەم نووسراوە سکان بکرێت ولە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا دابنرێت . |

وێنەیەك بۆ/

- دوسیەی سپادرن

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com
ژمارەی تەلەفۆن/ ٣٢٠٢٧١٦